



گوڵان
ژماره (٧٦٢)
٢٠٠٩/١٢/٢٨



## ئیدارەی بوش شەڕی بردەوەو
## لەبونیادنانەوەی عێراق شکستی هێنا

# بنەمای سەرکەوتنی بونیادنانەوە
# پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەو
# یەکسانی ئەرک و مافە

سیاسی
گولان
ژمارە (٧٦٢)
٢٠٠٩/١٢/٢٨

زۆر لەچاودێرانـــی ڕۆژئـــاوا ســـەرکەوتنی هێزەکانی بەریتانیان لەبەسراو باشوری عێراق بۆ شکستی ئەمەریکا لەبەغدا و ناوەڕاستی عێـــراق بۆ ئەوە دەگێڕایەوە، بەریتانییەکان لە عێراق خاوەنی ئەزموونن و لە سایکۆلۆژیەتی عێراقییەکان تێدەگەن، بۆیە ئەگەر ئەمەریکا لەباشور و بەسرا بووایە و بەریتانیا لە بەغدا و ناوەڕاســـتی عێراق، ئەوا بەغدا و ناوەڕاست ئارام دەبوو، کێشـــەکە دەکەوتە باشورو بەسرا، بـــەڵام موقتەدا ســـەدر ئەم بـــۆ چوونەی چاودێرانی ڕۆژئـــاوای پێچەوانە کردەوە کە مەسەلەکە پەیوەندی بەئەزموونی بەریتانیاو بـــێ ئەزموونـــی ئەمەریکاوە نییـــە، بەڵکو پەیوەندی بە سروشتی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقەوە هەیە کە پێش هەموو شـــت خۆیان بە خاوەنی ناســـنامەی عێراقیبوون نازانن و هەر کاتێك دەرفەت دروســـت بێت بۆ ئەوەی ئەو ناعێراقیبوونەی خۆیان پیشانبدەین، ئەوا وەك بینمان بەســـراش وەك بەغـــدا ئاژاوەی تێکەوت.

لایەنێکـــی دیکە کە ئەویش هەر ئاکامەکەی پێچەوانەکردنەوەی بۆچوونەکانی ئەو چاودێرە ڕۆژئاوایـــە کـــە جەخت لەســـەر ئەزموونی بەریتانیـــا دەکەنـــەوە، مامەڵـــەی ژەنەراڵ پەتریـــۆس بـــوو لەگەڵ عەرەبی ســـونەی عێراق و دروستکردنی هێزەکانی سەحوە بوو، کەئەویش پیادەکردنـــی ئەزموونی بەریتانیا بوو، بۆ پشـــتکردن لە دیموکراتی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چەسپاندی سەقامگیری.

ئاکامە سەرەتاییەکانی دروستکردنی هێزەکانی ســـەحوەو کەمکردنەوە هێزەکانـــی ئەلقاعیدە لە ڕومـــادی ئیدارەی بوشـــی گەیاندە ئەو قەناعەتەی تەواو کە کلیلی ســـەرکەوتن لە عێراقدا پیادەکردنەوەی ئەزموونی بەریتانیایە بـــۆ کۆنترۆڵکردنەوەی عێـــراق، ئەمە وای لەســـەرۆك بوش کرد، بەفرۆکە لە شـــاری ڕومادی دابەزێت و ســـەردانی شـــێخ ستار ئەبو ریشـــە بکات و هەموو پشتگیرییەکی ئەمەریکای بۆ دەربڕێـــت، بەڵام بۆ ئەوەی بوش زۆر بەم ســـەردانەی دڵخـــۆش نەبێت هەر دوای ڕۆشـــتنی بوش لـــە ڕومادی بۆ ڕۆژی دوایی شێخ ستار ئەبوریشە تیرۆر کرا، تیرۆکردنی شێخ ستار ئەبو ریشە، ئاکامێکی چاوەڕوانکرابوو، کە سیاســـەتی بەریتانیا بۆ بونیادنانەوەی عێراق نەك هەر ئێســـتا هەڵە بـــووە بەڵکو ئەو سیاســـەتەی بەریتانیا هەر لەسەرەتاوە عێراقێکی وەك دەوڵەتێکی فاشیل دامەزرانـــدوو ئـــەوا نزیکەی ١٠٠ بەســـەر ئەو سیاســـەتە تێدەپەڕێت ئێســـتاش عێراق جارێکی دیکە هەر ئەو دەوڵەتە فاشیلەیە کە لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی بەریتانیا دروستکرا.

**ئەگەر ئەمەریکا لەباشور و بەسرا بووایە و بەریتانیا لە بەغدا و ناوەڕاستی عێراق، ئەوا بەغدا و ناوەڕاست ئارام دەبوو**

ئەزموونی سیاسەتی بەریتانیا تەنها بۆ عێراق هەڵـــە دەرنەچووە، بەڵکو لە نـــاو دەوڵەتانی کۆمنویلیســـی بەریتانیا نموونەی فاشیلی وەك پاکســـتان هەیە کە ئێمە باســـی ئەویان ناکەین و ئاماژە بە ئەزموونە سەرکەتووەکەی دەکەین کە هۆنك کۆنگە،ڕاستە هۆنك کۆنگ لەڕووی ئابوورییەوە بەرەو پێشەوە چوونی بە خۆیەوە بینیوەو خاوەنی سیستمێکی ئیداری هاوشـــێوەی بەریتانیایـــە، بـــەڵام لەڕووی سیاسییەوە شـــتێکی ئەوتۆی لەگەڵ چین جیـــاواز نییە، خۆ ئەگەر سیســـتمی هۆنك کۆنگ سەرکەتوو بووایە دەوڵەتانی ئاسیان( پڵنگەکانـــی ئاســـیا) یەکێکیان لاســـایی دەکردەوە، بۆیە هەر لەتەنیشـــت هۆنكکۆنگەوە هەموو دەوڵەتانی ئاسیان لاسایی ئەزموونی ژاپۆنیان کردەوە، کە دەستورەکەی ئەمەریکا دایڕشتووە، لێرەدا مەبەســـتمان ئەوە نییە بە ئەزموونـــی ژاپۆندا هەڵبلێن و بڵێین دەبوو لە عێراقیش هەمـــان ئەزموون دووبارە بکرایەوە، نەخێـــر لەبەر ئەوەی وەك پرۆفیســـۆر لاری دایمۆنـــد ڕاوێژکاری بونیـــادی دیموکراتی بۆ دەســـەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراقدا لەبەر دەم کۆنگرێس ئامـــاژەی پێکردوو لە دیمانەیەکـــی تایبەتی گوڵانیشـــدا دووبارە تەئکیدی لەســـەر کردەوە، هۆکاری سەرەکی فەشـــەلی ئەمەریکا لە بونیادنانەوەی عێراق ئەوە بوو، لەســـەرەتادا هەوڵیـــدا ئەزموونی ژاپۆنی لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە، ئەم دوو حاڵەتە پێمان دەڵێت کۆپیکردنەوەی ئەزموونی ژاپۆن لە عێراقـــدا هێندەی دووبارەکردنەوەی ئەزموونـــی بەریتانیا لـــە عێراقدا جێگەی مەترسی بووە،. ڕاستە ئەمەریکا لە عێراقدا کەم ئەزموون بوون، بەڵام ئەوانەشـــی گوێی لێگرتـــن بۆ بونیادنانەوەی عێراق بە تایبەتی بەریتانیـــا و ســـعودییە ڕێنمایـــی باشـــی ئەمەریکایان نەکردوو ئەزموونەکەی بەریتانیا تەواو تەواو لەگەڵ ئەو ئەزموونەی سعودییە یەکدەگرێتەوە کە داوای ئیدارەیەکی پتەو لە چوارچێـــوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێزدا دەکات، ئـــەم دەوڵەتـــە مەرکەزییەش لەژێر دەســـەڵاتی کەمینەیەکدا بێـــت کە ئەویش عەرەبی ســـونەی عێراقە، بەهەرحاڵ ڕاستە ســـەرکەوتنە کاتییەکانی دووبارە کردنەوەی ئەزموونی بەریتانیا لە ڕومادی و پاشـــانیش لە شارەکانی دیکەی عەرەبی سونەی عێراق، مەدالیای سەرکەوتنی لەیەخەی پەتریۆسدا و هێزەکانی ئەلقاعیدەی لە عێراقدا کەمکردەوە، بـــەڵام نابێت ئـــەو ڕاســـتییەش لەبەر چاو نەگریـــن، کە لەبری هێزەکانـــی ئەلقاعیدە، کۆمەڵێك تیرۆیستی هاوشێوەی ئەلقاعیدەیان لە ناو عەرەبی ســـونەی عێراقدا دروستکرد، کە نەك هەر کارە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە دووبارە دەکەنەوە، بەڵکـــو داهێنانیان لە کارە تیرۆریستییەکاندا کردووە و کاری تیرۆریستی ترسناکتر لە عێراقدا ئەنجامدەدەن، وەك ئەوەی لە ڕۆژی چوارشەمەی خوێناوی ئەنجامیاندا و ئەوەشـــی دوای دەرچوونـــی یاســـای هەڵبژاردنەکان ئەنجامیاندا،ســـتیفن بیدل کە ڕاوێژکاری پێنتاگۆن و ڕاوێژکاری ستراتیژی ژەنراڵ پەتریۆس بوو لە عێراق بۆ ئەم ڕاپۆرتە جارێکی دیکە بەشداری کردووین و لەکاتی ڕوودانی کارە تیرۆریستییەکانی چوارشەمەی خوێناویشـــدا بە گوڵانی ڕاگەیاند، کە ئەو کارە تیرۆریســـتیانە پەیوەندی بەرێکخراوی ئەلقاعیـــدەوە نییـــە و ئەنجامدەرانـــی ئەو عێراقیانەن کە ئێستان لە دەوڵەتانی دراوسێ بە تایبەتی سوریا نیشتەجێن ئەنجامیانداوە، ئەمە لایەنێکی گرنگی کێشەکەمان بۆ دەخاتە ڕوو،کە پێویستە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق خاوەنی نەخشەیەك بێت و بێجگە لە هاوکاری ئەمەریکا، هـــاوکاری دەوڵەتانی هاوپەیمانان و دەوڵەتانی عێراقیشی لەپشتەوە بێت، بەڵام لەبـــەر ئەوەی ئیدارەی بـــوش نەیتوانی ئەم زەمینەیە بڕەخســـێنێت، دوو پۆستی ئیدارەی ئەمەریکی بەســـەر چوو بـــەڵام بارودۆخی عێراق خراپتر بوو باشتر نەبوو، لێرەدا گرنگە کورد وەك فاکتەری ســـەرەکی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقدا هەروەك چۆن ڕۆڵێکی گرنگی لەدەسپێکی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقە دەکرێت ئێستاش لەسەر هەمان هەوڵ بەردەوام بێت، بەڵام دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان و سەرخســـتنی پرۆسەی سیاسیدا تەنها بەرژەوەندی ئایندەی عێراق لەبەرچاو بگیرێت، نەك بەرژەوەنـــدی ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەت، دانیـــاڵ بایمان و کینس پۆلاك کە ئەو دوو کەســـە پسپۆرە دیارە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمەریکان لە ســـاڵی ٢٠٠٦ ئیدارەی بوشـــیان ئاگادارکردەوە، بەبەراورد لەگـــەڵ ئـــەو ئامانجانەی کـــە ئەمەریکا دەیەوێـــت لە عێراقـــدا بەدەســـتی بهێنێت، ئەمەریکـــا لەبـــەردەم پێنج ڕێگـــە چارەی خراپدایـــە(Five bad option)، بۆیە

**سیاسەتی بەریتانیا بۆ بونیادنانەوەی عێراق نەک هەر ئێستا هەڵە بووە بەڵکو ئەو سیاسەتەی بەریتانیا هەر لەسەرەتاوە عێراقێکی وەک دەوڵەتێکی فاشیل دامەزراندوو**

گرنگە ئیدارەی بوش لە ناو ئەم پێنج ڕێگە چارەیەدا ئەوەیان هەڵبژێرێت کە بەکەمترین زیان تەواو دەبێت، بۆیە هەموو ئەو هەڵانەی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقدا ڕوودەدەن، زیاتر پەیوەندی بەکەم ئەزموونی و نەشارەزایی سیاسەتی ئەمەریکاوە هەیە و لەسەردەمانی شەڕی ساردا عێراق لە سیاسیەتی ئەمەریکادا بایەخێکی ئەو تۆی پێنەدراو لە دوای کۆتایی هاتنی شەری ساردیش بە ڕێنمای ئەردەن و سعودیە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق داڕێژاوە، سەبارەت بە ڕۆڵی تورکیا لەسیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق لەبەر ئەوەی ستراتیژییەتی تورکیا لە سەردەمانی شەڕی سارد وەك ئەندامێکی ناتۆ زیاتر ئاراستەیەك بۆ ئیحتواکردنی یەکێتی سۆڤییەت و کەمتر ڕووی لە ڕۆژهەڵات و عێراق بووە، بۆیە کاریگەری تورکیا لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق کەمتر بووە و زیاتر کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا هەبووە بەرامبەر بەکورد، بۆیە باڵا دەستی کاریگەری سعودییە و ئەردەن لەسەر داڕشتنی سیاسەتی ئەمەریکا بۆ عێراق زیاتر بەو ئاراستەیە بووە کە زیاتر پشتگیری عەرەبی سونە بکرێت و هەوڵبدریت چەندی ئیمکان دەبێت ئەو سیاسەتە درێژەی هەبێت، هەروەها هەتا ساڵی ٢٠٠٩ یش کە بوش کۆشکی سپی بەجێهێشت، سیاسەتی بوش لەبەرامبەر عێراق لەگەڵ هاوپەیمانی ٢+٦ (( شەش دەوڵەتەکەی کەنداو + ئەردەن و میسر) یەکیدەگرتەوەو هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبوو لایەنی شیعە بەتایبەتی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا لە پرۆسە سیاسییەکە بچووکبکرێنەوە، ئەمەش بەو ئامانجەی نفوزی ئێران لە دەسەڵاتی سیاسیی عێراقدا کەمبکرێتەوەو ڕێگە لەدروستبوونی هیلالی شیعی بەدەوری سعودیە و ئەردەن بگیرێت، بەڵام دەرکەوت ئەمجۆرە سیاسەتە کە بەرژەوەندی عێراقییەکان و ئایندەی عێراق لەبەر چاو ناگرێت و زیاتر لە پێناوی بەرژەوەندی وڵاتانی دیکە سیاسەت بۆ عێراق دادەڕێژرێت، ئەوا ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە عێراق بکرێت بە قوربانی ئەو بەرژەوەندییانەی کە دەوڵەتانی دیکە لە ناوچەکە بۆ سەلامەتی خۆیان پێویستیان پێیەتی.

## بونیادنانەوە ئەرکی عێراقییەکانە بەڵام بەتەنها تیایدا سەرکەتوو نابن

گەورەترین ئاستەنگ کە هەتا ئێستا عێراقییەکانی دووچاری سەرلێتێکچوون کردووەو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئەمەریکاش کەم تازۆر بایەخیان پێنەداوە ئەوەیە، کە هەم عێراقییەکان لەروانگەی ئەو پاشخانە عروبیەی لەسیاسەتی دەوڵەتی عێراقدا ڕەگیداکوتاوەو پێیان وایە هەر دەبێت خۆیان لە پرۆسەکەدا سەرکەتوو بن و هاریکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی بەجۆرێك لەسوکایەتیکردن بە ئیرادەی خۆیان دەزانن، ئەمەریکییەکانیش لە ڕوانگەی ئەوەی لەبەر ئەوەی عێراق خاوەنی دەستورێکەو بەپێی ئەو دەستوور هەڵبژاردن دەکات، ئەوا مافی خۆیانە خۆیان وڵاتی خۆیان بونیادبنێنەوەو ئەو سیستمە هەڵبژێرن کە خۆیان مەبەستیانە، ئەم دوو ڕوانگەیە لە ڕووی تیۆرییەوە، دوو ڕوانگەی زۆر دروستن و هەردەبێت ئەو ڕوانگەیەش لەسەر ئەرزی واقیع پراکتیزە بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە ئەو باردۆخە لەبارە و ئەو تێگەیشتنەی بە شێوەیەکی تیۆری بۆ ئایندەی عێراق باسی لێوە دەکرێت، لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نییەو هەنگاو ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانە دەگرنە بەروو، لەهەموو سیاسەتی عێراقیشدا ئەو جا چ ڕوانگەی سیاسەتی ئەمەریکا بێت بەرامبەر بەعێراق، یان سیاسەتی ئیقلیمی بێت، یان سیاسەتی نێو دەوڵەتی، عێراق بریتییە لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق و بۆ بونیادی سیستمی حکومڕانی ئایندە ئەوەی باسی لێوەنەکرێت بوون و کاریگەری کوردە لە هاوکێشە سیاسییەکەدا، بۆیە لەو کاتانەی کە سیاسەتی ئەمەریکی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەرامبەر بەعێراق دەستەوەستان دەبێت و هیچ چارەسەرێکی پێ نامێنێت، ئەوا سەیر دەکەن گرنگترین توخم لە هاوکێشەی سیاسیی ئێستای عێراقدا سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و هەرێمی کوردستان بووە، پێشتر ئەم توخمە واتە ( هەرێمی کوردستان) بەوجۆرە سەیر دەکرا کە وەك فاکتەرێك بۆ ڕێکخستنەوەی سیاسەتی بەغدا و پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بخرێتە گەڕ و بوونی کورد لە هاوکێشەکەدا بۆ ڕاگرتنی پرۆسەکە بێت نەك هاوبەش و بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئیشکالییەت لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی سیاسەتی ئیقلمی و ئەمەریکی و نێودەوڵەتی لەگەڵ دۆسێی کورد لە عێراقدا،هەوڵی کوردی بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی و میانگیری کورد لە نێوان سونە و شیعە دەیکردە ئەرك بەسەریەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەم ئەرکەی کورد فاکتەرێك بێت بۆ هێشتنەوەی عێراق بەیەکپارچەیی و میانگیری کورد بۆ ئاشتکردنەوەی شیعەو سونە چاویان لەزۆرێك لە مافەکانی کورد دەپۆشی و دەیانکرد بە قوربانی هاوسەنگی و ڕاگرتنی هێزی سیاسیی لە بەغدایە، ئەمە ئەو ئیشکالیەتە بوو کە چارەسەرکردنی ئاسان نەبوو، هەروەها تێگەیشتنیش لێی کارێکی ئاسان نەبوو،بەڵام پاش ئەوەی بوش کۆشکی سپی بەجێهێشت و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بووە ئەمری واقیع بەسەر ئیدارەی ئۆباما و هەوڵەکانی ئیدارەی ئۆباما بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێش ئەوەی هێزەکانی لە عێراقدا بکشێنێتەوە چەند خاڵێك دەرکەوتن کە بێ کورد و ڕۆڵی سەرکردایتی سیاسیی کوردستان لە عێراقدا، نەك هەر ناتوانێت هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت بەڵکو ئەگەر کورد وەك خۆی بە قەوارەی خۆی لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا لەبەر چاو نەگیرێت و ڕێز لە مافەکانی نەگیرێت ئەوا عێراق نەك دیموکراتی و فیدرالی و پەرلەمانی نابێت، بەڵکو عێراق ئەسڵەن هەر ئاییندەی سیاسیشی نابێت، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان زۆر لەنزیکەوە بەحکومی ئەوەی هەفتانە ڕای پسپۆر و دبلۆماتەکانی ئەمەریکا لەسەر کێشەی عێراق و ئاییندەی هەرێمی کوردستان وەردەگرین و بڵاویدەکەینەوە، زۆر بە زەحمەت توانیومانە ئەم واقیعەی کە هەیە و هەمووشمان دەزانین کە عەرەبە عێراقییەکان بەسونە و شیعەوە لەو ئاستە نین بتوانن بە ئاراستەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و پەرلەمانی هەڵبگرن، نەتوانین یان بۆوانەبوون بە دیموکراتی و فیدرالی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندا حاڵەتێك نییە کە عەرەبی عێراق شەرمی لێدەکات ڕاشکاوانە بەجیهانی ڕابگەیەنێت، هەروەها هیچ کەماسیەکیشی بۆ سیاسەتی ئەمەریکا تێدانییە ئەگەر ڕاشکاوانە ئەم ڕاستیانە بەرای گشتی ئەمەریکا بگەیەنێت و ئاگاداریان بکاتەوە کە کێشەکە بەو جۆرەیە و زۆرینەی عەرەبی عێراق بڕوای بەدیموکراتی و فیدرالی نییە.. زۆر ئاساییە ئەمریکییەکان ڕاشکاوانە بەڕای گشتی خۆیان بڵێن، ئێستا عەرەبی عێراق فیدرالییەت کە مانای یەکێتی و یەکگرتنە بە جیابوونەوە و پارچە پارچە بوونی عێراقی دەزانن، باشە لە وڵاتێکدا سیاسەتمەدار و پەرلەمانتار نەك هاوڵاتی ئاسایی یەکێتی و یەکگرتن و پێکەوە ژیانی ئارەزومەندانە بە جیابوونەوەو پارچە پارچە بوونی وڵاتەکەی بزانێت ئایا چ

**ئەو کارە تیرۆریستیانە پەیوەندی بەرێکخراوی ئەلقاعیدەوە نییە و ئەنجامدەرانی ئەو عێراقیانەن کە ئێستان لە دەوڵەتانی دراوسێ بە تایبەتی سوریا نیشتەجێن ئەنجامیانداوە**

**کاریگەری تورکیا لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق کەمتر بووە و زیاتر کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا هەبووە بەرامبەر بەکورد**

ئومێدێك هەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی لەو وڵاتەدا سەركەتوو بێت.

**كورد فاكتەری سەركەوتنی پرۆسەی ئازاد كردنی عێراق بوو فاكتەری سەرەكی سەركەوتنی فیدرالی و دیموكراتیش دەبێت**

عێراق ئارامی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێت هەتا لەسەر بنەمای پێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانە سیستمێكی فیدرالی و دیموكراتی دانەمەزرێنێت، دامەزراندنی ئەم سیستمە هێندە پەیوەندی بە هەرێمی كوردستانەوە هەیە، كە خەڵكی هەرێمی كوردستان خۆی بریاربدات ئەو هەرێمەی دەیەوێت تیابژی چەند پارێزگا بێت، ئەمە بۆ عەرەبی سونە و عەرەبی شیعەش رەوایە، بەڵام فەرز بكرێت لەبەرئەوەی عەرەبی سونە یان عەرەبی شیعە دەیانەوێت هەر پارێزگایەك هەرێمێك بێت و فەرزە هەر پارێزگایەكی هەرێمی كوردستانیش هەرێمێك بێت و هەرێمی كوردستان وەك ئەوەی خەڵكەكەی بە جیاواز نەتەوە و ئایینەوە داوای دەكات نەمێنێت، ئەوا ئەمە كارێكە قابیلی قبوڵ كردن نییە و دەبێت ئەمەریكاش رێگە نەدات لەسەر ئاستی سیاسەتی لۆكاڵی حكومەتی عێراق پێكهاتەیەك شێوازێك بەسەر پێكهاتەیەكی دیكەی عێراقدا فەرز بكات.

كورد پێی خۆش نییە عەرەبی عێراق لەسەر ئاستی مەزهەبی شیعەو سونە لێكجیابكرێنەوە، لەبەر ئەوەی كە ئەم دابەشكردنە بووە دابەشكردنی مەزهەبی ئەوا هیچ ئیعتبارێك بۆ ناسنامەی نەتەوەیی كوردستان نامێنێتەوە، نازانرێت كورد لە عێراقە خۆی بە سونە پێناسە بكات یان بەشیعە، لەبەر ئەوەی رێژەیەكی گەورەی كورد لە عێراقدا شیعەن ( وەك كوردی فەیلی ) باشە دەكرێت بەشێكی كورد لەسەر شیعە حسابێت و بەشێكی دیكەی لەسەر سونە، ئەمە هەرگیز قبوڵ ناكرێت بۆیە باشترە هەموو لایەك بۆ رێگە ئاسانەكە بگەرێن و عەرەبی عێراق بەشیعەو سونەوە رووبەرووی واقیعێكی تازە بكرێنەوە وەك:

١- كوردستانییەكان لە چوارچێوەی عێراقدا ئازادن چۆن بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن، بەهەمان شێوە عەرەبی عێراقیش ئازادن چۆن بریار لەسەر چارەنووسی عێراق دەدەن، واتە دەكرێت عێراق تەنها دوو هەرێم، هەرێمی كوردستان و هەرێمی عەرەبی عێراق و بەغدا پایتەختی ئەو حكومەتە فیدالییە بێت كە هەردوو هەرێمەكە كۆدەكاتەوە، یان دەكرێت عێراق ١٥ هەرێم بێت ( هەرێمی كوردستان+ ١٣ پارێزگاكە هەریەكی هەرێمێك+ بەغداش وەك پایتەختی حكومەتی فیدالی یەكپارچەیی دەوڵەتە فدرالییەكە بپاریزێت) یان دەكرێت ٥ هەرێم بێت كوردستان هەرێمێك، عەرەبی سونە هەرێمێك، شیعە دوو هەرێم و بەغداش هەرێمێك بێت.كورد بەهەموو ئەم چارەسەرانە رازییە بەمەرجێك هیچ لایەك شێوازێك بەسەر لایەكی دیكە فەرز نەكات.

٢- دەكرێت ئەمەریكا وەك شاهید و میانگیر هانی عەرەبی عێراق بدات خۆیان رێكبخەنەوە



لەبەر ئەوەی عێراق خاوەنی دەستورێكەو بەپێی ئەو دەستوور هەڵبژاردن دەكات، ئەوا مافی خۆیانە خۆیان وڵاتی خۆیان بونیادبنێنەوەو ئەو سیستمە هەڵبژێرن كە خۆیان مەبەستیانە


كورد پێی خۆش نییە عەرەبی عێراق لەسەر ئاستی مەزهەبی شیعەو سونە لێكجیابكرێنەوە، لەبەر ئەوەی كە ئەم دابەشكردنە بووە دابەشكردنی مەزهەبی ئەوا هیچ ئیعتبارێک بۆ ناسنامەی نەتەوەیی كوردستان نامێنێتەوە

بەو شێوازەی خۆیان دەیانەوێت و دەست لەو مافانە وەرنەدەن کە دەستووری عێراق بۆ هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە.
٣- کاتی ئەوە هاتووە پێ لەسەر ئەوە دانگیرێت دەستووری عێراق هەموار بکرێت یان هەموار نەکرێت، یان پێ لەسەر ئەوە دانەگیرێت کە سیستمی حوکمڕانی نەجەف و کەربەلا ئیسلامی بێت یان عەلمانی، یان عەرەبی سونە دەیانەوێت چ سیستمێك بۆ خۆیان پیادە بکەن، با عەرەبی سونە بە کەیفی خۆی دەستووری عێراق هەموار بکات، بەڵام هەموار کردنەکە تەنها پەیوەندی بە مافی عەرەبی سونەی عێراقەوە هەبێت و لەو بازنەیە دەرنەچێت کە دەستووری عێراق بۆی دیاریکردووە، ئاساییە پەرلەمانی هەرێمەکەی عەرەبی سونە ڕێژەی ٪٢٥ی ئافرەت نەبێت، ئاساییە یاسای باری کەسێتی لە هەرێمەکانی شیعە هاوشێوەی یاسی باری کەسێتی لە هەرێمی کوردستان نەبێت.
٤- دەبێت ئەمەریکا بگاتە قەناعەت کە بەزۆر دیموکراتی بونیاد نانرێت، بۆیە ئەگەر عەرەبی شیعە دەیەوێت بەسیستمی ویلایەتی فیقهی لە هەرێم یان هەرێمەکانی خۆی حکومڕانی بکات ئاساییە، ئێستا ئەمەریکا فەتوایەکی ئایەتوڵڵا سیستانی لەهەموو بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق بەگرنگتر دەزانێت و حزبی دەعوا و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش لە عێراقدا فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیستانی بە لە دەستووری عێراق بە گرنگتر دەزانن، بۆیە گرنگە ئەم واقیعە لەبەر چاو بگیرێت و نەشاردرێتەوە، ڕاشکاوانە بە هەموو عێراقیەکان بڵێت بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێت هەموو پابەندی دەستووری عێراق بن، بۆ حکومڕانی خۆتان خۆتان بڕیار بدەن و سەربەستن.
٥- ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەبێت لەو پەیامەی کورد تێبگەن کە دەڵێت ئێمە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بڕیارمانداوە لە عێراقدا بمێنینەوە، ئەم پەیامە بەداخەوە لە لایەن هەندێك لایەنی عێراق و هەتا سەردەمی ئیدارەی بوشیش بەو جۆرە دەخوێنرایەوە دەبێت کورد بەوە ڕازی بێت فەرمانەکانی لە بەغداوە بۆ دەربچێت و ملکەچی جێبەجێکردنیشی بێت، بەڵام پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە تەنها ٣ شت دەگرێتەوە:
أ- کورد بەوە ڕازییە لەسەر ئاستی دبلۆماتی و نێودەوڵەتی عێراق نوێنەرایەتی بکات.
ب- کورد بەوە ڕازییە سوپا یەك سوپا بێت و ئامانجی سوپا بەرگریکردن بێت لەسەروەریی عێراق نەك داپلۆسینی گەلەکەی خۆی.
ت- کورد بەوە ڕازیە داهاتی عێراق بەیەکسانی بەسەر عێراقییەکاندا دابەش بکرێت.
بەڵام لەم برگەیە بەو لاوە عێراقییەکان نابێت هیچ داوایەکی دیکەیان لەسەر کورد هەبێت، ئێستا کورد زیاتر لە قەوارەی خۆی هەست دەکات ئەرکەکانی لە پرۆسەی بونیادنەوەی عێراقدا چییە، بۆیەدەبێت ئەمەریکا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت بۆ ئەوەی عەرەبی عێراق بزانێت مافەکانی گەلی کوردستانیش لە عێراقدا چین.



**کوردستانییەکان لە چوارچێوەی عێراقدا ئازادن چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن، بەهەمان شێوە عەرەبی عێراقیش ئازادن چۆن بڕیار لەسەر چارەنووسی عێراق دەدەن**

**ئێستا ئەمەریکا فەتوایەکی ئایەتوڵڵا سیستانی لەهەموو بڕیارەکانی پەرلەمانی عێراق بەگرنگتر دەزانێت و حزبی دەعوا و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش لە عێراقدا فەتواکانی ئایەتوڵڵا سیستانی بە لە دەستووری عێراق بە گرنگتر دەزانن**



ستیڤن بیدل بۆ گوڵان:

# ئێستا ئیدارەی ئۆباما هەست بەو ڕاستییە دەکات عێراقییەکان پێویستیان بەبوونی هێزەکانی ئەمەریکا هەیە

**پرۆفیسۆر ستیڤن کە توێژەری ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە، یەکێکە لە ستراتیژیستەکانی بواری سەربازی لەسیاسەتی بەرگری ئەمەریکا و پێشتر ڕاوێژکاری پێنتاگۆن و ژەنراڵ پەتریۆس بووە لە عێراق و ئێستاش ڕاوێژکاری پەتریۆسە لە ئەفغانستان، پرۆفیسۆر بیدل ئەو ئەکادیمستە گەنجەیە کە لەساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی باشترین کتێبی پیدرا و هەروەها کێشەی عێراقی دەستنیشانکردن بەوەی عێراق پیویستی بەهێزی زیاتر هەیە، دوای زیادکردنی هێزەکانیش بۆ خۆی لەبەغدا هاوکاری پەتریۆسی دەکرد بۆ سەرخستنی پرۆسەی زیادکرنی هێزی بەپەلە(Surge) لە عێراقدا، سەبارەت بە باردۆخی ئێستای عێراق و سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا پرۆفیسۆر بیدل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربری.**

ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات جێی سەرسوڕمان نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر شەڕێکی ناوخۆی ئیتنی و تائیفی لە وڵاتەکەدا هەبوو

*** ئەوە ڕوونە کە ئیدارەی سەرۆك بۆش توانیتی ڕژێمی سەددام بڕوخێنێت، بەڵام نەیتوانی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی لە عێراقدا دروستبکات، ئێستاش ئەم ئەرکە سەرنەکەوتوە جێهێڵراوە بۆ ئیدارەی باراك ئۆباما، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم ئیدارەیە دەتوانێت ئەم ئەرکە بە سەرکەوتوی تەواو بکات؟**

- مـن پێم وانیە هیچ ئیدارەیەکی ئەمەریکی، جا ئیدارەی باراك ئۆباما بێت یان جۆرج بۆش یان هەر ئیدارەیەکی دیکە بتوانێت عێراقێکی دیموکراتی بنیات بنێت، ئەوەی ئەمەریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات خوڵقاندنی هەلومەرجێکە کە مومکین بێت عێراقییەکان بتوانن جڵەوی کاروبارەکانی خۆیان بکەن و ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە پێویستن بۆ بنیاتنانی دیموکراسی. ئەمەریکا لەم ڕووەوە دروستکەری دیموکراسی نییە یارمەتیدەری هێنانەدی دیموکراسییە.

*** بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئیدارەی ئۆباما ئامادەی یارمەتیدانی عێراقییەکان دەبێت لە کاتێکدا کەمتر بایەخ بە بارودۆخی ئەفغانستان دەدات؟**

- ئەمە ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی باراك ئۆباما دەسەڵاتی گرتەدەست باوەڕی وابوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەمو کارێکی کردووە کە لە توانایدابێت بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان و ئێستا مەسەلەکە بە تەواوەتی بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، هەروەها پێی وابوو پێویستە ڕۆڵی سەربازی ئەمەریکا لە عێراقدا کەم بکرێتەوە لە بەرامبەردا پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسیەکان زیادبکرێت، بەڵام من باوەڕم وایە ئەمە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئێستا درك بەو ڕاستیە دەکات کە تا ڕاددەیەك عێراق پێویستی بە یارمەتی سەربازی هەیە و بە ڕاددەیەکی گەورەتریش بە یارمەتی سیاسی و ئابووری، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا پێی وایە ڕۆڵی ئەو ئاسانکاری و یارمەتیدانە نەك خوڵقاندن و بنیاتنان.

*** بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراسی پێویستی بە سازشی نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی وڵاتەکە هەیە، کورد و شیعە و سوننەکان، واتە دەبێت بڕیاری ڕێککەوتن و پێکەوەژیان بدەن، بەڵام تا ئێستا هیچ خاڵێکی هاوبەش بەدی ناکرێت لە نێوانیاندا، ئایا لەم ڕووەوە پێویست بە ڕۆڵی لایەنی سێیەم ناکات، بۆ نموونە بە ئەمەریکا بۆ یارمەتیدانیان لە بەرەوپێشچونی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکەدا؟**

- من پێم وایە هێشتا لەم ڕەوەوە پێویست بە یارمەتی ئەمەریکا دەکات، بەڵام ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات جێی سەرسوڕمان نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر شەڕێکی ناوخۆی ئیتنی و تائیفی لە وڵاتەکەدا هەبوو، کە پێویست بە کاتێکی دوورودرێژ دەکات بۆ ئەوەی ترس و نیگەرانیەکان بڕەوێنەوە، باوەڕم وایە بە تێپەڕبوونی کات پێویستی عێراقییەکان بە ڕۆڵی ناوبژیوانی ئەمەریکا کەم دەبێتەوە لەم ڕووەوە.

*** لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرپرسیارێتی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی گرتە ئەستۆ، ئەوا ئێستاش دەبێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لەم ڕووەوە، هەروەها نابێت عێراق بە تەنها بۆ عێراقییەکان جێبهێڵێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پلانی ئیدارەی ئۆباما چییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بە تایبەتی کە لە کۆتایی ساڵی داهاتوودا هێزەکانی لە وڵاتەکە پاشەکشەپێدەکات؟**

- بە تێڕوانینی من ئیدارەی ئۆباما ئاوەدانکردنەوەی عێراق بە بەرپرسیارێتی خۆی نازانێت، بەڵکو تێڕوانینی ئەم ئیدارەیە ئەوەیە دەبێت یارمەتی عێراقییەکان بدرێت و بەرپرسیارێتی ئاوەدانکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی. دواتر دەبێت عێراقییەکان لە پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغ و لە سەرخۆدا هەوڵبدەن کەمتر پشت بە ئەمەریکا ببەستن و زیاتر پەنا بۆ پەرەپێدانی ئەزموون و نەریت و دامەزراوەکانی خۆیان ببەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان نەك بۆ هەمیشە پشت بە مانەوە و یارمەتی و ناوبژیوانی ئەمەریکیەکان ببەستن. ڕاستە کشانەوەی کت و پڕی ئەمەریکا هەڵەیە، بەڵام هەردەبێت لە کۆتاییدا عێراقییەکان پەرە بە دامەزراوەکانی خۆیان بدەن، لێرەدا دوو هەڵە هەیە کە مومکینە ڕووبدات، یەکەمیان کشانەوەی کتو پڕی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، دووەمیان مانەوەی ئەمەریکایە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە وڵاتەکەدا.

*** کاتێك بەراوردی نێوان ئیدارەی ئێستا و ئیدارەی پێشووی ئەمەریکا دەکەین دەبینین ڕۆڵ و ئەرکەکان دەگۆڕێن، ئایا ئێوە چۆن پێناسەی یاخود چۆن ئەرکی ئێستای ئەمەریکا لە عێراقدا دیاری دەکەن؟**

- بە تێڕوانینی من ئەرك و ڕۆڵەکە هەمان ئەرکی پێشوترە کاتێك بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە بوونی هێزی سێیەم پێویست بوو بۆ خوڵقاندنی هەلومەرجێك تاوەکو لایەنەکان بتوانن کێشەکانیان چارەسەربکەن، هەمان ڕۆڵ لە ئێستاشدا پێویستە، ئەوەی پەیوەندی بە یارمەتی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووریەوە هەبێت، ئەوا ڕادە و ئاستی ئەم یارمەتیانە دەگۆڕێن نەك جۆری ئەم هاوکاریانە.

*** هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوە هەیە لە گەڵ حکومەتی بەغدا، وەك ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و کێشەی کەرکوك کە کاریگەریان دەبێت لەسەر دیاری کردنی ئایندەی کوردستان لە عێراقدا، ئایا ئیدارەی ئەمەریکا بە چ شێوەیەك یارمەتی ئەم دو لایەنە دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- سروشتی کێشەکە سازشی دوولایەنە دەخوازێت، کە ڕوودانی ئەمەش لە عێراقدا بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە مایەی لێتێگەیشتنە کارێکی سەختە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە ئاسانکاری کردن بۆ ئەوەی لایەنەکان بتوانن درێژە بە گفتوگۆکانیان بدەن لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتن و سازشێك لەم ڕووەوە، کە من ناتوانم سروشتی ئەو سازش و ڕێککەوتنە دیاری بکەم.

*** عێراق لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی نزیك دەبێتەوە، ئەمە هەل و مەرجێکی هەستیارە بۆ عێراقییەکان، چونکە لە لایەکەوە پێشبینی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی دەکرێ لە لایەکی دیکەشەوە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە مەترسیدایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سازدانی هەڵبژاردن لە هەلو مەرجێکی لەم چەشنەدا تا چ ڕاددەیەك هەڵبژاردنێکی تەندروست و سەرکەوتو دەبێت؟**

- هەمیشە لە عێراقدا ئەگەری گەڕانەوەی توندوتیژی لە ئارادایە، هەڵبژاردنەکانیش ڕووداوێکن بە واقیع بوونی ئەم ئەگەرە زیاتر دەکەن، یەکێك لە خاڵە گرنگەکان کە پەیوەستە بە پێویستی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا یارمەتیدانی عێراقە لەم ڕووەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕۆڵی هێزەکانی ئەمەریکایە بۆ ئەوەی کار بۆ کەمکردنەوەی مەترسی بکەن تاوەکو لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا توندوتیژی ڕوو لە هەڵکشان نەکات، بە پێی ئەو ڕێککەوتنامە ئەمنیەی لە نێوان عێراق و ئەمەریکادایە، ئەوا چەندین کۆت و بەند لەسەر جوڵەی هێزەکانی ئەمەریکا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هێزانە هێشتا لە خاکی عێراقدان ئەوا دەتوانێت ڕۆڵێکی باش ببینن لەم ڕووەوە ئەگەر حکومەتی عێراقی داوایان لێبکات.

*** بە پێی هەندێ لە ڕۆژنامەکان کارە تیرۆریستیەکانی ئەم دواییەی عێراق لە لایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە ئەنجام نەدراون، بەڵکە بەرهەمی ناکۆکیە سیاسیەکانن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر عەرەبەکان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لەگەڵ یەکدا چۆن ئەم کێشانە چارەسەردەبن؟**

- کێشەکە ئەوەنیە ئایا بەرپرسی ئەم کردەوانە ئەلقاعیدەیە یان لایەنێکی دیکە، کێشە ڕاستەقینەکەی عێراق ئەوەیە ژینگەیەك لە ئارادایە تێیدا بێ متمانەیی باڵادەستە بەسەر گروپەکاندا، ڕەنگە ئەمە لە ناو تائیفەیەکیشدا ڕاست و دروست بێت، بۆ نموونە هەندێك لە شیعەکان متمانە بە شیعەکانی دیکە ناکەن و هەندێك لە سوننەکانیش بە چاوی گومانەوە لە سوننەکانی دیکە بڕوانن. ئێمە دەزانین عێراق ماوەیەکی کورتە لە شەڕی ناوخۆی دەربازی بووە، هەروەها ئەزموونێکی دوورودرێژی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و سیاسیانە، بێ متمانەیی لە نێوان لایەنەکاندا باڵادەستە و ترس و نیگەرانی لە ئاست یەکدا لایەنەکان پاڵ پێوەدەنێت بۆ پەنابردنەبەر توندوتیژی، کە لێرەدا ئەنجامدانی هەڵبژاردن گرنگە بۆ ئەوەی عێراقییەکان بیسەلمێنن دەتوانن بە شێوەیەکی ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەربکەن.

*** هەمو جارێك کە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت لە نێوان پێکهاتە سەرەکیەکاندا، یاخود چیتر لایەنەکان ئامادەی سازشکردن نابن، ئەوا ئەمەریکا دەستێوەردان دەکات بۆ ئەوەی زەمینەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەروسوڕمانە هەمو جارێك فشاری زیاتر دەخرێتەسەر کوردەکان بۆ ئەوەی سازش بکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەسەر حسابی مافی کوردەکان تەواو دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا من زۆربەی کاتی خۆم بۆ بە دواداچوونی بارودۆخی ئەفغانستان تەرخانکردووە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە نەتوانم لێکدانەوە و بیروبۆچونی خۆم لەسەر بناغەیی زانیاریەکی تێر و تەسەل لە بارەی ئەم مەسەلەیە دەربڕم، تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم پێویستە کورد و عەرەبەکان لەسەر کێشەی کەرکوك سازشی دولایەنە بکەن.

*** پێشبینیت چیە بۆ ئایندەی عێراق، ئایا باوەڕت وایە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە ئەگەر لەسەر ئەم ڕێگایە بەردەوام بێت؟**

- من بە حەزەرەوە گەشبینم بە ئایندەی عێراق، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە دەرفەتی ڕاستەقینە لە ئارادایە بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی گەشەکردو، سەقامگیر و یەکگرتووو، لە لایەکی دیکەوە چەندین تەحەددی سەخت لە ئارادان و دەبێت کۆششی دژوار بکرێت لە لایەن عێراقییەکان، کە ئەگەر نەتوانرا ڕووبەڕوی ئەم تەحەددیانە ببنەوە، ئەگەر کۆششی جیدیان نەکرد و ئەگەر نەیانتوانی بگەنە سازشی پێویست ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە دەرئەنجامەکە هاتنە ئارای بارودۆخێك بێت کە خراپتر بێت لە بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٦.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەگەر عێراقییەکان بە کورد و عەرەب، بە شیعە و سوننەکانەوە بتوانن بگەنە سازش و ڕێککەوتنێك ئەوا ئومێدێکی گەورە بە ئایندەی وڵاتەکە دەکرێت.

**دوو هەڵە هەیە کە مومکینە ڕووبدات، یەکەمیان کشانەوەی کتوپڕی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، دووەمیان مانەوەی ئەمەریکایە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە وڵاتەکەدا**

**کێشە ڕاستەقینەکەی عێراق ئەوەیە ژینگەیەک لە ئارادایە تێیدا بێ متمانەیی باڵادەستە بەسەر گروپەکاندا، ڕەنگە ئەمە لە ناو تائیفەیەکیشدا ڕاست و دروست بێت**

ئەگەر بزوتنەوەیەکی ناوخۆی لە عێراقدا نەبێت کە ئامانج لێی بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی دیموکراسی بێت، ئەوا هیچ هێزێکی دیکە نە ئەمەریکا و نە ئیدارەی ئۆباما و نە هیچ دەوڵەتێکی دیکە ناتوانن لەبری عێراقییەکان ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنن



**لۆرامی گریستبوار بۆ گوڵان:**

# ئەگەر عێراقییەکان خۆیان نەتوانن دیموکراتی بونیاد بنێن ئەوا ئیدارەی ئۆباما ناتوانێت هاوکارییان بکات

**خاتوو لورامی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی گۆستافۆس و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەگشتی و سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق و یەکێکە لەو پسپۆرە دیارانەی بە تایبەتمەند لەسەر ڕەوشی عێراق لەقەڵەم دەدرێت، بۆ قسەکردت لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بۆ عێراق پرۆفیسۆر لۆرامی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** قۆناخی ئێستای عێراق قۆناخێکی ناسکە، لەسەر ئاستی سەقامگیری و پرۆسەی سیاسیی بە قۆناخێکی شلۆقدا تێدەپەڕێت، ئەم بارە قورسە ئێستا ڕووبەرووی ئیدارەی ئۆباما بۆتەوە ئایا چۆن دەتوانرێت دەروازەیەك بۆ کێشەکانی عێراق بدۆزرێتەوە؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە عێراق بەقۆناغێکی ئینتیقالیدا دەڕوات، بەم دوایییە بارودۆخەکە چەند بەرەوپێشچونێکی بەخۆوە بینی و تا ڕاددەیەك سەقامگیرییەکی ڕێژەیی دروست بوو، بەڵام هێشتا کار و کۆششێکی زۆر لە بەردەم عێراقییەکانە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەن و هێشتا بە تەواوەتی ئاڕاستەی ئایندەی وڵاتەکە دیارنییە. بەداخەوە مێژوی ئێمە زۆر باش نییە لە پەرەپێدانی دیموکراسی لە وڵاتانی دیکەدا، من پێم وایە ئەگەر بزوتنەوەیەکی ناوخۆی لە عێراقدا نەبێت کە ئامانج لێی بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی دیموکراسی بێت، ئەوا هیچ هێزێکی دیکە نە ئەمەریکا و نە ئیدارەی ئۆباما و نە هیچ دەوڵەتێکی دیکە ناتوانن لەبری عێراقییەکان ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنن. ئەزمونی ئەڵمانیا جیاوازە، لەبەر ئەوەی پێشتر تا ڕاددەیەك ئەزمونێکی دیموکراسی لە ئەڵمانیادا هەبوو، بەڵام ئەمە لە عێراقدا بەدی ناکرێت، من پێم وایە ئومێد هەیە بە هاتنەئارای دیموکراسی لە عێراقدا بەڵام هۆکاری ئەم ئومێدە ئەوەنییە ئەمەریکا لە عێراقدا هەوڵەکان بەم ئاڕاستەیە دەخاتەگەڕ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە خودی عێراقییەکان خۆیان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ.

*** تۆ باسی ئەوەت کرد دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەرکی بونیادی دیموکراتی بگرنە ئەستۆی خۆیان، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع ئەوە سەلمێنراوە کە عێراقییەکان ئەو توانایەیان نییە، ئایا چۆن دەتوانن لەم ئەرکە سەرکەتوو بن؟**

- من پێموایە ئەو کاتە ئەگەری سەرکەوتنی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی زیاتر دەبێت کە دەستێوەردان و کاریگەری هێزی دەرەکی لەسەر نەبێت، بەپێچەوانەی بارودۆخی ئەمنییەوە کە دەکرێت سوود لە یارمەتیدانی لایەنی دەرەکی وەربگیرێت، بۆ نموونە کشانەوەی کتوپڕی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ڕەنگە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی چەندین کێشە، بەڵام لە پرۆسە سیاسییەکەدا بۆ من ڕوون نییە چۆن کاریگەری و دەستڕۆیشتوی هێزێکی دەرەکی یارمەتیدەر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەندێ شێوازی دیکە سوودیان هەبێت وەك چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لە لایەن چاودێر و لایەنە دەرەکییەکانەوە، هەروەها لە بواری مەشق و هتد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هێزە دەرەکییەکان دەتوانن یارمەتییەکی کەمی وڵاتانی دیکە بدەن لەم ڕووەوە.

*** ئەمەریکا دەتوانێت چ کارێك بکات بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لەم وڵاتە؟**

- بە تێڕوانینی من پاراستنی ئاسایش و

سەقامگیری ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان، ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەهەر سەرەتاوە دەستێوەردانی ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووەهۆی لەناوبردنی ئەو نیزامەی لەئارادابوو، هەرچەندە خەڵکی ڕازینەبوون لە دەسەڵات و حکومڕانێتی سەددام، بەڵام هەرچۆنێك بوو جۆرێك لە نیزام باڵادەست بوو، لە لایەکی دیکەوە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا هۆکارێك بوون بۆ ڕاکێشانی چەکدارە بیانییەکان بۆ ئەوەی لە عێراقدا شەڕبکەن، من پێم وایە حاڵی حازر ئەمەریکا ڕێگایەکی ڕاست و دروستی گرتۆتەبەر کە هەوڵئەدات لە پرۆسەیەکی لەسەرخۆدا هەڵبستێت بە گواستنەوەی بەرپرسیارێتیەکان بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان.

*** عێراق لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی نزیك دەبێتەوە، ئەمە هەلومەرجێکی هەستیارە بۆ عێراقییەکان، چونکە لە لایەکەوە پێشبینی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی دەکرێت لە لایەکی دیکەشەوە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە مەترسیدایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سازدانی هەڵبژاردن لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا تا چ ڕادەیەك هەڵبژاردنێکی تەندروست و سەرکەوتو دەبێت؟**

- من باوەڕم وایە بوونی گەمەکارە نێودەوڵەتییەکان، لە نێویاندا ئەمەریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت لەم هەڵبژاردنانەدا، لە دوو لایەنەوە، یەکەمیان یارمەتیدانیان لە هێنانەئارای هەلومەرجێکی گونجاو و ڕێگەگرتن لە دروستبوونی مەترسی ئەمنی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، دووەم چاودێریکردنی پرۆسەکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نەزیە و عادیلانە بەڕێوەبچێت.

*** ئەگەر عەرەبەکان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لەگەڵ یەکدا چۆن ئەم کێشانە چارەسەردەبن؟**

- ئەوە بارودۆخێکی سەختە کە لە وڵاتێکدا لایەنەکان پەنابۆ توندوتیژی ببەن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لەبری ئەوەی کەناڵە شەرعی و دەستورییەکان بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکان، بەڵام ئایا ڕێگاچارەکان چین بۆ ئەوەی بیانگریتەبەر کاتێك لایەنەکان ئامادەنین پەنا بۆ ڕێگا و کەناڵە شەرعییەکان ببەن کە زۆرجار هۆکارەکە ئەوەیە پێیان وایە ئەم ڕێگەیە نابێتەهۆی هێنانەدی ئامانجەکانیان، لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە سێ ڕێگاچارە پێشنیارکراوە، یەکەمیان ئەوەیە نابێت دەستێوەردان بکرێت و دەبێت ڕێگەبدرێت لایەنەکان توندوتیژی لە دژی یەك بەکاربهێنن کە دواتر ئەمە بۆ خۆی کۆتای دێت و ئەم کەسانە باوەڕیان وایە دەستێوەردان ناکۆکییەکە درێژدەکاتەوە. ڕێگاچارەی دووەم ئەوەیە هەوڵبدرێت شەرعییەت لەم گروپانە دابماڵرێت، کە ئەمەش پرۆسەیەکی دورودرێژە، ڕێگاچارەی سێیەم ئەوەیە سیستمێکی ئەمنی بەهێز دروست بکرێت ڕێگە لە مومارەسەی توندوتیژی ئەم لایەنانە بگرێت، کە هەر هەموو ئەم ڕێگاچارانەش کێشەی خۆیان هەیە. لە ڕاستیدا من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم، بۆ نموونە من پێم وایە باشترە فەلەستینیەکان پەنا بۆ مومارەسەی ناتوندوتیژ ببەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، بەڵام ئەگەر بڕیاریاندا شێوازی توندوتیژ بگرنەبەر چۆن دەتوانیت قەناعەتیان پێبکەیت بە کارایی و کاریگەری شێوازی ناتوندوتیژ. مەبەستم ئەوەیە چۆن بتوانین قەناعەتیان پێبکەیت کە پەنابردنەر شێوازی ناتوندتیژی باشتر خزمەت بە هێنانەدی ئامانجەکانیان دەکات.

*** هەموو جارێك کە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا، یاخود چیتر لایەنەکان ئامادەی سازشکردن نابن، ئەوا ئەمەریکا دەستێوەردان دەکات بۆ ئەوەی زەمینەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەروسوڕمانە هەموو جارێك فشاری زیاتر دەخرێتەسەر کوردەکان بۆ ئەوەی سازش بکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەسەر حسابی مافی کوردەکان تەواو دەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەقامگیر و گەشەکردووە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق، کە لێرەدا ئەم پرسیارە دروست دەبێت ئایا کارێکی دژوار نییە دووبارە ئەم هەرێمە ئاوێتە بکرێتەوە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە؟ یاخود ئایا کوردستان چ بەرژەوەندییەکی دەبێت لە دووبارە ئاوێتەبوونەوە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا؟ کە لێرەدا دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین ئایا ڕێگاچارەکانی بەردەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چین بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە؟ ئایا ئەمەریکا پشتگیری لە دروستکردنی دوو دەوڵەت دەکات لە عێراقدا؟ یاخود پشتیوانی لە بوونی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان دەکات لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا؟

*** ئایا ڕۆڵی سەرکردە سیاسییەکانی کورد چۆن دەبینیت کە بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەی عێراقدا دەکەن؟**

- ڕەنگە بەهۆی ئەو سەقامگیرییەی لە کوردستاندا هەیە سەرکردەکانی کوردستان بتوانن ئەدایەکی باشتریان هەبێت و من لێرەدا دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمەریکا دەتوانێت پتر کاریگەربێت بەسەر کوردەکانەوە، ئەویش لەبەر پەیوەندی دورودرێژی ئەم وڵاتە لەگەڵ کوردەکاندا.

*** پێشبینیت چییە بۆ ئایندەی عێراق، ئایا باوەڕت وایە عێراق بە یەکگرتووی بمێنێتەوە ئەگەر لەسەر ئەم ڕێگایە بەردەوام بێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە کار و ئەرکێکی سەختە، ئەویش بەهۆی ئەو جیاوازی و دابەشبوونە جۆراجۆر و مێژووییانەی لە وڵاتەکەدا بوونیان هەیە، هەروەها ئەو هەموو گروپە خێڵەکییە، ئەمە لەگەڵ بوونی جیاوازی و دابەشبوونی ئاینی کە پێویست بە ماوەیەکی درێژخایەن دەکات بۆ ئەوەی لایەنەکان بتوانن پێکەوە هاوکاربن بۆ هێنانەدی سەقامگیری لە وڵاتەکەیاندا، هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانەوە من پێم وایە ئەو ئۆتۆنۆمییەی لەو هەرێمەدا هەیە درێژەدەکێشێت. لەڕاستیدا بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی پێویستە لە عێراقدا جۆرێکە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، کە تێیدا دەسەڵاتەکان دابەشبکرێن و جۆرێك لە دیموکراسیەتی تەوافوقی دروستبکرێت کە هەندێ پۆستی دیاریکراو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بدرێت بە هەندێ لایەن، بە چەشنی ئەوەی لە لوبناندا ڕوودەدات، هەرچەندە ئێستاش ئەمە لە لوبناندا بەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت، بەڵام دەکرێت ئەوە شێوەیەك بێت لە شێوەکانی پاراستنی یەکگرتووی عێراق، یاخود درێژەپێدانی مانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من ئومێدی ئایندەیەکی گەش بۆ عێراقییەکان دەخوازم و لە ڕاستیدا چیرۆکی نەهامەتییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە دڵتەنگم دەکات.

**ئەو کاتە ئەگەری سەرکەوتنی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی زیاتر دەبێت کە دەستێوەردان و کاریگەری هێزی دەرەکی لەسەر نەبێت**

**بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی پێویستە لە عێراقدا جۆرێکە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، کە تێیدا دەسەڵاتەکان دابەشبکرێن و جۆرێک لە دیموکراسیەتی تەوافوقی دروستبکرێت کە هەندێ پۆستی دیاریکراو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بدرێت بە هەندێ لایەن**

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٦٢)
٢٠٠٩/١٢/٢٨


دەبێت عێراقییەکان ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرن کە ناکرێت داواکاریەکانیان لە ڕێی تێکشکاندنی لایەنەکانی دیکەوە بهێننەدی



**پاتریك کلاوسن بۆ گوڵان:**

# تەنها ئەو کاتە لە عێراقدا ئاشتی و سەقامگیری بوونی دەبێت کە هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان دەنگ و سەنگیان لە دیاری کردنی ئایندەی وڵاتەکەدا هەبێت

**پرۆفیسۆر پاتریك کلاوسن یەکێکە لە گەورە تۆژەرەکانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی نزیك و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئیران و زیاتر لە ٢٥ کتێب و ٧٠ وتاری لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست نووسیوە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و ئاییندەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا پرۆفیسۆر کلاوسن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بەڕێزت وەك چاودێرێکی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی چۆن سەیری باردۆخی ئێستای عێراق دەکەیت؟**

- ئێستای عێراق باشترە بە بەراورد بە دوو یان سێ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام هێشتا چەندین کێشە هەن لەو وڵاتەدا وەك کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان.

*** ئایا هەڵوێستی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا چییە؟**

- لە ڕاستیدا سوپای ئەمەریکا پتر پێداگیری دەکات لەسەر یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ ئەوەی ئەو بەرەوپێشچوونانەی بەدەستهاتوون پێچەوانەوە نەبنەوە، ئەمە لە کاتێکدا باقی دامەزراوە و بەشەکانی دیکەی حکومەتی ئەمەریکا تەرکیز لەسەر کێشەکانی دیکە دەکەنەوە، وەك بارودۆخی پاکستان و ئەفغانستان، وەك گفتوگۆکانی ئەمەریکا لەگەڵ ڕوسیا، وەك کێشەی ژینگە و هتد.

*** پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق سەرکەتوو نەبووە، ئێستا ئەم ئەرکە سەرنەکەوتووە رووبەرووی ئیدارەی باراك ئۆباما کراوەتەوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم ئیدارەیە دەتوانێت ئەم ئەرکە بە سەرکەوتووی تەواو بکات؟**

- لە ڕاستیدا بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی لە عێراقدا پتر بەرپرسیارێتی خودی عێراقییەکان خۆیانە و ئەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات یارمەتیدانی عێراقییەکانە لە خولقاندنی هەلومەرجێکی سەقامگیر بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن لە ڕێی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر ئایندەی وڵاتەکە، یەکێك لە شکستەکانی ئیدارەی جۆرج بۆش بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئەوەبوو نەیتوانی ئەم هەلو مەرجە بهێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەو کاتەی باراك ئۆباما بەرپرسیارێتی ئیدارەی ئەمەریکا گرتەدەست بارودۆخی عێراق زیاتر سەقامگیربوو کە ئومێدەوارم ئەمەریکا بتوانێت یارمەتی عێراقییەکان بدات بۆ ئەوەی لە ئەرکی درووستکردنی وڵاتێکی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش و دیموکراتیدا سەرکەوتووبن.

*** تا ئێستا هیچ خاڵێکی هاوبەش بەدی ناکرێت بۆ ئەوەی هەست بکەین لە عێراقدا بونیادی دیموکراتی دەستی پیکردووە، ئایا لەم ڕووەوە پێویست بە ڕۆڵی لایەنی سێیەم ناکات، بۆ نموونە بە ئەمەریکا بۆ یارمەتیدانیان لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکەدا؟**

- من زۆر گەشبینم بە ئەگەری مانەوەی عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتو لەبەر ئەوەی هەستێکی بەهێزی ناسیۆنالیستی هەیە لای خەڵکی عێراق، هەروەها لەلایەکی

دیکەوە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە تایبەتی بە سەرچاوەی نەوت کە سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە و داهاتە پێویست بەوە دەکات عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتن و سازشێك لە نێو خۆیاندا بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن.

*** هەمیشە باس لەوە دەکرێت ئەمەریکا پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی عێراقەوە نییە، بەڵام نایێت عێراق بە تەنها بۆ عێراقییەکان جێبهێڵێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پلانی ئیدارەی ئۆباما چییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بەتایبەتی کە لە کۆتایی ساڵی داهاتوودا هێزەکانی لە وڵاتەکە پاشەکشە پێدەکات؟**

- هەوڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ماوەی دو ساڵی ڕابردودا بە ئاڕاستەی یارمەتیدانی عێراقییەکان بووە بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری سەخت بدەن و سازش لە نێو خۆیاندا بکەن، واتە ڕۆڵی ئەمەریکا لەم ڕووەوە لە هاندانی لایەنەکاندا کورت بۆتەوە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و سازشێك لە نێو خۆیاندا، لە ڕاستیدا ئەو کاتانە ئەمەریکا نائاسودە دەبێت کە عێراقییەکان نەتوانن لەم ڕووەوە بەرەوپێشچونی پێویست بەدی بهێنن. لە کۆتاییدا هەر دەبێت عێراقییەکان ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرن کە ناکرێت داواکاریەکانیان لە ڕێی تێکشکاندنی لایەنەکانی دیکەوە بهێننەدی.

*** هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو هەیە لە گەڵ حکومەتی بەغدا، وەك ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و کێشەی کەرکوك کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر دیاری کردنی ئایندەی کوردستان لە عێراقدا، ئایا ئیدارەی ئەمەریکا بە چ شێوەیەك یارمەتی ئەم دو لایەنە دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمەریکا هەوڵ دەدات لایەنە پەیوەندیدارەکان هان بدات بۆ ئەوەی سازشی پێویست بکەن بە چەشنێك هەر لایەنە و نیگەرانییە سەرەکییەکانی لایەنەکانی دیکە لەبەرچاو بگرێت، بۆ نموونە لە کێشەی کەرکوکدا ئەمەریکا هەوڵ دەدات خواست و نیگەرانی سەرەکی هەر پێکهاتەیەك دەستنیشان بکات، دواتر ئەو پێکهاتانە هان بدات بۆ ئەوەی سازشی پێویست لەم بارەیەوە بکەن تاوەکو لە کۆتاییدا بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ هێنانەدی ئامانجێکی هاوبەش.

*** ئایا سازدانی هەڵبژاردن لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا تا چ ڕاددەیەك هەڵبژاردنێکی تەندروست و سەرکەوتوو دەبێت؟**

- تەنها ئەو کاتە دەتوانرێت ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا بچەسپێنرێت کە هەموو پێکهاتەکانی وڵاتەکە دەنگ و سەنگیان هەبێت لە دیاری کردنی ئایندەی وڵاتەکەدا، بۆ نموونە زۆرێك لەو گروپانەی پێشتر پشتیوانیان لە یاخیبون دەکرد حاڵی حازر خوازیاری ئەوەن ڕۆڵیان هەبێت لە پرۆسە سیاسیەکەدا و بەشداربن لە بڕیارەکانی پەیوەست بە ئایندەی وڵاتەکەوە، هەر لەبەر ئەمەش هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە زۆر گرنگن، هەروەها دەرفەتێکی ڕاستەقینەن بۆ ئەوەی ئەم لایەنانە بهێنرێنە ناو پرۆسە سیاسیەکەوە، چونکە لەدەستدانی متمانە بە پرۆسە سیاسییەکە لەلایەن ئەم گروپانەوە دەبێتە هۆی دووبارە ناسەقامگیرکردنەوەی بارودۆخەکە.

*** بەڵام کوردەکان وا هەست دەکەن هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا لەسەر ئەوەیە چ لایەنێك کەمترین ماف بە کوردەکان بدات، ئایا ئایندەی وڵاتێك چی دەبێت ئەگەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی لەسەر ئەم بناغەیە بێت؟**

- تەنها ڕێگەیەك بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە عێراقدا بوونی حکومەتێکی فیدراڵییە کە لە لایەن تێکڕای پێکهاتەکانەوە پشتیوانی لێبکرێت، بۆ نموونە حاڵی حازر زۆرێك لە سوننەکان هەست دەکەن حکومەتی ناوەندی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی ئەوان ناکات، کەواتە تەنها ئەو کاتەی هەموو لایەنەکان، سوننە و کورد و شیعەکان پشتیوانی لە حکومەتی مەرکەزی بکەن ئەو حکومەتە دەتوانێت سازشێکی درێژخایەن بکات لەبارەی مەسەلەی فیدراڵیزمەوە.

*** بە پێی هەندێ لە ڕۆژنامەکان کارە تیرۆریستیەکانی ئەم دواییەی عێراق لە لایەن عەربی عێراقەوە ئەنجامدراون، ئەگەر عەرەبەکان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لەگەڵ یەکدا چۆن ئەم کێشانە چارەسەردەبن؟**

- ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە هەموو عێراقییەکان تەرکیز لەسەر هەڵبژاردنەکان دەکەنەوە وەك ڕێگایەك بۆ دیاری کردنی ئایندەی وڵاتەکە، هەروەها حاڵی حازر یاخیبون لە عێراقدا تەواو دابڕاو و گۆشەگیرکراوە و زۆرێك لە کەسایەتە سوننیە دیارەکانی پشتگیری لە یاخیبون ناکەن و ئەمەش جێی ئومێدە و من لەم ڕووەوە گەشبینم کە هەرلایەنێك لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بدۆڕێت ڕێز لە ئەنجامەکان دەگرێت.

*** هەمو جارێك کە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا، یاخود چیتر لایەنەکان ئامادەی سازش کردن نابن، ئەوا ئەمەریکا دەستێوەردان دەکات بۆ ئەوەی زەمینەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەروسوڕمانە هەموو جارێك فشاری زیاتر دەخرێتە سەر کوردەکان بۆ ئەوەی سازش بکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەسەر حسابی مافی کوردەکان تەواو دەبێت؟**

- لە ماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی ڕابردوودا کورد لە حکومەتی عێراقی بەهێزتربون،بەڵام دەبێت ئەمە بگۆڕێت و بڕیارەکان لەسەر بنەمای دەنگدانی دیموکراتی دەربکرێن،دەبێت کوردەکان تێڕوانینێکی دۆستانە و کراوەیان هەبێت لە ئاست عەرەبەکاتی عێراقدا کە زۆرینەن نەك تێڕوانینێکی دوژمنکارانە. هەرچەندە ئەمە کارێکە سەختە بۆ ئەوەی کوردەکان ئەنجامی بدەن.

*** پێشبینیت چییە بۆ ئایندەی عێراق، ئایا باوەڕت وایە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە ئەگەر لەسەر ئەم ڕێگایە بەردەوام بێت؟**

- بەهۆی بوونی هەستێکی ناسیونالیستی بەهێز لە لایەن عەرەبەکانی عێراق، هەروەها بەهۆی ئەوەی کوردەکان بە دەوڵەتگەلێك دەورە دراون کە دابڕانی ئەوان لە عێراق دەکاتە کارێکی دژوار، ئەمەش وادەکات باشترین ڕێگا چارە بۆ ئەوان مانەوەبێت لە عێراقدا، ئەوا لەبەر ئەم دو هۆکارە من گەشبینم بە مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هەر ئەوەندە دەڵێم ڕاستە کێشە لە عێراقدا هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە بەرەوپێشچوونی گەورەش بەدی هاتووە.

**تەنها ڕێگەیەک بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە عێراقدا بوونی حکومەتێکی فیدراڵییە کە لە لایەن تێکڕای پێکهاتەکانەوە پشتیوانی لێبکرێت**

**دەبێت کوردەکان تێڕوانینێکی دۆستانە و کراوەیان هەبێت لە ئاست عەرەبەکاتی عێراقدا کە زۆرینەن نەک تێڕوانینێکی دوژمنکارانە. هەرچەندە ئەمە کارێکە سەختە بۆ ئەوەی کوردەکان ئەنجامی بدەن**



**ستیفن زۆنس بۆ گوڵان:**

# ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بەپێچەوانەوەی ئیدارەی پێشووە نیازپاکانە هەوڵی یارمەتیدانی خەڵکی عێراق دەدات

**پرۆفیسۆر ستیفن زۆنس کە ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ و سەرۆکی بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ناوبراو، بەیەکێك لە شرۆڤەوانە ناسراوەکانی جیهان لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دادەنرێت و هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانی جیهان بۆ شرۆڤەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق پەیوەندی پێوەدەکەن، بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر زۆنس بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** بەڕێز ستیفن زۆنس یەکێکە لەو شرۆڤەوان سیاسە دیارەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق ئایا چۆن شرۆڤەی باردۆخی ئێستای عێراق دەکەیت؟**

- لەگەڵ ئەوەی ئاستی توندوتیژی تا ڕاددەیەك پاشەکشەی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسەقامگیرییەکی زۆر بەدی دەکەین، هەروەها دژوارییەکی زۆری بەدی دەکەین لە گەیشتنی لایەنە جیاوازەکان بە ڕێککەوتنێك لە بارەی ئایندەی وڵاتەکەیانەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لە هێنانەدی سەقامگیریدا.

*** ئایا بەڕای بەڕێزت دەبێت هەوڵەکانی ئیدارەی ئەمریکا چۆن بن بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا و ئایا تاچەند دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لەم پرۆسەیەدا؟**

- ئیدارەی ئۆباما هەوڵدەدات ئەوەندەی مومکین بێت خۆی لە بارودۆخی عێراق بە دووربگرێت، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕی وابوو ئەمە شەڕێکی هەڵە و داگیرکردنێکی هەڵەبووە، هەروەها تێڕوانینی ئەم ئیدارەیە ئەوەیە بایەخی زیاتر بە بارودۆخی ئەفغانستان بدرێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ئیدارەیە چۆن دەتوانێت دەست لە بارودۆخی عێراق بشوات. هەوڵی ئیدارەی پێشوی ئەمەریکا دروستکردنی حکومەتێکی پاشکۆ بوو لە عێراقدا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کاروبارەکانی ئەو وڵاتە بکات، بەڵام ئەوە ڕوون بوو کە عێراقییەکان بە کورد و شیعە و سوننەوە ئەمەیان ڕەتدەکردەوە.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم ئیدارەیە دەتوانێت ئەم ئەرکە بە سەرکەوتووی تەواو بکات؟**

- من پێم وایە هەر لە بنەڕەتەوە ئامانجی ئیدارەی جۆرج بۆش هێنانەدی دیموکراسی نەبوو لە عێراقدا، بەڵکو دیموکراسی کردە پاساو و بیانوویەك بۆ ئەوەی حکومەتێکی پاشکۆ لە عێراقدا دابمەزرێنێت، واتە خۆی تەحەکوم بەوەوە بکات کێ کاروبارەکانی عێراق بەڕێوەدەبات، ئەوەی جێی سەرنجە هەمیشە برینی قۆناغی ئینتیقالی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو پێویستی بە بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت لە ناو خودی وڵاتەکەدا نەك سەپاندنی دیموکراسی لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە بە شێوەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

*** بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراسی پێویستی بە سازشی نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی وڵاتەکە هەیە، بەڵام تا ئێستا هیچ خاڵێکی هاوبەش بەدی ناکرێت لە نێوانیاندا، ئایا لەم ڕووەوە پێویست بە ڕۆڵی لایەنی سێیەم ناکات، بۆ نموونە ئەمەریکا بۆ یارمەتیدانیان لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتەکەدا؟**

- ڕەنگە بوونی لایەنی سێیەم و بینینی ڕۆڵی ناوبژیوانی کارێکی یارمەتیدەر بێت

بۆ عێراقییەکان، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا شیاوە بۆ بینینی ئەم ڕۆڵە یاخود دەبێت ڕێکخراوێکی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی مێژوی دەستێوەردانی ئەمەریکا لە عێراقدا بەم شێوەیەیە، لە ڕابردودا ئەمەریکا پشتیوانی لە کوردەکان کردووە و دواتر دەستی لێهەڵگرتون، هەروەها لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بەرپرسە لە کوشتنی چەندین شیعە و سوننەی مەدەنی، هەروەها پێشتر بەهۆی سەپاندنی سزاکانی بەرپرسیارە لە کوشتنی چەندین مناڵی عێراقی بەهۆی بەدخۆراکی و نەخۆشیەوە، کەواتە ئەمەریکا لای گەلی عێراق بە تەواوەتی بێزراوە.

*** هەمیشە باس لەوە دەکرێت ئەمەریکا پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە نییە، ئایا پلانی ئیدارەی ئۆباما چییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بە تایبەتی کە لە کۆتای ساڵی داهاتوودا هێزەکانی لە وڵاتەکە پاشەکشەپێدەکات؟**

- گومان لەوەدانییە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەندبوونێکی ئەخلاقی هەیە بۆ یارمەتیدانی عێراقیەکان، بۆ نموونە لە ڕووی دروستکردنی هێزێکی ئەمنی هاوبەشەوە بۆ پاراستنی تێکڕای عێراقییەکان لە هێزە توندڕەوەکان. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا دەبێتە جێی متمانەی عێراقیەکان؟، ڕاستە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بە پێچەوانەوەی ئیدارەی پێشووەوە نیازپاکانە هەوڵی یارمەتیدانی خەڵکی عێراق دەدات، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو کێشانەی ئیدارەی ئۆباما بەدەستیانەوە گرفتارە، هەروەها ئەو هەست و تێڕوانینەی عێراقییەکان هەیانە لە ئاست ئەمەریکادا تا چ ڕادەیەك ئیدارەی ئۆباما ئامادەیە و دەتوانێت ئەم ئەرکە بە سەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێت.

*** هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی هەیە لە گەڵ حکومەتی بەغدا، وەك ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و کێشەی کەرکوك کە کاریگەریان دەبێت لەسەر دیاری کردنی ئایندەی کوردستان لە عێراقدا، ئایا ئیدارەی ئەمەریکا بە چ شێوەیەك یارمەتی ئەم دوو لایەنە دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- ئەمەریکا ئەو ڕاستیەی لەبەرچاوە کە کوردەکان شایستەی ئەوەن ئاستێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت و تا ئەو ڕادەیەی مومکینە خۆیان کۆنترۆڵی کاروباری خۆیان بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری سەربەخۆبونی کوردەکان نیە، لەبەر ئەوەی ئەمە لە لایەك دەبێتەهۆی ئیستیفزازکردنی تورکیا کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دەستێوەردانی ئەو وڵاتە، هەروەها دەبێتەهۆی هاندانی بزوتنەوە جوداخوازەکانی تورکیا بۆ ئەوەی داوای سەربەخۆی بکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا کار بۆ ئەوە دەکات گرژی و ئاڵۆزی نێوان کورد و عەرەبەکان بەرەو هەڵکشان نەچێت چونکە ئەمە دەبێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و زیانگەیاندن بە ئامانجەکانی ئەمەریکا.

*** عێراق لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی نزیك دەبێتەوە، ئەمە هەل و مەرجێکی هەستیارە بۆ عێراقیەکان، چونکە لە لایەکەوە پێشبینی هەڵکشانی ئاستی توندوتیژی دەکرێت لە لایەکی دیکەشەوە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە مەترسیدایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا سازدانی هەڵبژاردن لە هەل و مەرجێکی لەم چەشنەدا تا چ ڕادەیەك هەڵبژاردنێکی تەندروست و سەرکەوتوو دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمەریکا خوازیارە هەڵبژاردنێك ئەنجامبدرێت کە خەڵکی عێراق پێیان وابێت هەڵبژاردنێکی پاك و عادیلانەیە، لە هەمان کاتدا خوازیاری سەرکەوتنی ئەو لایەنانەیە کە پشتیوانی لە ئامانجەکانی ئەمەریکا دەکەن، لەبەر ئەوەی چەندین هێزی ئاینی و نەتەوەیی توندڕەو هەن لە عێراقدا، بەڵام حاڵی حازر ئامانجی سەرەکی پاراستنی سەقامگیریە. ئەوەی پەیوەست بێت بە کاریگەری هەڵبژاردنەکانەوە من پێم وایە ئەگەر عەرەبەکان لەسەر بنەمایەکی تائیفی دەنگبدەن ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە، بە پێچەوانەوە ئەگەر دەنگ بۆ ئەو لایەنانە بدەن کە تێڕوانینێکی بەرفراوانتریان هەیە و پتر کار لەسەر بنەمای تەوافوق دەکەن ڕەنگە کاریگەریەکی ئیجابی هەبێت لەسەر سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە.

*** ئەگەر عەرەبەکان پەنا بۆ توندوتیژی ببەن لەگەڵ یەکدا چۆن ئەم کێشانە چارەسەردەبن؟**

- بە دڵنیاییەوە پەنابردن بۆ توندوتیژی بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات، واتە کێشەکان هەرچیەك بن نابێت توندوتیژی بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەرکردنیان. من پێم وایە دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی وڵاتەکە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵیان هەبێت لە دارشتنی ئەو خیتابە سیاسییەی باڵادەست دەبێت و نابێت ئەم کارە تەنها بۆ نوخبەکان جێبهێڵرێت، کە ئەگەر ئەم کارەمان کرد ئەوا دەتوانین کاریگەری و دەستێوەردانی دەرەکیش لەسەر ئاراستەکردنی ئەم خیتابە سیاسیە کەمبکەینەوە.

*** جێی سەروسوڕمانە هەموو جارێك فشاری زیاتر دەخرێتەسەر کوردەکان بۆ ئەوەی سازش بکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەسەر حسابی مافی کوردەکان تەواو دەبێت؟**

- بە داخەوە ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە ڕاستە، چونکە هەمیشە ئەمەریکا کوردەکانی هانداوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ بەغدا ئەگەر ئەمە خزمەتی بە بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی کردبێت، هەروەها فشاری خستۆتەسەر کوردەکان بۆ ئەوەی سازش لەگەڵ بەغدابکەن ئەگەر ئەمە ببێتەهۆی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا. ڕاستە کوردەکان پشتیوانی ئەمەریکایان کرد لە شەڕەکەیدا لە عێراق، بەڵام من هەمیشە بە گومانەوە لە ئەمەریکا دەڕوانم و پێم وایە ناکرێت لە مەودای دوردا متمانەی پێبکرێت، چونکە نیگەرانی سەرەکی ئەمەریکا لە عێراقدا سەقامگیریە و ئەمەش هاوسۆزی ئەمەریکا لەگەڵ داخوازیە ڕەواکانی کوردەکاندا دەکاتە کارێکی دژوار، هەروەها لەبەر ئەوەی عەرەب زۆرینەن لە عێراقدا ئەوا ئەگەر ئەمەریکا ناچار بێت لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا ئیختیار بکات، ئەوا لایەنگری عەرەبەکان دەکات.

*** دوا وتەت چیە؟**

- ناکرێت بەهۆی باڵادەستبوونی لایەنێکی دیاری کراوەوە بتوانین یەکگرتوی وڵاتەکە بپارێزین، ئەگەر عێراق خوازیارە بە یەکگرتوی بمێنێتەوە دەبێت دان بە مافی کوردەکاندا بنێت و ڕێزیان لێبگرێت، ئەمە بۆ هەموو پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتەکە ڕاستە. بەشداربوونی بەرفراوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتەهۆی بەرەوپێشبردنی کێشەی کورد، هەروەها تاوەکو سەرکردەکان ڕێز لە ئیرادەی خەڵك بگرن و کرانەوە و شەفافیەت پیادەبکەن لە پرۆسەی حکومڕانیدا ئەوا زیاتر شەرعیەتیان دەبێت لە چاوی خەڵکدا.

**ئیدارەی ئۆباما هەوڵئەدات ئەوەندەی مومکین بێت خۆی لە بارودۆخی عێراق بە دووربگرێت، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕی وابوو ئەمە شەڕێکی هەڵە و داگیرکردنێکی هەڵەبووە**

**هەر لە بنەڕەتەوە ئامانجی ئیدارەی جۆرج بۆش هێنانەدی دیموکراسی نەبوو لە عێراقدا، بەڵکو دیموکراسی کردە پاساو و بیانوویەک بۆ ئەوەی حکومەتێکی پاشکۆ لە عێراقدا دابمەزرێنێت**



# هێزی دبلۆماتیەتی بارزانی هەرێمی ک

له دوای رووخانی دیواری بەرلین و دەسپێکی سیستەمی نوێی جیهان گرنگترین مەسەلە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی گۆڕانی بەسەردا هات، چەمکی تەقلیدی دەوڵەت بوو، ئەمەش واتە رووخانی دیواری بەرلین، رووخانی ئەو سەروەریە تەقلیدیەی دەوڵەت بوو کە دەرهاویشتەکانی شەڕی سارد ببووە یەکێك لە بەندەکانی پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەسەر جیهاندا چەسپابوو، بەڵام دوای رووخانی دیواری بەرلین لەگەڵ ئەوەی بەندی تایبەت بەسەروەری دەوڵەت بەتەواوەتی لانەبرا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاستەنگەکانی شەڕی سارد کۆتاییان نەمابوو، بۆیە هەندێك گۆڕانکاری کرا، کە رێگەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا دەستێوەردانی مرۆیی بکەن و رێگە نەدەن چیتر سنورەکان ببنە تەلی بەندیخانە و دیکتاتۆرەکان گەلەکانی خۆیان وەك بەندیەکان سزا بدەن و هیچ کەسێك نەتوانێت سنوری بۆ دابنێت .

بۆ خۆشبەختی کورد و کێشە رەواکەی ئەم گۆڕانکاریەی لە چەمکی تەقلیدی سەروەریی دەوڵەت هاتە ئاراوە یەکەمجار بۆ بەرژەوەندی کورد و بە دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتە ئاراوە و، ئەمەش واتە چۆن بە رووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد شەڕی سارد لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، ئەمجارەشیان بە کۆڕەوە مێژووییەکەی گەلی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ شەڕی سارد لە کوردستان کۆتایی هات، هەندێك لە چاودێران


گوڵان
ژمارە (٧٦٢)
٢٠٠٩/١٢/٢٨



# ـوردستانی کردۆته دەوڵەتی ئەمری واقیع

پێیان وایە شەڕی سارد بە کۆدەنگی یەکێتی سـۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکا بـۆ دەرکردنی هێزەکانی سەدام حوسـێن لە کوەیت کۆتایی هات، بـەڵام کۆدەنگی یەکێتی سـۆڤیەت گۆڕانکاری لە چەمکی تەقلیدی سەروەریی دەوڵەت دروسـت نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەوە چەمکی تەقلیدی سـەروەریی زیاتر چەسپا، پێش داگیرکردنی کوەیـت لەلایەن عێراقەوە زۆر جار کە داگیرکاری دەبووە ئەمریی واقیع نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبوو مامەڵـەی لەگەڵدا بکات، وەك داگیرکردنی ئەفغانسـتان لە لایەن هێزەکانی سۆڤێتەوە لە هەشـتاکانی سەدەی رابردوودا، بۆیە کۆدەنگی سۆڤیەت لەگەڵ ئەمریکا بۆ دەرکردنـی عێراق لە کوەیـت، وایکرد عێراق بخاتە ژێر فەسەلی حەوتەمی پاکتی نەتەوە یەکگرتـووەکان و ڕێگەی بـە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هێـز بەکار بهێنن بۆ ئەوەی ئەو سـەروەریە تەقلیدیەی شەڕی سارد فەرزی کردبوو زیاتـر بچەسـپێت،کەواتە دەرکردنی عێراق لـە کوەیـت، کۆدەنگـی ئەمریکاو سۆڤیەت بوو بۆ ئەوەی ئەو برگانەشی پاکتی نەتەوەیەکگرتـووەکان کـە بەهۆی ململانێی شەڕی سـاردی نێوان بلۆکی سۆشیالیستی و بلۆکی رۆژئاواوە جێبەجێ نەدەکران، لەمەو پـاش جێبەجێ بکرین،بەڵام بڕیاری ٦٨٨ ی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ڕێگەیدا سـەروەری تەقلیـدی دەوڵـەت وەك پێشـان نەمێنێت، بەتەواوەتی بووە هەنگاوی یەکەم بۆ جاردانی کۆتایی شەڕی سارد لە جیهاندا.



## هەرێمی کوردستان
## لەم زەمینە تازەیەدا هاتە ئاراوە

دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٤نیسانی ١٩٩١،بەپێی ئەو بڕیارە ناوچەی دژە فڕین لەسەروو هێڵی **٣٦** بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دیاریکرا، بەڵام نە ناوچەکە خرایە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان، نە هێزەکانی ناتۆش پاراستن و سەلامەتی هەرێمی کوردستانیان گرتە ئەستۆ، سەرەتا سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستان کە ئەو کات لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانی دەکرد، بەوە رازی بوو لە ناوچەی دژە فرینی سەروو هێڵی **٣٦**ەوە وتوێژ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا بکرێت، ئەو کات رژێمی عێراق کە لەو پەڕی لاوازیدا بوو، شەرێکی گەورەی دۆراندبوو، گەمارۆیەکی ئابوری توندی نێودەوڵەتی بەسەردا سەپێنرابوو، لەمەش خراپتر رێگەی پێنەدەرا نەوتەکەشی بنێرێتە دەرەوە، نەهاتە ژێر بار بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە شیوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، لەبری ئەوە بڕیاریدا کە دامودەزگا ئیداریەکانی لە هەرێمی کوردستان بکێشێتەوە و گەمارۆیەکی دیکە بخاتە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان ناچار بێت داوای هەڵگرتنی چەتری ناوچەی دژە فرین بکات و هێزەکانی عێراق بگەرێنەوە بۆ هەرێمی و کوردستان و سەدام حوسێنیش بە جیهان بڵێت ئەوە من کوردستانم بۆ بەجێهێشتن، بەڵام خۆیان نەیانتوانی خۆیان بەرێوەبەرن و خۆیان داوا دەکەن بگەرێنەوە بۆ ژێر دەستی رژێم. سەدام حوسێن بۆ سەرخستنی ئەم بڕیارەی چەندین خاڵی گرنگی رەچاو کردبوو، کە ئێستاش ئەگەر بارودۆخی **١٩٩١** وەك خۆی بگێڕینەوە بەرچاوی خۆمان، ئەوجا دەزانین لەچ باردۆخێکی نا هەموار و دژواردا سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە ناوەوەی کوردستان رووبەرووی چ تەحەدیەك کرایەوە، کە هیچ کەسێك مەزندەی نەدەکرد سەرۆکێکی رۆژهەڵاتی ئاستی لۆژێکی سیاسیی گەیشتبێتە ئەو ئاستەی بتوانێت رووبەرووی ئەو تەحەدیانە ببێتەوە و زیاد لەمەش بەجۆرێك پشت بە هێزی دبلۆماتیەت ببەستێت، کە شکست بە دبلۆماتیەتی هێز بهێنێت، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە هەندێك لەو خاڵانە بکەین:

**١-** کاتێك سەدام حوسێن بڕیاریدا هێزەکانی و دامودەزگا ئیداریەکانی لەهەرێمی کوردستان بکێشێتەوە، هەرێمی کوردستان هیچ یەکەیەکی ئیداری نەمابوو کە لە راپەرینی بەهاری **١٩٩١** کاول نەکرابێت و تالان نەکرابێت.

**٢-** هەرێمی کوردستان نەك هەر خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبوو، بەڵکو زیاتر لە **٤٥٠٠** گوندی لەگەڵ زەوی تەخت کرابوو بەسەدان شارو شارۆچکەی کاول کرابوو،بە جۆرێکی دیکە ئەو کات کوردستان ئۆردوگایەکی زۆرە ملێی گەورە بوو، ئەوەی حکومەتی عێراق بۆی نەناردایە هیچی نەبوو.

**٣-** هەرێمی کوردستان وەك جوگرافیا، هەرێمێکی داخرابوو، بەچەند دەوڵەتێکی دراوسێ دەورە درابوو، کە نەك پێیان خۆش نەبوو کورد لەژێر چەتری دژە فرینی نێو دەوڵەتی بژی، بەڵکو ئەو چەترە نێودەوڵەتییەیان بە هەرەشە بۆ سەر ئاییندەی خۆیان دەزانی.

**٤-** لەمەش گرنگتر ئەو چەترە نێودەوڵەتییەی لە بنکەی ئەنجەرلیك بۆ پاراستنی ئاسمانی کوردستان دانرابوو، پاراستنێکی مەرجداربوو، دەبوو هەر شەش مانگ جارێك پەرلەمانی تورکیا رەزامەندی بدات بۆ ئەوەی ئەو چەترە نێودەوڵەتیە بمێنێتەوە یان کۆتایی پێبهێنرێت،

**هیچ کەسێک مەزندەی نەدەکرد سەرۆکێکی رۆژهەڵاتی ئاستی لۆژێکی سیاسیی گەیشتبێتە ئەو ئاستەی بتوانێت رووبەرووی ئەو تەحەدیانە ببێتەوە بەجۆرێک پشت بە هێزی دبلۆماتیەت ببەستێت، کە شکست بە دبلۆماتیەتی هێز بهێنێت**



زۆربەی چاودێرانی سیاسیی کورد و بیانیش پێیـــان وابوو پەرلەمانـــی تورکیا بڕیار بدات و بڕیار نەدات، ئـــەو چەترە هەر دەمێنێتەوە، لەوە بێ ئاگابوون کە ئەمریکا ڕێزی ئیرادەی پەرلەمانی تورکیا دەگرێـــت و ئەگەر بڕیار بدەن ئەنجەرلیك دابخرێت بێگومان دایدەخات، هـــەروەك چۆن لە ســـاڵی ٢٠٠٣ پەرلەمانی تورکیا ڕێگەی نەدا ئەمریکا بەرەی باکوری پرۆســـەی ئازاد کردنی عێـــراق لە تورکیاوە بکرێتـــەوە، ئەمریـــکا ڕێـــزی بڕیارەکـــەی پەرلەمانـــی تورکیای گـــرت، هەروەها بۆ ئیســـپانیاش کە یەکێك بوو لـــە هاوپەیمانە ســـەرەکییەکانی ئەمریکا لە هەمان پرۆسەدا، بـــەڵام کـــە پەرلەمانی ئیســـپانیا داوای لە حکومەتی ئیســـپانیا کرد هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، ئەمریکا داوای لە ئیسپانیا نەکرد بڕیاری پەرلەمانی وڵاتەکەی پشتگوێ بخات و هێزەکانی لە عێراق بمێنێتەوە، بۆیە مانەوەی هێزەکانی ئەنجەرلیك بۆ پاراســـتنی هەرێمی کوردســـتان بەرەنجامـــی هەوڵێکی دیکەی سەرۆك مســـعود بارزانی بوو، کە نەیهێشت پەرلەمانی تورکیا بیانووەیەکی ئەوتۆی دەست بکەوێت کە بڕیار بدات بنکەی ئەنجەرلیك لە تورکیا دابخرێت.

٥- هەرێمی کوردستان هیچ دامەزراوەیەکی ئیداری و دەستووری نەبوو، هەتا لە ڕێگەی ئەو دامەزراوە دەســـتوریانەوە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتـــە دراوســـێکانی بکات، خـــۆ ئەگەر هەشـــی بوایە دەوڵەتانی دراوسێ ئیعترافیان پێنەدەکـــرد، بـــەڵام دووربینـــی و لۆژیکی سەرۆك مســـعود بارزانی لەوەدا بوو، دەبێت ئەم دامەزراوە شـــەرعی و دەستوریانە بونیاد بنرێـــن و ببنە ئەمری واقیع بۆ ئەوەی جیهان ببینێت ودەوڵەتانی دراوسێ سەرەنجام بگەنە قەناعەت مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

٦- لەم باردۆخەدا هەموو چاودێرێکی سیاسی چاوەڕێی کارەســـاتێکی گەورەی لە هەرێمی کوردســـتان دەکرد، بەڵام لەماوەی کەمتر لە شـــەش مانگدا ســـەرۆك بارزانی ئاراستەی تێڕوانینی جیهانی بە ئاراســـتەیەکی ئیجابی گۆڕی هیوایەك دروســـت کە لە ناوچەیەکی نامۆ بـــە دیموکراتی، هەرێمێکی دیموکراتی لە دایك دەبێت.

## پشت بەستن بە ئیرادی گەلی کوردستان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تەحەدیە چارەنوسسازەکان

پێـــش ئـــەوەی وتوێژەکانـــی نێـــوان بەرەی کوردســـتانی و حکومەتـــی عێـــراق بگاتە بنبەســـت و حکومەتـــی عێـــراق هەرێمی کوردســـتان بەجێبهێڵێت، ســـەرۆك مســـعود بارزانـــی کە ئـــەو کات ســـەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو بۆ دانوســـتاندنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری گەورە شـــاری ســـلێمانی بە هەموو خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند، کە بەرەی کوردستانی لەسەر شـــێوازێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لەگەڵ حکومەتی عێراق گەیشـــتوونە ئـــەوەی ڕەشنووســـی ڕێککەوتنێـــك ئامادە بکرێت، بەڵام ئیمزاکردنی ئەم ڕەشنووســـە بۆ ئەوەی ببێتـــە ڕێککەوتنێك لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا نییە، هەر کاتێك بەرەی کوردســـتانی و حکومەتی بەغدا گەیشـــتنە ئەوەی ڕەشنووسەکە ببێتە ڕێککەوتن و ئیمزا بکرێت، ئەوا ئێمە ڕەشنووســـی ئەو ڕێکەوتنە دەدەینە خەڵکی کوردســـتان و دەبێت خەڵکی کوردســـتان لە ڕاپرســـیەکی سەرتاســـەریدا ڕەشنووســـی ئەو ڕێککەوتنە پەســـەند بکات ئینجا بەرەی کوردستانی ئیمزای دەکات، ئەم هەڵوێستەی ســـەرۆك بارزانی یەکەمجاربوو لەو باردۆخە ناســـکەدا بڕیاری چارەنووسساز بگێڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان، ئەمە هەنگاوی یەکەم و دەسپێکی سیاســـەتی دووربینانەی ســـەرۆك بارزانی بوو، کە هەر لەســـەرەتاوە گەڕایـــەوە بۆ گەلی کوردســـتان بۆ ئەوەی

**مانەوەی هێزەکانی ئەنجەرلیك بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان بەرەنجامی هەوڵێکی دیکەی سەرۆك مسعود بارزانی بوو**

خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات،بەڵام دیاربوو سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەگەڵ حکومەتی بەغدا نە گەیشتنە دوا رەشنووسی ریککەوتنەکە و دەرگای وتویژ و دانوستاندن داخرا و حکومەتی عێراق بڕیاری خۆی جێبەجێ کرد کە هەرێمی کوردستان لەسەرووی هێڵی ٣٦ەوە بەجێبهێڵێت.

لەم باردۆخە سەختەدا جارێکی دیکە سەرۆك بارزانی هەمان سیاسەتی پیادە کردەوە و لە سەرکردایەتی بەری کوردستانی داوا کرد کە ئەمجارەش هەر دەبێت بگەرێنەوە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان و زەمینەی یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستان ساز بکرێت بۆ ئەوەی دامەزراوە شەرعی و دەستوورییەکان بە ئیرادەی گەل لەکوردستان بونیاد بنرێتەوە.

ئەم هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی کە بووە بەرنامەی بەرەی کوردستانی بۆ ئەوەی یاسای ژمارە ١و٢ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دابرێژێت، بووە بنەمای ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستاندا، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێرامانە ئەوەیە، کەماوەی نێوان کشانەوەی دامودەزگا ئیدارەکانی حکومەتی بەغدا لە کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی هەڵبژێراوی کوردستان تەنها شەش تا حەوت مانگ بووە، ئەم ماوەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی سەد ساڵی رابردووی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە (Nation building) پرۆسەیەکی بێ وێنە بووە، هیچ نەتەوەیەك نەیتوانیوە بە درێژایی ١٠٠ ساڵی رابردوو لە باردۆخێکی لەو جۆرەدا نەك بە ٦-٧ مانگ بەڵکو بە ٦-٧ ساڵیش نەیتوانیووە پرۆسەیەکی لەو جۆرەی لە کوردستان ئەنجامدرا، ئەنجامی بدات، ئەمە دەگەرێتەوە بۆ لۆژیك و دووربینی سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی نەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەدا، سەرۆك بارزانی لەگەڵ هاوکێشەی سیاسی، چارەنوسی سیاسی میللەتێك مامەڵەی دەکرد، نەك هاوکێشەی سیاسی چارەنووسی حزبێك.، بۆیە کە ئەمرۆ دەمانەوێت لەسەر مەسەلەی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بە تایبەتی لەم راپۆرتەدا قسە بکەین، دەمانەوێت باسی ئەو هەنگاوانە بکەین کە بەدرێژایی ١٨ ساڵی رابردوو هێزی دبلۆماتیەتی بارزانی بەرهەمی هێناوە.






**لەماوەی کەمتر لە شەش مانگدا سەرۆک بارزانی ئاراستەی تێڕوانینی جیهانی بە ئاراستەیەکی ئیجابی گۆڕی هیوایەک دروست کە لە ناوچەیەکی نامۆ بە دیموکراتی، هەرێمێکی دیموکراتی لە دایک دەبێت**



## پەیوەندیەکانی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا
## ئاستی سیاسی و ئابووری تێپەڕاندووە گەیشتۆتە ئاستی دبلۆماتی







گەڕانەوە بۆ ئەو چەند دێڕەی لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد، پیویستییەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە دبلۆماتیەت و پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە( Nation building)لە دوای رووخانی دیواری بەرلینەوە، لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردووی دوای ئەم رووداوە هیچ پرۆسەیەکی بونیادنانەوەی نەتەوە هەر لە ئەمریکای لاتینەوە تا دەگاتە ژاپۆن، بە ئەورپای ناوەڕاست و ئەورپای رۆژهەڵات و دەوڵەتانی پیشووی یەکێتی سۆڤیەتەوە، هیچ پرۆسەیەك نییە هاوشانی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە وەك ئەو پرۆسەیە سەرکەتوو بێت کە لە هەرێمی کوردستان لە ژێر راسپاردە و رێنماییەکانی سەرۆك مسعود بارزانی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. ئەمە دەیڵێن ئاکامێکی حاشا هەڵنەگرەو لەسەردەمێکدا ئەم قسەیە دەکەین کە بانکی زانیاری نەك لەهەموو شارێکدا هەیە بەڵکو لە هەموو ماڵێکی کوردستان و لەبەر دەستی هەر تاکێکی کوردستان هەیە ودەتوانن لە ئینتەر نێت بگەڕێن و ئەزموونێکی سەرکەتووتر لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان پیشان بدەن، بەڵام بەمەرجێك ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابوری و نێودەوڵەتی و هەرێمیە لەبارچاو بگیریت کە هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ پێایدا تێپەڕیووە هەتا ئێستا. تەجربەی هەرێمی کوردستان کە سەرەتاکانی بە رێنماییەکانی سەرۆك مسعود بارزانی دەستی پێکراو هەر بەرێنمایی و سەرپەرشتی ئەو درێژەی پیدراو پارێزرا، دروستکردن و دامەزراندی دەوڵەتێکە لە هیچەوە، لە کەشوهەوایەکی بێ ئیمکانیەتی و نەبوونی پشتگیری سیاسیی و هاریکاری نێودەوڵەتییەوە، بۆیە ئێستا ئەگەر رەوشی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١-٢٠١٠ بکرێتە کتێبێك و پیشانی جیهان بدرێت، زۆر لەو کتێبەکەی سەنگافورە سەرنج راکێشتر دەبێت کە (لی کوان یو) بە ناوی (لە جیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەکەم) پێشکەشی جیهانی کردووە و هەموو سەرکردەو سیاسەتمەدارە بەناوبانگەکانی جیهان شاهیدی بۆ دەدەن، کە پیویستە ئەم کتێبەی (لی کوان یو) بخوێنرێتەوە لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی دیکە فێرە جیهان دەکات،

**سەرۆک بارزانی هەمان سیاسەتی پیادە کردەوە و لە سەرکردایەتی بەری کوردستانی داوا کرد کە ئەمجارەش هەر دەبێت بگەرێنەوە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان و زەمینەی یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستان ساز بکرێت**



**تەجرەبەی هەرێمی کوردستان کە سەرەتاکانی بە ڕێنمایەکانی سەرۆک مسعود بارزانی دەستی پێکراو هەر بەرێنمایی و سەرپەرشتی ئەو درێژەی پێدراو پارێزرا**

ئەو کتێبەی لی کوان یو، ئەزموونێکی سەرکەتووی سەردەمی شەڕی ساردە، بەڵام کتێبەکەی هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ بێت یان سبەی دەبێت بەڕێز مسعود بارزانی بینووسێتەوە، ئەزموونێکی سەرکەتووی دوای شەڕی ساردە و بە جیهانی سەلماند ئەو ئەو ئەزموونە تازەیەی لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، لە کوردستانیشەوە سەرکەوتن بە هەموو جیهان رادەگەیەنێت.

هەوڵەکانی ١٨ ساڵی رابردووی سەرۆك مسعود بارزانی وەڵامی پرسیاری ئەو بیرمەندایە کە هەموو جیهانیان بەو پرسەوە سەرقاڵ کردووە، دوای دەسپێکی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی، راستە دیموکراتی هەڵکشا بەڵام لیبرالیزم داکشا و هاتە خوارەوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان و لە ژێر راسپاردە و رێنماییەکانی سەرۆك بارزانی، دیموکراتیەت دەستی پێکرد و هاوشانی دیموکراتی رۆژ لە دوای بنەماکانی لیبرالیزم لە کوردستان دەچەسپێت، لەمەش گرنگتر ماوەی دووری چەسپاندنی لیبرالیزم کورت کراوەتەوە، ئەوەی دەوڵەتانی رۆژئاوا بە سەدان ساڵ بریویانە خەریکە هەرێمی کوردستان لە تەنها دوو یەکەدا دەیچەسپینیت، ئەگەر بەووردی لەسەر بەرنامەکانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ هەڵبژاردنی وەك سەرۆکی هەڵبژێراوی کوردستان هەڵوەستە بکەین و لەگەڵ ئەو بەرنامەیە بەراوردی بکەین کە لەگەڵ دەسپێکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئاراستەی گەلی کوردستانی کرد، دەبین بەرنامەکانی بۆ چەسپاندنی بنەماکانی لیبرالیزمە لە کوردستان، سەرخستنی ئەم بەرنامەیە لەماوەی چوار ساڵی داهاتووە سەرۆك مسعود بارزانیدا، کوردستان دەکاتە یەکەمین دەوڵەتی لیبرال دیموکراتی لە هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتدا بە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و رۆژهەڵاتی دووریشەوە.

ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ هاوڵاتیانی کوردستان تەنها ئەوە نییە کە خەڵکی کوردستان متمانەیان بەم بەرنامەیەی سەرۆك هەیە و پشتگیری لێدەکەن، بەڵکو هەموو دەوڵەتانی دیموکراتی لە جیهان بە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاشەوە، واتە ئەمبەر و ئەوبەری ئەتڵەس رێزی لێدەگرن وئەم ئەمری واقیعە بەجۆرێك خۆی خستۆتە روو کە دەبێت پشتگیری بکرێت، پشتگیری کردنیش لە کاتی ئاشتی و خۆشی و بەرژەوەندی هاوبەشدا نا، بەڵکو لەو کاتەی ئەم هەرێمە دەکەوێتە ژێر هەرەشەو دەوڵەتانی دیموکراتی ناچار دەبن بەرگری لێبکەن، ئەمەیە تێگەیشتنی تازەی پیادەکراوی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ چەمکی حکومرانی و مامەڵە کردن لە جیهانی سەردەمدا لە چوارچێوەی سیستەمی نوێی جیهاندا، کە ئەم راپۆرتە وای دەبینێت بێجگە لە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا ئەم تێگەیشتنە لە هیچ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی عەرەبی و ئیسلامیدا بوونی نییە.هەر بۆیە هەست دەکەین لەسەر ئاستی سیاسەتی ئیقلیمی و نیودەوڵەتیش رۆژ لە دوای رۆژ قەناعەت هێنان بەراستی ئەم تێگەیشتنە روو لە زیادبوونە.

## دەوڵەتی دیموکراتی هەڕەشە بۆ کەس دروست ناکات

بەبیر هێنانەوەی ئەو کاتانەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا بە بارێکی گرژی ئاڵۆزیدا تێدەپەرین، بەو مانایە نییە کە بڵێین ئێمە سەرکەوتووین و بەرامبەر شکست، بەڵکو بەو مانایە ئەو باکگراواندە دێنینەوە بیر، کە تێگەیشتن لە دیموکراتی و رێزگرتن لەسەر بنەمای هاوسێەتی باش، بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێوان هەردوولا بە ئاستێك دروست دەکات کە ئاییندەی هەر دوولا بەرەو ئاییندەیەکی گەش ببات. بۆیە ئێمە لەم باکگراوەندە باسی ئەو رۆژانە دەکەین کە لێك تێگەیشتن لە نێوان هەردوولا هەرێمی کوردستان و تورکیا بە ئاستێك دەگەیشتە بن بەست کە ژەنراڵەکانی تورکیا هەرەشەی داگیرکردنی کوردستان بکەن، راستە لەهەموو ئەو قۆناخە سەختانەدا سەرۆك مسعود بارزانی لەناو رووداوەکاندا لەگەڵ گەلی خۆی رووبەرووی ئەو تەحدیانە بۆتەوە، بەڵام زۆر جار رای گشتی جیهانیش لە ئاستی تێگەیشتنی پیویست نەبوو بۆ گوتار و هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی و هەندێك جار راگەیاندنە جیهانییەکان هێندە کاریگەر بوون، کاریگەریان لەسەر قەناعەتی تاکی کوردستان دروست دەکرد و هەندێك دەگەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە نابێت سەرۆك بارزانی لەم باردۆخە ناسکە هێندە توند بێت، بەڵام بەرهەمی هەڵوێستە توندە نیشتمانیەکانی سەرۆك بارزانی دەریخست، سیاسەتی نوێی جیهان رێگە نادات هێزی دبلۆماتی لەبەردەم



دبلۆماتیەتی هێز چۆك دابدات، ئێستا دوای ئەوەی بەرهەمی هەوڵەکانی بارزانی دەبینن، هەست دەکەین بارزانی یەکەم سەرۆکی رۆژهەڵاتی بوو بە ئیرادەی خۆی سەلماندی سەردەمی دبلۆماتیەتی هێز بەسەرچوو و دەبێت کێشەکان بە هێزی دبلۆماتی چارەسەر بکرێت، زۆر بەشانازییەوە ئاماژە بەوەدەکەین، کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٨ەوە هەتا ئێستا نەیتوانیوە لە کێشەی عەرەب- ئیسرائیل و فەلەستین –ئیسرائیل نەیتوانیووە ئەوە بۆ جیهان بسەلمێنێت کە ئەو کێشەیە بە هێزی دبلۆماتی چارەسەر دەکرێت نەك دبلۆماتیەتی هێز. گەورەترین رەخنەی ریچارد هاس و مارتن ئەندیك لە سیاسەتی ئیدارەی بوش ئەوەبوو، کە لە پیادەکرنی هێزی دبلۆماتی بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل شکستی هێناوە، بۆیە رێنمایی سەرۆك ئۆباما دەکەن و پێی دەڵێن ئەگەر دەتەوێت شکۆی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بگەرێتەوە ئەوا دەبێت هێزی دبلۆماتی سەرکەتوو بێت وسەرلەنوێ پرۆسەی ئاشتی عەرەب ئیسرائیل و فەلەستین ئیسرائیل دەست پێبکاتەوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە زۆرجار کە تورکیا بریاریداوە بە هێزی سەربازی مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، نەك ئەمریکا و نە یەکێتی ئەوروپا نەکەوتوونەتە نێوان کوردستان وتورکیا بۆ ئەوەی پەنابردن بۆ چارەسەری سەربازی روونەدات، بەپێچەوانەوە ئیدارەی ئەمریکا خۆی تیشکی سەوزی دایە تورکیا کە هێزە سەربازیەکانی سنوری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و گوشار بخەنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی واز لەهێزی دبلۆماتی وچارەسەری ئاشتیانە بهێنێت و پشتگیری لە دبلۆماتیەتی هێز بکات، بەڵام واقیع ئەوەی بە هەر سێ لا( تورکیا،یەکێتی ئەورپا، ئەمریکا) سەلماند کە لۆژیك و دووربینی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان تەنها رێگە چارەی دبلۆماتی و چارەسەری ئاشتیانەیە نەك رێگە چارەی سەربازی.

## سەردانی وەزیرانی دەرەوەو ناوخۆی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندییەکانە بۆ ئاستی دبلۆماتی

تەنها ساڵێك پێش ئێستا هەموو هەوڵی ئێمە لەگەڵ تورکیا بۆ ئەوە بوو رێز لەو دەسەڵاتانە بگرێت کە دەستووری عێراق لە چوارچێوەی عێراقدا بە هەرێمی کوردستانی داوە، داوامان ئەوەبوو تورکیاش وەك دەوڵەتانی دیکەی جیهان کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر بکاتەوە و ئێمە نوسینگەی حکومەتی هەرێم لە ئەنکەرا بکەینەوە، ساڵی پار هەر لەم مانگەدا رۆژنامەکانی تورکیا پێیان دەگووتین سەرۆك بوش رۆشت ئیدی کوردەکانی عێراق چی دەکەن، پێیان دەگووتین هەموو جیهان ئاهەنگ بۆ سەرکەوتنی ئۆباما دەگیرێت بەڵام هەرێمی کوردستان خۆشحاڵ نییە.

هەر لەهەمان مانگ و دوای ساڵێك لەسەردانەکەی بەرێز رەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ ئەمریکا و لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی نێوان ئۆباما و ئەردۆگاندا، سەرۆك ئۆباما دەستخۆشی لە ئەردۆگان کرد کە هەنگاوەکانی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی راستن و دەبێت ئەردۆگان لەسەر ئەم هەنگاوانەی حکومەتەکەی بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەڵیگرتووە خەڵات بکرێت، تێگەیشتن لەو پەیامەی ئۆباما نیشانەی ئەو هێزە دبلۆماتیەی بارزانییە کە دەبێت پیوەندییە هەرێمیەکانی نەك تورکیا و هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەبێت پەیوەندییە هەرێمیەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستیشی لەسەر بونیاد بنرێتەوە.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەوڵەکانی حکومەتەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگانیش لەبەر چاو بگرین کە سیاسەتی دەرەوەی لەسەر ئەو بنەمایە دارشتەوە ( دەوڵەتانی دراوسێکانمان دۆستمانن و دوژمنان نین)، هەروەها هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرێت سیاسیەتی ناوخۆشی بەو ئاراستەیە دابرێژێتەوە کە چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان بە ئاشتی و شێوازی دیموکراتیانە جێبەجێ بکات، لە پیادەکردنی ئەم دوو سیاسەشدا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە بۆ پەیوەندی هاوسێیەتی باش و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان بە تایبەتی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا، هەرێمی کوردستان هەماهەنگ و پاڵپشتی سیاسەتی حکومەتەکەی ئەردۆگان دەبێت، لەبەر ئەوەی دەمێکە هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە ئایندەی هەر دوولا لە پیادەکردنی دراوسێیەتی باش و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکاندا دەبێت.

بەرهەمی هەڵوێستە توندە نیشتمانیەکانی سەرۆک بارزانی، دەریخست، سیاسەتی نوێی جیهان رێگە نادات هێزی دبلۆماتی لەبەردەم دبلۆماتیەتی هێز چۆک دابدات

پرۆفیسۆر حوسێن باغچی ئوستادی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانە لە زانکۆی میدل ئێست تەکنیکاڵ لە ئەنکەرا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و پرۆسەی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا،بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی نیوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پرۆفیسۆر باغچی بەمجۆرە راو سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.



حوسێن باغچی بۆ گوڵان:

# تورکیا شەریکێکی ئیقلیمی ئیوەیە و تورکیا و هەرێمی کوردستان پێویستیان بەیەکە، دەبێت لەرووی سیاسییەوە پیکەوە کاربکەن و لەیەکتری تێبگەن

*** ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا لە نێویاندا هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئیجابی گۆڕاون، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- ئەم گۆڕانکاریە بەرهەم و دەرئەنجامی ئەو بنەما نوێیە کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیای لەسەر بنیاتنراوە ئەویش «نەبوونی هیچ کێشەیەکە لەگەڵ دراوسێکاندا» کە وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەم ئەرکەی گرتۆتەئەستۆ، بۆ نموونە تورکیا هەوڵیداوە کێشە و ئاڵۆزییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئێران و عێراق و سوریادا چارەسەربکات و ئەمەش کەش و هەوای متمانە بەیەك کردن و دۆخێکی ئەمنی باشی دروستکردووە، بە دڵنیاییەوە باکووری عێراقیش بەشێکە لە ئیعتیباراتە ئەمنیەکانی تورکیا، هەروەها گرنگە بۆ سەقامگیری ئابووری ئەو وڵاتە، لەبەر ئەوە سەردانەکەی وەزیری تورکیا گرنگە، بە تایبەتی بۆ نەهێشتنی پەکەکە ئەویش لە چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا، چونکە پەکەکە تەنها هەڕەشەیە نییە بۆ سەر تورکیا، بەڵکو سەرچاوەیی هەڕەشەیە بۆسەر ئەم وڵاتانەش.

*** چۆن سەردانەکەی وەزیری ناوخۆی تورکیا بۆ هەرێمە دەخوێنێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا سەردانەکە بۆ مەبەستی وتوێژکردن بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقی و بەرپرسە ئەمریکیەکان لەبارەی ئەو بەرەوپێشچوونانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت لە باکوری عێراقدا ڕووبدەن، بە تایبەتی ئەگەر بارودۆخی ئەو ناوچەیە بکەوێتە مەترسییەوە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا. هەروەها تورکیا هەوڵی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ ئیدارەی باکوری عێراقدا و سەردانی وەزیری ناوخۆی تورکیاش بەشێك بوو لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ دابینکردن و پاراستنی ئاسایش لە ناوچەکەدا.

*** ئێمە دەزانین ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندییە ئابووریە و سیاسیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوە دەچێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەردوولا پێویستیان بەیەکتری هەیە و تەواوکەری یەکترین، پرسیارەکە ئەوەیە پیشنبیت چییە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندیانە؟**



- تورکیای پەرەی بە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی داوە لەگەڵ عێراقدا و لەم چوارچێوەیەشەدا لەگەڵ باکووری عێراقدا، بە چەشنێك من پێم وانییە ئەگەری دروستبوونی ناکۆکیی یان هیچ ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو لە نێوان تورکیا و باکوری عێراقدا لە ئارادابێت.

*** هاوکاری دوولایەنەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەبەرەوپێشچوندایە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك حکومەتی تورکیا دەتوانێت سوود هاوکاری لە هەرێمی کوردستان وەربگرێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەی؟**

- ئێمە دەبێت پەیوەندییەکان لەگەڵ باکوری عێراقدا جیابکەینەوە لە بەرەوپێشچوونە ناوخۆییەکانی تورکیا و لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە ناسازیەك هەیە، لەبەر ئەوەی لەلایەك تورکیا پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ ئیدارەی باکوری عێراقدا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە چەندین کێشەی دیاری هەیە لەگەڵ کوردی وڵاتەکەیدا. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە کوردەکانی عێراق دەتوانن یارمەتی تورکیا بدەن لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی کرانەوە لە تورکیادا، بە تایبەتی ئەگەر بتوانن کاریگەری لە سەر پەکەکە بکەن بۆ ئەوەی چیتر نەبێتە مەترسی بۆ سەر تورکیا، کەواتە کوردەکانی عێراق دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵ ببینن بە تایبەتی ئەگەر دریژە بە بێلایەنی خۆیان بدەن لەم پرسەدا.

*** تا چ ڕاددەیەك ئەم بارودۆخەکە دەبێتەهۆی ئەوەی هەردوولا پەرەپێدانی ئەم پەیوەندیانە بە بەرژەوەندی خۆیان بزانن؟**

- لە تورکیادا بەو شێوەیە لە باکوری عێراق دەڕوانرێت کە هەرێمێکە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەدا پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵدا گەشە پێبدرێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە وەبەرهێن و بازرگانەکانی تورکیا ڕوودەکەنە ئەو ناوچەیە و وەبەرهێنان دەکەن، کە من پێم وانییە تورکیا ئەم پەیوەندییە تایبەتیەی،کە پەیوەندییەکی ئیجابیشە، لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دیکەی دەوروبەردا هەبێت. لەبەر ئەوە هەوڵ دەدات لە ئایندەدا ئاستی ئەم وەبەرهێنانی بەرەو پێشەوە ببات و باکوری عێراق بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە هەرێمێکی دەوڵەمەند و وەبەرهێنە تورکەکانیش بەردەوام دەبن لەسەر خستنەگەڕی سەرمایەکانیان لە بواری ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئەو ناوچەیە.

*** ئەوە ئاشکرایە کە بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی باشترکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان عێراق و تورکیا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك هەرێمی کوردستان دەبێتە پردێك بۆ پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا؟**

- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە پەیوەندیی حکومەتی مەرکەزیی عێراق لەگەڵ تورکیادا پەیوەندییەکی باشە و بەم دواییە چەندین ڕێککەوتن ئیمزاکرا لە نێوانییاندا و ئەمەش شتێکی گرنگە، کە لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی باکوری عێراق دەتوانێت ڕۆڵێکی تایبەت و مەکانەتێکی تایبەتی هەبێت، بە تایبەتی بەهۆی نزیکی ئەم ناوچەیە لە تورکیا، هەروەها بەهۆی بوونی دانیشتوانی کورد لە ناو وڵاتی تورکیادا. هەر لەبەر ئەمەشە تورکیا و باکوری عێراق پەرە بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیاندا دەدەن هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە هەرێمی باکوری عێراق دەبێتە گرنگترین شەریکی تورکیا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراقدا.

*** تا چ ڕاددەیەك تورکیا ئامادەیە درێژە بە هەوڵەکانی بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێی گفتوگۆوە؟**

- کێشەی کورد لە تورکیادا یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکان و لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کوردەکانی عێراق دەتوانن ببنەشێك لە چارەسەرەکە، هەروەها کوردەکانی عێراق دەتوانن یارمەتی تورکیا بدەن لەم ڕووەوە بە تایبەتی لە بواری کۆنترۆڵکردنی سنورەکان و ڕێگرتن لە چالاکی بزوتنەوە جوداخوازیەکان.

*** دوا وتەت چیە؟**

- تورکیا شەریکێکی ئیقلیمیە و تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراقیش پێوستیان بە یەکتری هەیە و هیچ گومانێك نییە لەم مەسەلەیەدا، من پێم وایە دەبێت لە ڕووی سیاسیەوە پێکەوەکاربکەن و یارمەتی یەکتر بدەن و لەیەکتر تێبگەن و هەوڵی بنیاتنانی ئایندەیەکی هاوبەش بدەن.

**ئەم گۆڕانکاریە بەرهەم و دەرئەنجامی ئەو بنەما نوێیە کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیای لەسەر بنیاتنراوە ئەویش «نەبوونی هیچ کێشەیەکە لەگەڵ دراوسێکاندا» کە وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەم ئەرکەی گرتۆتەئەستۆ**

**لەلایەک تورکیا پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ ئیدارەی باکوری عێراقدا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە چەندین کێشەی دیاری هەیە لەگەڵ کوردی وڵاتەکەیدا**

**رۆژنامەنووس و شرۆڤەوانی سیاسی مەتین مونیر یەکێکە لە ستوننووسەکانی رۆژنامەی بەناوبانگی میللیەت لە تورکیا و بەردەوام لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەسەر دەنووسێت، ئێمە لە راپۆرتی هەفتەی رابردووی گوڵاندا بەشێکمان لە نووسینی ئەم رۆژنامەنووسە ناودارە لە پێشەکی راپۆرتەکەمان بڵاوکردبۆوە، بۆ ئەم هەفتەیە بە باشمان زانی راستەوخۆی بەشدار بێت لە راپۆرتەکەمان و بە سوپاسەوە بەشداری کردین و ئەمە دەقی لێدوانە تایبەتەکەیەتی بۆ گوڵان:**



**مەتین مونیر بۆ گوڵان:**

# ئەنکەرە گەیشتۆتەو ئەو قەناعەتەی هەرێمی کوردستان واقعێکە ناگۆڕێت و دەبێ درێژە بە سیاسەتی کرانەوە بدرێت

**ئەنقەرە لەو ڕاستییە تیگەیشتووە کە ئەم ئۆتۆنۆمییە کوردیە واقیعێکە و ناتوانرێت بگۆڕدرێت، ئەگەر بوونی پەکەکە لە باکوری عێراقدا نەبێتە هۆی پەکخستنی ئەوا ئەگەری ئەوەیە هەیە درێژە بەم سیاسەتە بدرێت**

*** ئێمە دەزانین سەردانی شاندێکی پایەبەرزی تورکیا بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە بۆ هەرێمی کوردستان و پێشتریش وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ئەم هەرێمەی کرد، هەمویان ئاماژەن بەوەی تورکیا بە تەواوەتی پەیوەندییەکانی ئاسایی کردۆتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا،پرسیارەکە ئەوەیە چۆن سەردانەکەی وەزیری ناوخۆی تورکیا بۆ هەرێمە دەخوێنێتەوە؟**

- تورکیا سیاسەتی «نەبوونی هیچ کێشەیەك لەگەڵ دراوسێکاندا» پیادە دەکات. بە پێی ئەم سیاسەتە خوازیاری ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ هەرێمە ئۆتۆنۆمییە کوردیەکەدا. بە تیرِوانینی من ئەنقەرە لەو ڕاستیە تیگەیشتووە کە ئەم ئۆتۆنۆمیە کوردیە واقیعێکە و ناتوانرێت بگۆڕدرێت. ئەگەر بوونی پەکەکە لە باکوری عێراقدا نەبێتە هۆی پەکخستنی ئەوا ئەگەری ئەوەیە هەیە درێژە بەم سیاسەتە بدرێت.

*** ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا لە نێویاندا هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئیجابی گۆڕاون، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- لە ڕووی مێژووییەوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پاشکۆی بەرژەوەندییەکانی ناتۆ بووە، بەتایبەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. لە سەردەمی حکومڕانێتی ئەردۆغاندا تورکیا ئەم پاشکۆیەتییەی شکاند و ئەولەویەتی دا بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا. یەکێك لە بنەماکانی ئەم سیاسەتە بریتیە لە «نەبوونی هیچ کێشەیەك لەگەڵ دراوسێکاندا.» لە هەمان کاتدا نائومێد بوون لە ئەوروپا، هەروەها ئیسلامیزمی پارتی داد و گەشەپێدان و ڕق لێبوونەوە لە ئیسرائیل و هاوسۆزی لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکاندا هۆکارگەلێکی دیکەن کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەم سیاسەتە، کە من باوەڕم وایە باشتر خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە دەکەن.



**لە ڕووی مێژووییەوە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پاشکۆی بەرژەوەندییەکانی ناتۆ بووە، بەتایبەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. لە سەردەمی حکومڕانێتی ئەردۆغاندا تورکیا ئەم پاشکۆیەتییەی شکاند**

*** ئێمە دەزانین ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوە دەچێت،ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەردوولا پێویستیان بەیەکتری هەیە و تەواوکەری یەکترین، پرسیارەکە ئەوەیە پێشبینیت چییە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندییانە؟**

- تورکیا هەستیار و نیگەرانە لە ئاست بوونی دانیشتوانێکی گەورەی کورد لە وڵاتەکەیدا و تیرۆریزمی پەکەکەش کە باکوری عێراقی کردۆتە بنکەیەك بۆ خۆی بۆتە سەرچاوەی گیروگرفت بۆ تورکیا. ئەگەر پەکەکە بەردەوام بێت لەسەر بەکارهێنانی باکوری عێراق وەك بنکەیەك بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی، ئەوا ئاستی چالاکییە ئابورییەکان هەرچەندێك بن ڕێگە لە تێکچوونی پەیوەندییەکان ناگرن. سەرکەوتنی پرۆسەی کرانەوەی ئەرۆدغان لە ئاست کوردەکاندا چەند بۆ تورکەکان گرنگە هێندەش بۆ کوردەکان.

*** هاوکاری دوولایەنەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لەبەرەو پێشچووندایە،بەتایبەتی لەسەر ئاستی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك حکومەتی تورکیا دەتوانێت سوود هاوکاری لە هەرێمی کوردستان وەربگرێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکەی؟**

- کوردەکان عێراق کاریگەریان هەیە لەسەر پەکەکە و تەنانەت لەسەر کوردەکانی تورکیاش کە دەکرێت ئەم کاریگەریە بەکاربهێنن بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کوردەکاندا کە لە لایەن ئەدرۆغانەوە خراوەتە روو. ڕەنگە حاڵی حازر ئەوەیان کردبێت.

*** ئەوە ئاشکرایە کە بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبێتەهۆی باشترکردنی پەیوەندیەکان لە نێوان عێراق و تورکیا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك هەرێمی کوردستان دەبێتە پردێك بۆ پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا؟**

-من پێم وایە ئەم دوو بابەتە جیاوازن، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی تورکیا لە عێراق و لە باکوری عێراقدا یەك شت نییە.

*** تا چ ڕادەیەك تورکیا ئامادەیە درێژە بە هەوڵەکانی بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێی گفتوگۆوە؟**

-کێشەی کورد لە تورکیادا هێندەی خودی کۆماری تورکیا دێرێنە. کەواتە چارەسەرکردنی ئاسان نیە، بەڵام هەردەبێت تورکیا هەوڵ و تێکۆشان بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە چارەسەری بکات ئەویش لە ڕێی پێدانی ماف بە کوردەکان تاوەکو ببنە هاووڵاتییەکی یەکسان لە وڵاتەکەدا. بەڵام ئایا ئەردۆغان دەتوانێت ئەم ئامانجە بهێنێتەدی یان نا ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. لەم پرۆسەیەدا دووچاری کێشە و دواخستنی کاتیو ڕاوەستان و دەستپێکردنەوە دەبینەوە، بەڵام ناکرێت لە ڕێی بەکارهێنانی هێزی چەکداریەوە چارەسەربکرێت، هەروەها ناکرێت چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش زیاتر دوابخرێت.

**کێشەی کورد لە تورکیادا هێندەی خودی کۆماری تورکیا دێرێنە. کەواتە چارەسەرکردنی ئاسان نیە، بەڵام هەردەبێت تورکیا هەوڵ و تێکۆشان بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە چارەسەری بکات**

پرۆفیسۆر مورات سۆمەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کۆچ لە ئەستەنبوڵ و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا پرۆفیسۆر سۆمەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



مورات سۆمەر بۆ گوڵان:

# تورکیا هەستی بەو ڕاستییە کردووە و ناتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت ئەگەر کێشەی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت

**تورکیا پێویستی بە هاوکاری حکومەتە کوردییەکەی عێراق هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئەمنیەی لەسەر سنورەکانیدا هەیە کە خۆی لە بوونی چەکدارانی پەکەکە لە چیای قەندیل و کەمپی مەخموردا دەبینێت**

**گەشەکردنی تورکیا گرێدراوە بە گەشەکردنی وڵاتانی دەوروبەرەوە**

*** ئێمە دەزانین سەردانی شاندێکی پایەبەرزی تورکیا بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە بۆ هەرێمی کوردستان و پێشتریش وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ئەم هەرێمەی کرد، هەموویان ئاماژەن بەوەی تورکیا بە تەواوەتی پەیوەندییەکانی ئاسایی کردۆتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن سەردانەکەی وەزیری ناوخۆی تورکیا بۆ هەرێمە دەخوێنێتەوە؟**

- من پێم وایە ئەمە بەردەوامیدانە بە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیادا، هەروەها بەرهەمی زیادبوونی ئاستی هاوکاری نێوان هەردوولایە، کە ئەم هاوکارییەش بەرژەوەندی ئابووری و ئەمنی لە خۆدەگرێت. لە هەمان کاتدا تورکیا پێویستی بە هاوکاری حکومەتە کوردییەکەی عێراق هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئەمنیەی لەسەر سنورەکانیدا هەیە کە خۆی لە بوونی چەکدارانی پەکەکە لە چیای قەندیل و کەمپی مەخموردا دەبینێت، هەر ئەمەش باس و خواسی شاندی تورکیا بوو کە سەردانی ئەو ناوچەیەیان کرد، لەبەر ئەوەی تاوەکو کێشەی پەکەکە چارەسەرنەکرێت ئەوا پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کوردەکانی تورکیادا نییەووچاری دژواری دەبێتەوە. بەڵام من دڵنیانیم ئەمە بەسەرکەوتوویی ئەنجامدەدرێت یان نا، لەبەر ئەوەی پەکەکە خوازیاری ئەوەیە وەك گەمەکارێکی سیاسی بەشداری لە پرۆسەکەدا بکات، کە ئەگەر ئەم دەرفەتەی پێنەدرێت ئەوا گرژییەکان بەرەو هەڵکشان دەچن.

*** ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا لە نێویاندا هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئیجابی گۆڕاون، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بۆچی دەگەڕێنێتەوە؟**

- ئەوە ڕاستە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەر بنەمایەکی نوێ دارڕێژرایەوە کە ئەویش نەبوونی هیچ کێشەیەکە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، چەند هۆکارێك لە پشت ئەم ئاڵوگۆڕەوەن، یەکەمان تورکیا درك بەو ڕاستییە دەکات کە ناتوانێت لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە بەرەوپێشبچێت ئەگەر کێشەی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا هەبێت، هەروەها گەشەکردنی تورکیا گرێدراوە بە گەشەکردنی وڵاتانی دەوروبەرەوە، بۆ نموونە ناکرێت ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا گەشە بکات ئەگەر هاتوو عێراق لە گەشەکردندا نەبێت، بە تایبەتی هەرێمە کوردییەکەی ئەو وڵاتە، لە لایەکە دیکەوە تورکیا هەوڵئەدات پێگە و ڕۆڵی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پەرەپێبدات کە نییەووبارە ئەمەش پێویستی بە بوونی پەیوەندیگەلێکی باش و گەشەکرنییەووە لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا، بۆ نووونە تورکیا هەوڵیداوە کێشەکانی لەگەڵ ئەرمینیا چارەسەربکات، هەروەها هەوڵیداوە ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینێت لە یەکلاکردنەوەی قەیرانی نێوان ڕوسیا و جۆرجیادا، بە هەمان شێوە کۆششی کرنییەووە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی بنیاتنەرببێنیت لە چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلیەکاندا. ئەوەی تایبەت بێت بە عێراق و لەم چوارچێوەیەشدا

هەرێمـــی کوردی ئـــەو وڵاتە، ئـــەوا تورکیا پێویســـتی بـــە هـــاوکاری کوردەکانی عێراق دەبێت بۆ بەرەوپێشـــبردنی پرۆسەی کرانەوە لە ئاست کێشـــەی کوردی وڵاتەکەدا، بۆ نموونە کێشـــەی کورد لە تورکیـــادا نییەو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی ئەمنی و ڕەهەندی سیاسی، کە دەبێـــت لێکجیابکرێنەوە، بەڵام بەهۆی ئەو هێرشـــانەی لە لایەن پەکەکـــەوە ڕوودەدن کە سنور دەبەزێنن و ســـەربازی تورکی دەکوژن، ئەوا جیاکردنەوەی ئەم نییەو ڕەهەندە زەحمەت دەبێت، هەر ئەمەش هـــۆکاری ئەوەیە تورکیا هەوڵئـــەدات بە هـــاوکاری کوردەکانی عێراق ئەم کێشـــە ئەمنییە کۆتـــای پێبهێنێت یاخود سنورداری بکات بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بۆ چارەسەرکردنی ڕەهەندە سیاسییەکەی کێشەکە تەرخانبکات کە لە ڕێی دیموکراتییەوە دەکرێت یەکلابکرێتـــەوە. هەروەها بوونـــی پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کـــوردی عێراقدا کاریگەری دەبێت لەســـەر گۆڕینـــی تیڕوانینـــەکان لە تورکیـــادا، لەبەر ئەوەی هەمیشـــە کێشـــەی کوردەکان گرێدراوە بـــە جوداخوازییەوە، بەڵام ئەگەر تورکیا پەیوەندی ئابووری و سیاســـی باشـــی لەگەڵ کوردەکانی عێراقـــدا هەبێت کە ئێســـتا هەوڵدراوە بۆ دروســـتکردنی ئەو پەیوەندییانە، ئەو کاتە ئەو ڕاستییە بۆ خەڵکی تورکیـــا ڕوون دەبێتەوە کـــە کوردەکانی عێراق هەوڵی ئەوە نادەن بەشـــێك لـــە خاکی تورکیا دابڕن، ئەمـــەش کاریگەری دەبێت لەســـەر تێڕوانینـــی خەڵك و ئەو کاتـــە جێبەجێکردنی مـــاف و داوا ڕەواکانی کوردەکانی تورکیا وەك هەوڵدن بۆ جیابوونەوە لێکنادرێتەوە.

*** ئێمـــە دەزانیـــن ڕۆژ بـــە ڕۆژ پەیوەندییە ئابوورییە و سیاســـییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردســـتان بەرەوپێشـــەوەدەچێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەرنییەولا پێویستیان بەیەکتری هەیـــە و تەواوکـــەری یەکترین، پرســـیارەکە ئەوەیە پێشـــنبیت چیە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندییانە؟**

- لە ڕاســـتیدا ئەنجامدانی ئـــەم کۆبوونەوانە کاریگەری باشیان دەبێت و دەبنەهۆی ئەوەی هەرنییـــەولا زیاتر متمانـــە بەیەکتری بکەن، بەڵام پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك کوردەکانی عێـــراق ئامادەیـــی یارمەتیدانی تورکیایان تێدایە بـــۆ دژایەتیکردنی پەکەکە، ئایا سنوری ئەم یارمەتیانە چییە، من ناتوانم وەڵامـــی ئەمە بدەمـــەوە. ئەوەی پەیوەســـت بێت بە پرســـی کرانەوەی تورکیـــا بە ڕووی کێشـــەی کـــوردی وڵاتەکەیدا، ئـــەوا دەبێت حکومەتـــی تورکیا پێداگیری بکات لەســـەر درێژەپێدانی ئەم پرۆسەیە، لەبەر ئەوەی ئومێد و چاوەڕوانی خەڵکی بەرزکردۆتەوە و لە ئاست ئەم پرســـەدا و دەســـتلێهەڵگرتنی دەبێتەهۆی ئەوەی حکومەتـــی تورکیا زۆرێك لە پێگەی خۆی لەدەستبدات، بەڵام ئایا دەرئەنجامی ئەم پرۆســـەیە چۆن دەبێت، من دەڵێم بەو شـــێوەیە نابێت کە زۆرێك لە کوردەکان چاوەڕێی دەکەن، هەروەها بەو شـــێوەیەش نابێـــت کە زۆرێك لە تورکەکان پێشبینی دەکەن، بەڵکو دەبێت جۆرێك لە سازش و موسامەوەدروستبێت لە نێوانیاندا.

*** ئایا ڕۆڵی سەرکردە کوردەکان لەم ڕووەوە چۆن هەڵدەسەنگێنێت، ئایا لە ئاستی پێویستدایە لە بواری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیادا؟ ئایا کوردەکان تەنها پێشـــوازییەکی گەرم لە هەنگاوەکانـــی تورکیا دەکەن، یاخود خۆشـــیان هەنگاو بە ئاڕاســـتەی باشکردنی پەیوەندییەکاندا دەنێن؟**

- من ئاڵوگۆڕێك بەدی دەکەم لە سیاسەت و گووتاری ئەم چەند ســـاڵە کەمەی نییەوایی سەرکردە سیاسییەکانی کوردەکانی عێراق. من پێم وایە ئەم ســـەرکردانە هەنگاویان گرنگیان هەڵگرتووە، بە تایبەتی لێنییەوانەکەی بارزانی کە تێیدا باســـی لەوەکردبوو سەردەمی خەباتی چەکداری بەســـەرچووە و پێویستە پەکەکەش لەمە تێبگات، بەڵام خاڵی یەکلاکەرەوە نەمانی پەکەکەیە لە باکـــوری عێراقدا کە ڕوون نییە تا چ ڕاددەیەك کوردەکانی عێراق دەتوانن یان دەیانەوێت بڕیاری قورس بدەن لەم ڕووەوە.

*** تا چ ڕاددەیەك بەرەوپێشـــچونی پەیوەندییە ئابوورییـــەکان ڕەنگدانـــەوەی دەبێت لەســـەر پەیوەندییە سیاســـییەکان، لەبـــەر ئەوەی لەم ســـاڵانەی نییەواییـــدا پێشـــوازییەکی گەرم لە پیاوانـــی کاری تورکی و لـــە بازرگان و وەبەرهێنـــەرە تورکییـــەکان کرا لـــە هەرێمی کوردســـتاندا، هەروەهـــا بەهـــۆی دۆزینەوە و دەرهێنانـــی نەوت و گاز کـــە تورکیا تاکە دەروازیە بۆ ناردنە دەرەوەی ئەم نەوتە بۆ دەرەوە ئەم پەیوەندییەکان بەرەوپێشەوەدەبان، پرسیارەکە ئەوەیـــە تـــا چ ڕاددەیەك ئـــەم بارودۆخەکە دەبێتەهۆی ئەوەی هەرنییەولا پەرەپێدانی ئەم پەیوەندییانە بە بەرژەوەندی خۆیان بزانن؟**

- ڕاستە ئەم پەیوەندییانە بەرژەوەندی ئابووری هەرنییەولا دەهێنێتەدی، بـــەڵام من پێم وایە بەرژەوەندییـــە ئابورییەکانـــی لایەنی کوردی زیاترە لە هاوکێشەکەدا، لەبەر ئەوەی نیگەرانی ســـەرەکی تورکیا پرســـی ئەمنیە، هەرچەندە لە هەمان کاتدا ئەمـــە دەبێتەهۆی هێنانەدی بەرژەوەندییـــە ئەمنیەکانی لایەنی کوردی، بە تایبەتـــی نییەوای ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە ئێمە شان بە شانی یەك دەمێنینەوە کە دەبێت هـــاوکاری و پەیوەندیی ئاشـــتیانە هەبێت لە نێوانماندا. لەگەڵ ئەوەشـــدا من پێم وایە نییەو کێشـــەی گەورە ماون لە بەردەم ئەم پەیوەندییانەدا، یەکەمیـــان بوونی پەکەکەیە، نییەووەمیان کێشـــەی کەرکوکە، کە هێشـــتا چارەســـەرنەکراوە و ئەگەری ئـــەوە هەیە لە داهاتوودا گرفتی دیکەی لێبکەوێتەوە.

*** ئـــەوە ئاشـــکرایە کـــە بەرەوپێشـــبردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردســـتان دەبێتەهۆی باشترکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان عێراق و تورکیا، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك هەرێمی کوردستان دەبێتە پردێك بۆ پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا؟**

- سیاســـەتی تورکیا ئەوەیە پەیوەندیی لەگەڵ عێراقدا هەبێت، کە دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا پـــەرە بە پەیوەندییەکانیشـــی بـــدات لەگەڵ هەرێمە کوردییەکـــەدا. هەرچەندە ئەمە زیاتر دەوەستێتەسەر ئەو سیاسەتەی لە عێراقدا پیادە دەکرێت.

*** تا چ ڕاددەیـــەك تورکیا ئامادەیە درێژە بە هەوڵەکانی بدات بۆ چارەســـەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکە بە شـــێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێی گفتوگۆوە؟**

- من پێـــم وایە حکومەتـــی تورکیا بەردەوام دەبێت لەبـــەر ئەوەی هیـــچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، بەڵام ئەم پرۆســـەیە ڕووبەڕووی نییەو کێشەیە دەبێتەوە، یەکەمیان ئـــەو تونێییەوتیژییەیە کـــە ڕوودەدات، وەك کردەوەکانـــی پەکەکە و خۆپیشـــاندانەکان کە ئێمە بینیمان لە کاتی هێرشکردنەسەر پاسێکدا و ســـوتاندنی کچێك لە ناوپاســـەکەدا سوتا و گیانی لەدەســـتدا. کێشـــەی نییەووەم ئەوەیە هەندێ جـــار هەنـــدێ داواکاری دەکرێت کە هێشتا کۆمەڵگەکە ئامادەی قبوڵکردنی نییە. لە لایەکی دیکەوە لە ســـەرەتادا خستنەڕووی ئـــەم پێشـــنیارە خەڵکـــی والێکـــرد ئومێد و چاوەڕوانییەکی زۆریان هەبێت بەم پرۆســـەیە بـــەڵام نییەواتر نییەوچـــاری نائومێدی بوون و نییەواتر بارنییەوۆخەکە هەڵکشـــا و هەوڵی پەکخستنی پرۆســـەکە دراوە و خەڵك ڕەشبین بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو ڕاستیەیان بۆ دەرکەوت کە جگە لە گفتوگۆ ڕێگاچارەیەکی دیکە نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بۆ نموونە دەرکەوت داخستنی دەتەپە نابێتەهۆی چارەســـەرکردنی کێشـــەکە، لەبەر ئەوەی لە پڕێکدا بۆیان دەرکەوت کە هیچ نوێنەرێك نییە تاوەکو لەگەڵیدا بنییەوێین، هەروەها دەتەپەش گەیشـــتە ئەو ڕاســـتییەی جگە لە ڕێگای دانوســـتاندن ڕێگەیەکی دیکە لە ئارادانییە، لەبەر ئەوە نییەوای کشـــانەوەیان لەسەر داوای ئۆجەلان نییەوبارە گەڕانەوە بۆ ناو پەرلەمان. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەن و دژوارە، بـــەڵام لە هەمان کاتدا خواســـت و پێداگیری هەیە بۆ چارەسەرکردنی.

سەردەمی خەباتی چەکداری بەسەرچووە و پێویستە پەکەکەش لەمە تێبگات

بەرژەوەندییە ئابورییەکانی لایەنی کوردی زیاترە لە هاوکێشەکەدا نییەو کێشەی گەورە ماون لە بەردەم ئەم پەیوەندییانەدا، یەکەمیان بوونی پەکەکەیە، نییەووەمیان کێشەی کەرکوکە، کە هێشتا چارەسەرنەکراوە و ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا گرفتی دیکەی لێبکەوێتەوە

پرۆفیسۆر مستەفا ئایدن ئوستادی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئەنکەرا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەو و ئاسایشی تورکیا و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا و لە ناوچەکەدا، هەروەها شرۆڤەوانێکی سیایشە لەسەر پرسەکانی پەیوەست لە سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی تورکیاوە، بۆ قسەکردن لەسەر بەرەو پێشەوە چوونی پەیوەندییەکانی نیوان تورکیاو هەرێمی کوردستان پرۆفیسۆر ئایدن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



**سەردەمی ڕوبەڕبوونەوەی تورکیا لەگەڵ گروپەکانی باکوری عێراقدا بۆتە ئەگەرێکی دوور و ئەمە زیاتر بۆتە بەشێک لە ڕابردوو**

**مستەفا ئایدن بۆ گوڵان:**

# هەرێمی کوردستان تورکیا دەبەستێتەوە بەبەشەکانی دیکەی عێراقەوە ئێمە پێشوازی لەم ڕۆڵە ئیجابییە دەکەین

**تورکیا بڕیاری بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی داوە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا**

*** چۆن بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەبینیت؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە ئەو پەیوەندییانە بەرەوپێشەوەدەچن، چەند ڕۆژێك پێش ئێستا وەزیرێکی ئێمە سەردانی ئەم هەرێمەی کرد و ئەوەش ڕوونە کە تورکیا بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ کردنەوەی کونسولگەریەك تێیدا. ئەوەی پەیوەندی بە ئەنقەرەوە هەبێت ئەوا پەیوەندییەکان جێی ڕەزامەندین، بەڵام ئەوەی تاکە سەرچاوەی کێشەیە بوونی هێزە چەکدارەکانی پەکەکەیە لە باکوری عێراقدا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیە، کە ئێمە دەزانین هەفتەی ڕابردوو کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵی لە نێوان ئەمەریکا و تورکیا و عێراقدا بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدرا. من پێم وایە سەردەمی ڕووبەڕبوونەوەی تورکیا لەگەڵ گروپەکانی باکوری عێراقدا بۆتە ئەگەرێکی دوور و ئەمە زیاتر بۆتە بەشێك لە ڕابردوو لە تێڕوانینی مندا، پێدەچێت هەردوولا بە باشی لەیەکتر تێبگەن، بە تایبەتی کە ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوە هێزەکانی ئەمەریکا لە چوارچێوەیی پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغدا لە عێراق دەکشێنەوە، لەبەر ئەوەە من پێم وایە هەردولا لەم ڕاستیە تێدەگەن و پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن.

*** ئێمە دەزانین سەردانی شاندێکی پایەبەرزی تورکیا بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە بۆ هەرێمی کوردستان و پێشتریش وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ئەم هەرێمەی کرد، هەموویان ئاماژەن بەوەی تورکیا بە تەواوەتی پەیوەندییەکانی ئاسایی کردۆتەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن سەردانەکەی وەزیری ناوخۆی تورکیا بۆ هەرێمە دەخوێنیتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە تورکیا بڕیاری بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی داوە لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، هەروەها سەردانی وەزیری ناوخۆی تورکیا ئاماژەبوو بەوەی تورکیا بایەخێکی تەواو دەدات بە پرسی بوونی ڕێکخراوێکی پەکەکە لە باکووری عێراقدا، من پێم وایە وەزیری ناوخۆی تورکیا هەڵگری ئەم پەیامە بوو. لە ماوەی ساڵی ڕابردودا تورکیا ئەوەی سەلماندوە دەتوانێت ببێتە هۆکاری سەقامگیری و سوودبەخش بێت بە باکوری عێراق ئەگەر لە بەرامبەردا هاوکاری بکرێت. تورکیا بڕیاری داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تێکڕای لایەنە عێراقییەکان بەرەوپێشەوەببات، لە نێویاندا گروپە کوردیەکانی باکوری عێراق، بەڵام ئەویش بە مەرجی ئەوەی کۆتایی بە بوونی پەکەکە بهێنرێت، هەروەها دەبێت کەمپی مەخمور دابخرێت کە بۆ ماوەی چەند ساڵێکە چەندین هاوڵاتی تورکی تێیدا دەژین و پێویستە بگەڕێنرێنەوە بۆ تورکیا، من پێم وایە وەزیری ناوخۆی تورکیا ئەم پرسەی لەگەڵ هاوشانە عێراقییەکەی تاوتوێکردوە.

*** ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکاندا لە نێویاندا هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئیجابی گۆڕاون، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا تورکیا هەر لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بەم گۆڕانکارییانە کردووە، بەڵام لە ئێستادا ژینگە و هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکە پتر گونجاو و لەبارە بۆ ئەوەی ئەم کارە ئەنجامبدرێت، ئێمە دەبێت ئەوە ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت کە حاڵی حازر هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکە یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە، بە تایبەتی دوای ئەوەی پارتی داد و گەشەپێدان جڵەوی حکومڕانێتی گرتەدەست. بۆ نموونە چیتر تورکیا ئەو فشارەی لەسەر نییە کەلە سەردەمی شەڕی سارددا ڕوبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا هیچ ناسازیەکیان نییە لەگەڵ گرتنبەری ئەم ئاڕاستەیەدا لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی قەیرانی ئابووری و دارایی جیهانیەوە تورکیا پتر پێویستی بە وڵاتانی دراوسێ هەیە بە تایبەتی لە ڕووی ئابووریەوە، چونکە لە ئێستادا بازاڕەکانی ئەوروپا بەرەو بچوکبونەوە دەچن،

لەبەر ئەوە دەبێت بـــە دوای بازاڕی نوێدا بگەڕێت بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، هەربۆیە تورکیا پەرەی بـــە پەیوەندی ئیجابی داوە لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتە دراوســـێکاندا، ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت ئەوا گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ تورکیا، چونکە پاراســـتنی یەکپارچەی و سەروەری عێراق گرنگە بۆ سەقامگیری تورکیا، لەبەر ئەوەی هەموو شتێك کە لە عێراقدا ڕوودەدات بە تایبەتی لە باکوری ئەو وڵاتەدا کاریگەری هەیە لەسەر سەقامگیری تورکیا، کەواتـــە تورکیا بۆ چەندین ســـاڵ و لەبەرچەندین هۆکار هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەروبەردا بەرەوپێشەوەببات.

*** ئێمـــە دەزانین ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندییە ئابوورییە و سیاســـییەکانی تورکیـــا و هەرێمی کوردســـتان بەرەوپێشـــەوەدەچێت، ئەمەش بـــەو مانایە دێت کە هەردوولا پێویســـتیان بەیەکتری هەیە و تەواوکەری یەکترین، پرســـیارەکە ئەوەیە پێشـــبینیت چییە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندییانە؟**

- ئەوە ڕاستە لەبەر ئەوەی تورکیا وڵاتێکە زۆرترین وەبەرهێنانـــی لەو ناوچەیەدا کـــردووە، بە تایبەتی لـــە بواری بنیاتناندا، من پێـــم وایە تا ئەو کاتەی ئـــەم پەیوەندیانە جێـــی ڕەزامەنـــدی هەردولابن، ئەوا بـــەردوام بەرەو پێشـــەوەدەچن. ئێمە دەبێت ئەو ڕاســـتیەمان لەبەرچاوبێت کە ئێمە بۆ سەدان ساڵی دیکە لێرەدا دەمێنینەوە دوای ڕویشتن و پاشەکەشی هێزەکانی ئەمەریکا و لە ڕاســـتیدا هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد ئێمە پێویستمان بەیەکتری هەیە و من جگە لە ڕێگاچاری هاوکاری کردنی یەکتری هیچ ڕێگایەکی دیکە بە مومکین نازانم و پێم وایە تەنانەت نابێت هیچ ســـنورێك بـــۆ هاوکاری نێوان هەردولا دابنرێت، لەبەر ئـــەوەی بۆ نموونە تورکیا مەرجی وەرگرتنی فیزەی لەسەر هاوڵاتیانی سوریا هەڵگرتووە کە دەیانەوێت ســـەفەربکەن بۆ تورکیا، دەکرێـــت ئەمە بـــۆ هاوڵاتیانی عێراقیـــش پیادە بکرێت کە هەموو ئەمانە لە چوارچێوە سیاســـەتی ئاوێتەکردنـــی ئابـــووری دێت لەگـــەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا.

*** هاوکاری دوولایەنەی نێوان هەرێمی کوردســـتان و تورکیا لەبەرەوپێشـــچوندایە، بە تایبەتی لەســـەر ئاستی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك حکومەتی تورکیا دەتوانێت ســـوود هاوکاری لە هەرێمی کوردســـتان وەربگرێـــت لە چارەســـەرکردنی کێشـــەی کوردی وڵاتەکەی؟**

- بـــە دڵنیاییـــەوە دەتوانن لـــەم ڕووەوە هاوکار و یارمەتیدەری تورکیا بن، ئەویش بە چارەسەرکردنی کێشـــەکە لە باکوری عێراقدا، لەبەر ئەوەی بە پێی هەڵســـەنگاندنە جیاوازەکان نزیکەی ٣ بۆ ٥ هەزار چەکـــداری پەکەکە لە چیاکانـــی باکوری عێراقدا بوونیـــان هەیە کە هەردەبێت ئـــەم چەکدارانە یاخود هەندێکیان بگەڕێنەوە بۆ تورکیا و ژیانی ئاســـایی خۆیان ببەنســـەر، لە ئەنجامی بە دواداچوونم بۆ ئـــەو گفتوگۆیانەی لەگـــەڵ نوێنەرانی ئەمەریکا یاخـــود کوردەکانی باکوری عێراقدا کراون لە بارەی ئەم پرســـەوە ئەوا دەکرێت هەندێـــك لەو چەکدارانە بگەڕێنەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق و لەوێدا بژیـــن. من پێم وایە گروپـــە کوردییەکانی باکوری عێـــراق دەتوانن پەیوەندی لەگـــەڵ پەکەکەدا بکەن بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێبکـــەن تاوەکو کۆتای بەم خوێنڕێژیـــە بهێنرێـــت، چونکە مـــن ڕێگاچارەی شـــەڕکردن لەگـــەڵ تورکیادا بـــە ڕێگاچارەیەکی مومکین نازانم. من پێم وایە لەم ڕووەوە کوردەکانی عێـــراق دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە ببینن و ئەگەر ئەم کارەش بکەن ئەوا ئاســـتەنگێکی گەورە لە بەردەم پەیوەندییەکانی هـــەردولادا ڕادەماڵرێت و ئەو کاتە ئەو پەیوەندییانە بە ئاسانی بەرەو پێشەوەدەچن.

*** تـــا چ ڕاددەیـــەك بەرەوپێشـــچونی پەیوەندییە ئابورییەکان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەســـەر پەیوەندییە سیاســـییەکان، لەبەر ئەوەی لەم ســـاڵانەی دواییدا پێشـــوازییەکی گەرم لە پیاوانی کاری تورکی و لە بـــازرگان و وەبەرهێنەرە تورکییەکان کرا لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بەهۆی دۆزینەوە و دەرهێنانی نـــەوت و گاز کە تورکیا تاکـــە دەروازیە بۆ ناردنە دەرەوەی ئـــەم نەوتە بۆ دەرەوە ئـــەم پەیوەندییەکان بەرەوپێشەوەدەبان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئـــەم بارودۆخەکـــە دەبێتەهۆی ئـــەوەی هەردوولا پەرەپێدانی ئـــەم پەیوەندییانە بە بەرژەوەندی خۆیان بزانن؟**

- بە دڵنیاییەوە کاتێـــك وەبەرهێنان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەکەیت، ئەوا تێڕوانینت بۆ ئەو ناوچەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەوەش ڕاستە هاوکاری ئابووری سەردەکێشێت بۆ هاوکاری کردنی یەکتری لەسەر ئاســـتی سیاسی، لەبەر ئەوەی وەبەرهێنان و بەرەوپێشـــبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبنەهۆی دروســـتبوونی متمانە لە نێوان هەردوولادا- تورکیا و کوردەکانـــی عێراق و دەبێتە هۆی هەڵکشـــانی ئاســـتی هاوکاری لە بوارە جیاوازەکانی دیکەدا، بە چەشـــنێك دەگاتە ئەو ئاستەی گفتوگۆ لە بارەی کێشـــە ســـەختەکانەوە بکرێت هەروەك ئەوەی ئێستا ئەمـــە ڕوودەدات. هەروەها یەکێـــك لەو لایەنانەی دیکە کە لە ئاینـــدەدا ئەگەری ئەوەیە بە ڕەوتێکی خێرا بەرەوپێشبچێت، هەناردەکردنی گازی سروشتیە لە ڕێی تورکیاوە بۆ ئەوروپا، کە حاڵی حازر عێراق لە ڕێی تورکیاوە نەوت ڕەوانە دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێڵی بۆری نابوکو بۆ گواستنەوەی گازی سروشـــتی لە ڕێی تورکیاوە بـــۆ وڵاتانی ئەوروپا دروســـتکراوە، ئەوا دەبێت ئێمە سەرچاوەی پێویست بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئـــەم گازە هەناردەی ئەوروپا بکەین کە ڕەنگە لـــە ئایندەدا عێراق و بە تایبەتی باکـــوری عێراق ببنە ئەم ســـەرچاوەیە. هەروەها لە ســـەردانەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا و بۆ عێراق و کۆبونـــەوەی لەگـــەڵ هاوشـــانە عێراقیەکەیدا، چەندین پرۆتۆکۆڵ ئیمزاکران، کە تێیدا مەســـەلەی دروســـتکردنی هێڵی شـــەمەندەفەر تاوتوێ کرا لە نێوان ئەنقەرە و بەســـرەدا کە بە باکـــوری عێراقدا تێدەپەڕێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئاســـانتر و هەرزانتـــر و خێراتر هات و چـــۆ بکرێت و و کاڵا بگوازرێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەســـەر پەرەپێدان و سەقامگیرکردنی پەیوەندییەکان.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك هەرێمی کوردســـتان دەبێتە پردێك بۆ پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا؟**

- تورکیـــا بەو شـــێوەیە مامەڵە لەگـــەڵ عێراقدا دەکات کـــە دەوڵەتێکی یەکگرتـــووە، لەبەر ئەوەی بڕیار و سیاسەتێکی هۆشیارانە هەبووە لە تورکیادا کە ئەگـــەر مامەڵەیەکی جیـــاواز لەگەڵ گروپە جیاوازەکانـــی عێراقدا بکرێت ئـــەوا ئەمە زیان بە یەکپارچـــەی و یەکگرتوویی عێـــراق دەگەیەنێت و ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا ناکات، بەڵام ئەوەش ڕاستە بۆ گەیشتن بە بەغدا و باشوری عێـــراق دەبێت بە باکوری ئەو وڵاتەدا تێپەڕین، ئێمە جوگرافیا ناچارمان دەکات بەم شـــێوەیە کاربکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا هەر ڕۆڵێك کە کوردەکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردەکان لە عێراقدا بۆ بەستنەوەی تورکیا بە بەشەکانی دیکەی عێراقییەوە ببینێـــت پێشـــوازیی لێدەکرێـــت و تەقدیردەکرێت و لە ڕاســـتیدا کوردەکانی عێـــراق دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی ئیجابی ببینن، هەروەك بوونی کوردێك لە بەغدا کە ســـەرۆك کۆماری ئەو وڵاتەیە خاڵێکی زۆر گرنگـــە، لەبەر ئەوەی ئێمە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، چونکە ئیعتیرافی پێدەکەین و من هیوادارم ئەو پەیوەندییەی بەڕێز تاڵەبانی لەگەڵ ســـەرۆکی تورکیا وســـەرۆك وەزیرانی تورکیا دروستی کردووە درێـــژەی هەبێـــت تەنانـــەت ئەگەر پۆســـتەکەی ئێستاشی جێبهێڵێت.

*** تـــا چ ڕاددەیـــەك تورکیا ئامادەیـــە درێژە بە هەوڵەکانـــی بدات بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی کوردی وڵاتەکە بە شـــێوەیەکی ئاشتیانە و لە ڕێی گفتوگۆوە؟**

- من پێم وایە حکومەتی تورکیا خۆی پابەندکردوە بە بەردەوامبوون لەم پرۆســـەیەدا، هەرچەندە ئەمە پرۆسەیەکی ئاسان نییە و و دژوارە، بە تایبەتی کە ڕۆژانە ئیســـتیفزازکردن دەبینن لە دەرەوە و ناوەوەی تورکیا، هەروەها پارتە بەرهەڵستکارەکانی حکومەت هەن کە دژی ئەم پرۆسەیەن، لە هەمان کاتدا لە ناو کوردەکانی ناوەوەو ودەرەوەی وڵاتیشـــدا بەرهەڵستی هەیـــە بۆ ئەم پرۆســـەیە کە پەکەکـــە یەکێکە لەو گروپانە لەبەر ئەوەی نایەوێت لەبەریەك هەڵوەشێتەوە و تێکشبشـــکێنرێت، بەڵام حکومەت سوورە لەسەر درێژەپێدانی ئەم پرۆسەیە و پێداگیری لەسەر دەکات و مـــن پێم وایە دەســـتی لێهەڵناگرێـــت تاوەکو بە دەرئەنجامێکی ئیجابی نەگات، لەبەر ئەوە پرۆسەکە بەردەوامە و ناکرێت پێچەوانەبکرێتەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامـــی من ئەوەیە دەبێت درێـــژە بە هاوکاری نێوانمـــان بدەین، چونکە هیچ ڕێگەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە، ئێمە لەم بەشەی جیهاندا دەژین و هەر دەبێت پێکەوەبژین، ئەگەر هاوکاری یەکتربکەین، ئەوا ئاشـــتیانە پێکەوەدژین و بە پێچەوانەشەوە ژیان بۆ هەردوولامان سەخت و دژوار دەبێت.

**چیتر تورکیا ئەو فشارەی لەسەر نییە کەلە سەردەمی شەڕی ساردداا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا هیچ ناسازیەکیان نییە**

**حکومەتی تورکیا خۆی پابەندکردوە بە بەردەوامبوون لەم پرۆسەیەدا، هەرچەندە ئەمە پرۆسەیەکی ئاسان نییە و و دژوارە**

# هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق: کێشە سیاسییەکان لە پێشەوەن




**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**


بڕیارە، لە ڕۆژی ٧ی مانگی ئاداری ساڵی داهاتوودا، لە تەواوی عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پرۆسەی هەڵبژاردنێکی گشتیی بۆ پەرلەمان بەرێوە بچێت. زۆربەی چاودێرانی سیاسی لە جیهان و ناوچەکەو ناوخۆدا، پێیان وایە پرۆسەی سیاسیی عێراق لە رێگەی هەڵبژاردنی داهاتووەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی ئێجگار تازەو ئێجگار دژوارو ئێجگار بایەخدار بگرە، هەندێك لەو چاودێرانە پێیان وایە دوارۆژی مەسەلەی کورد لە ناو عێراق لەو هەڵبژاردنەدا دەست نیشان دەکرێت.

مەعلوومە، ئەمریکییەکان نەخشەی ئەوەیان دارشتووە کە لە دوای تەواو بوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئیتر دەست بە کێشانەوەی هێزە سەربازییەکانی خۆیان بکەن لە ناو عێراق. بڕیار وایە، بە پێی جەدوەلێکی زەمنی هێزەکان بکشێنرێنەوە:

لە مانگی هەشتی ساڵی داهاتوودا، تەواوی هێزە شەڕکەرەکانیان بکشێنەوە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ یشدا ئەو ٥٠ هەزار سەربازو ئەفسەرو دەرەجەدارە بکێشنەوە کە ئەرکیان تا ئەو کاتە، نەك شەڕ بەڵکو مەشق پێ دانی سوپای عێراق دەبێت. هەر لەو بوارەدا، هەموو لایەك لای روونە کە عێراقێکی بێ ئەمریکاو بێ هێزی سەربازیی ئەمریکا عێراقێکی گەلێك خەتەرناك و پڕ زەحمەتییە هەر نەبێت بۆ کورد.

بێجگە لەوە، هەڵبژاردنی گشتیی عێراق بۆ کورد، لەبەر چەندین هۆکار بایەخێکی ئێجگار تایبەتی و گەورەی هەیە. یەکەم، وەك بۆ هەموو لایەك دەرکەوتووە، پەرلەمان یەك لە دەزگا هەرە ئەکتیڤەکانی ناو حکومەتی عێراقە لە تەك ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، زۆربەی کێشە سیاسی و یاسایی و دەستووری و ئابوورییەکان لە ژێر قوببەی پەرلەمانەوە دەستی پێ دەکرد. دواتر، هەر لەوێش چارەسەری گونجاوی بۆ دەدۆزرایەوە. یانیش بە هەڵپەسێردراوی دەمایەوە.

بۆیە، یەك لە بایەخە گرنگەکانی هەڵبژاردن مەسەلەی پەرلەمان و پێگە سیاسییەکانی ناو ئەو پەرلەمانەیە. ئەگەر کورد پێگەی بەهێزو کارامەو ئەکتیڤی لە ناو ئەو پەرلەمانەدا لە رێگەی هەڵبژاردنەوە بۆ خۆی مسۆگەر کرد، ئەوا مانای وایە، کەمتر لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی فیدرالی، یان لە لایەن هێزە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان کێشەی بۆ دروست دەکرێت و زۆرتر توانای بەرهەڵستی کردنی ئەو کێشانەی دەبێت و کاریگەرتریش دەتوانێت فشار بۆ سەر حکومەتی فیدرالی و سەر تەواوی هێزە سیاسیەکانی ناو پەرلەمان ببات تا مافە دەستوورییەکانی جێبەجێ بکرێن.

دووەم، لە ئەمڕۆی عێراقدا، بگرە لە داهاتوویشدا، وا چاوەڕوان دەکرێت ناکۆکی و راکێش راکێشێکی زۆر لە ناو پەرلەمان دروست ببێت لە نێوان دوو رێچکەی گرنگ: یەکەم، ئەو رێچکەیەی دەیەوێت رۆڵی سەرۆکایەتی وەزیران لە سەر حیسابی رۆڵی سەرکۆمارو پەرلەمان زیاد بکات و عێراق بەرەو دەوڵەتێکی تاکڕەوانەو غەیری تەوافوقی ببات. دووەم، ئەو رێچکەیەی دەیەوێت لەنگەر لە نێوان دەسەڵاتی هەر سێ دەزگا گرنگەکەی حکومەتی فیدرالی رابگیرێت و نەهێڵرێت هیچ کام لەو سێ دەزگایە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریانەو تاکڕەوانەی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا هەبێت. لەو بوارەدا، پێگەیەکی بەهێزی کوردی لە ناو پەرلەمانی عێراق رێگرێکی یاسایی گونجاوە لەوەی کە لایەنگرانی تاکڕەوێتی و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان و کوژاندنەوەی چرای دیموکراسی لە عێراقدا دەست بەسەر پەرلەمان و پرۆسەی سیاسیدا بگرن.

هەر پابەند بەو مەسەلەیە، خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، روو بە رووی تەحەددایەکی گەورە دەبێتەوە لە بواری دەستکاری کردن و هەموار کردنی دەستوور. هەموو لایەك ئاگاداری ئەوەین کە دەستووری عێراق لە ماددەی ١٤٢ ی دا ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە دەقی دەستوور، ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دا نووسراوەتەوەو ئیقرار کراوەو لە سەدا ٨٠ ی خەڵکی عێراق دەنگیان پێ داوە، هەموار بکرێتەوە.

بەڵام، پێ دەچێت شۆڤێنیستان و هێزەکانی دژ بە دیموکراسی چ لە ناو پەرلەمان و چ لە دەرەوەیدا، دەیانەوێت ئەو هەموار کردنە لەسەر حسێبی کورد بێت و ئیتر دەستوور بەرەو ئەوە ببردرێت کە مافە دەستوورییەکانی کوردی لێ بسێندرێتەوەو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانیش کەم بکرێتەوەو فایلی نەوت و پێشمەرگەو بودجە لە دەست حکومەتی کوردستان دەربهێنرێت. بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو هەوڵە شۆڤێنیستیانە، کورد پێویستی بە کوتلەیەکی بەهێز هەیە کەوا چاکترە، لە قەوارەی یەك لیستی هەڵبژاردن و یەك لیستی پەرلەمانیدا کۆ ببێتەوە.

لەوانە بەولاتر، هەتا کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ٧ ی ئادار، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار، بە هەر سێ ئەندامەکەیەوە، بە خاوەنی مافی ڤیتۆ دەمێننەوەو هەقی گەڕاندنەوەی هەر یاساو بڕیارێکیان هەیە پەرلەمان دەری بکات. واتە ئەگەر سەرکۆمارو هەر دوو جێگرەکەی فیتۆ بەکار بهێنن، ئەوا دەتوانن رێگە لەو یاساو بڕیارانە بگرن کە پەرلەمان، بە بازدان لەسەر مەبدەئی تەوافوق، دەری دەکات. تا ئێستا مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی سەرکۆماری کەڵکی زۆری بۆ کورد هەبووە. بەڵام کێشەی گەورە لەوە دایە کە دەستوور لە خولی داهاتووی هەڵبژاردندا مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی سەرکۆماری وەردەگرێتەوە. ئینجا ئەنجومەنەکەش بەو شێوەیەی ئێستای نامێنێت و تەنیا سەرکۆمار هەندێك دەسەڵاتی بۆ دەمێنێتەوە کە ئەویش زۆرتر پرۆتۆکۆلین. لێرەوە، مەبدەئی تەوافوق لە خولی داهاتوودا دەکەوێتە بەردەم مەترسیەکی گەورە بە تایبەتی ئەگەر هەوڵەکان هەندێك لە ناوەندە شۆڤێنیە عەرەبیەکان سەر بگرن لە بارەی ئەوەی پۆستی سەرکۆماری لە خولی داهاتوودا لە دەست کورد بهێنرێتە دەرەوە. بۆ ئەوەی رێگە لە هەر مەرامێکی رەشی لەو بابەتە بگرین، ئەوا پێویستیمان بە پێگەیەکی بەهێز هەیە لە ناو پەرلەماندا کە زۆرینەی خەڵکی کورد دەنگیان پێ دابێت.

بە هەر حاڵ، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا راستیەکی حاشا هەڵنەگر بەدەرکەوتووە کە ئەویش ئەوەیە: کەسایەتیی پەرلەمان لە ناو تاقی کردنەوەیەکی دیموکراسیی وەکو عێراقدا بە مەقامی دڵ و عەقڵ وایە بۆ پرۆسەی سیاسی و بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکان. بگرە، ئەو رۆڵەی وا چاوەڕوانی دەکرێت پەرلەمان لە خولی داهاتوودا بیگێڕێت، رەنگە زۆر زیاترو گەورەترو زەحمەتتر بێت لەوەی لە خولی ئێستایدا دەیگێڕێت. بۆیە، وا چاکە، کورد لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بەشداریەکی کاریگەر بکات و بە شێوەیەکی جیددی بەرەو سەندوقەکانی دەنگدان بچێت و هەوڵ بدات کوتلەیەکی کارامەو ئەکتیڤ بگەیەنێتە پەرلەمانی عێراق. پێویستە ئەو راستیە لەبەر چاو بگیرێت کە هەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق بە نیسبەت کورد لە هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشوو چارەنووسسازترە.

بێگومان، بایەخی پەرلەمانی عێراق بۆ کورد هەر ئەوەندە نییە کە لە سەرەوە باسمان کرد. بگرە ئەو دەزگا یاسایی و سیاسیە لەوەشدا زۆر گرنگە کە کورد لەم قۆناغەدا لەبەردەم کۆمەڵێك پرسی نەتەوەیی زۆر ناسك و بایەخدار دایەو ئەم پرسانەی رەنگە بە شێوەیەکی رێك و پێك جێبەجێ نەکرێن ئەگەر لە پەرلەمانی عێراقدا مەوجودیەتێکی کاریگەری نەبێت. یەك لەو پرسانە مەسەلەی ماددەی ١٤٠ و کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانە. دیارە، لە خولی داهاتووی پەرلەماندا چانسی چارەسەر بوونی ئەم پرسە زۆر زیاترە لە جاران. هۆیەکەش ئەوەیە کە ئەمریکا لە بەڵێنەکانیدا بۆ کورد، لە کاتی ئیقرار کردنی یاسای هەڵبژاردن پێش ماوەیەك، گفتی ئەوەی بە جەنابی سەرۆکی کوردستان و هەموو جیهان دا کە یارمەتیدەر دەبێت لە بواری جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستووریە گرنگە، بەڵام ئەمریکییەکان هەر زوو هەستیان بەوە کرد کە بە بێ کوتلەیەکی بەهێزو کارامەی کوردی لە بەغدا زەحمەتە ئەو پرسە تەنیا بەوان چارەسەر بکرێت. بۆیە، سەرۆکی ئەمریکی باراك ئۆباما، دوای بڵاو بوونەوەی بەیاننامەکەی کۆشکی سپی لە بارەی کوردەوە، هەر زوو رایگەیاند کە گرنگترین رێگە لەبەردەم جێ بە جێ بوونی مافە دەستووریەکانی کورد لە ناو عێراق لەوە دایە کە کوتلەیەکی ئەکتیڤ و بەهێزی کوردی لە بەغداو لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کارا بن.

بێجگە، لە مەسەلەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و ماددەی ١٤٠، چەندین کێشەی دیکە لە نێوان هەولێرو بەغدا گەرمە وەك کێشەی پێشمەرگەو بودجەو فایلی نەوت و غازو نوێنەرایەتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و دەزگاکانی ئاسایش و تایبەتمەندیەکانی تاقی کردنەوەی دیموکراسی کوردستان. ئەم فایل و کێشانە، کە ئەوا نزیکەی حەوت ساڵە بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، چاوەڕێی ئەوەیانە لە خولی داهاتووی پەرلەماندا بخرێنە بواری چارەسەر کردن. کەواتە، بۆ ئەوەی ئەم فایلانە وەك جاری جاران نەکەونە پشت گوێی حکومەتی فیدرالی و بە زووترین کات و بە قازانجی میللەتی کوردو پرسە نەتەوەییەکەی چارەسەر بکرێن، ئەوا پێویستیمان بەوە هەیە لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەشداری کردنێکی کاریگەرانەو بەرفراوان لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق.

بە کورتی، بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، ئەمانەت و ئەرکێکی نەتەوەیی و سیاسیی گەلێك گرنگ و هەستیارە بەسەر شانی هەموو دەنگدەرێکی کورد. پێویستە لە ئێستەوە بە یەك ریز لە ژێر فەرمانی جەنابی سەرۆکی کوردستان و سەرکردایەتیی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان رابوەستین و درێغی لەوە نەکەین کە مافی دەنگدانمان بەو پەڕی جورئەت و مەسئولیەتەوە بۆ قازانجی میللەتەکەمان بەکار بهێنین.

**لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، زۆربەی کێشە سیاسی و یاسایی و دەستووری و ئابوورییەکان لە ژێر قوببەی پەرلەمانەوە دەستی پێ دەکرد**

**پرۆسەی سیاسیی عێراق لە رێگەی هەڵبژاردنی داهاتووەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی ئێجگار تازەو ئێجگار دژوارو ئێجگار بایەخدار**



# پیرۆزی سنورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست رێگرە لەبەردەم چارەسەری ئاشتیانەی کێشە نەتەوەییەکان

گەورەترین کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە ناتوانرێت چارەسەر بکرێت کێشەی ئەو نەتەوە جیاوازانەیە کە لەسنوری دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەژین و هێشتا خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین، یان ناتوانرێت دەوڵەتەکان بەشێوەیەك رێکبخرێنەوە کە بە هاوشیوەی دەوڵەت فرە نەتەوەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و کەندا پێکەوە بژین، ئەوەی کە هەموو کات ئاستەنگی سەرەکییە، ئەو خاڵەیە کە ئەمەریکا و رۆژئاوا بە پیرۆزی سەیری سنورە دەستکردەکان دەکەن و رێگە نادەن نەتەوەکان بڕیاری چارنووسی خۆیان بدەن هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە بەردەوام ئەو دەوڵەتانە لە گێژاوی ئاژاوە و ناکۆکیدا بژین.



## پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ بۆ گوڵان:

# دەبێت عەرەبی شیعە و سوننە فیدرالیزمی عێراق قبوڵ بکەن، لەبەر ئەوەی چیرۆکی عێراقێکی یەکگرتوو بە مەفهومی سەدەی بیستەم کۆتایی هاتووە

**پرۆفیسۆر ئۆفرا بینگۆ ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی تەلئەبیب و سەرۆکی دیراساتی ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سەنتەری ستراتیژی موشی دایان و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کورد وعێراق و کێشە ئیتنیەکانی وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە ئیتنیەکان بەگشتی و کێشەی کورد بە تایبەتی پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** وڵاتە فرە نەتەوە و فرە ئیتنیەکان بە هەڕەشەیەکی سەرەکی دادەنرێت لەسەر ئاشتی و سەقامگیری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانە بوونی ئەم فرەییە بە سەرچاوەی هەڕەشە لێکدەدەنەوە بۆ سەر یەکێتی و یەکگرتویی وڵاتەکانیان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ بە دیموکراتیکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ڕێگرتن لە گۆڕینی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- هەمیشە ئەم ناسازی و دژبەیەکییە لە سیاسەتی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەدی دەکەین، لەبەر ئەوەی لە لایەك سنورەکان بە پیرۆز دەزانن کە نابێت هەموارکردنیان تێدابکرێت و بگۆڕدرێن، چونکە هەر کاتێك دەستکرا بە گۆڕینی سنورەکان نازانین پرۆسەکە بە کوێ دەگات، لە لایەکی دیکەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خوازیاری ئەوەن پەرە بە دیموکراسی بدەن لە ناوچەکەدا، بەڵام هەر کاتێك پرۆسەی دیموکراسی دەستی پێکرد ئەوا ناتوانن بڕیار بدەن بە چ دەرئەنجامێك دەگات و ڕەنگە زۆر جار لەگەڵ ئەو دەرئەنجامەدا نەبن کە لە دیموکراسی دەکەوێتەوە یاخود بە مەترسیداری دابنێن، بۆ نموونە کاتێك لە ناوچە کەناری ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە دەرفەت بە بەشدرای حەمماس درا لە هەڵبژاردنەکاندا توانی دەسەڵات بگرێتە دەست و دواتر ئامادە نەبوون دەست لە داواکارییەکانی هەڵبگرێت، بە هەمان شێوە ئەگەر دەست بە پرۆسەی بە دیموکراتی کردن بکرێت لە میسر ئەگەری ئەوە هەیە بزوتنەوەی ئیخوان موسلمین بێنە پێشەوە، بە هەمان شێوە ئەگەر ئەم پرۆسەیە لە سوریادا بخرێتە گەڕ ڕەنگە کوردەکانی ئەو وڵاتە داوای مافەکانی خۆیان بکەن جا پێکهێنانی دەوڵەت بێت یان بڕیاردان لە چارەنوسی خۆیان. کەواتە ئەم دژبەیەکییە لە سیاسەتی ئەو وڵاتانەدا هەیە لەبەر ئەوەی لە لایەك خوازیاری ئەوەن دەوڵەتان بە سنورەکانی ئێستایانەوە بمێننەوە، لە لایەکەی دیکەوە بانگەشەی بەرەو پێشبردنی دیموکراسی دەکەن و کاتێکیش دیموکراسی دەگاتە دەرئەنجامی گۆڕینی سنورەکان ڕێگەی پێنادەن. ڕاستە لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە چەندین دەوڵەتی نوێ دروستبوون و وڵاتانی ئەوروپاش ئەمەیان قبوڵ کرد، بەڵام ئەوان پشتگیری ئەوە ناکەن گروپە ئیتنیەکانی ناوچەکانی دیکە ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان یاخود مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیان هەبێت.

*** ئێمە دەزانین چەندین کێشەی نەتەوەیی و ئیتنی بوونە هۆی هەرەسهێنانی قەوارەگەلێکی سیاسی، یاخود بوونەهۆی لەبەرەیەك هەڵوەشانەوەی چەند دەوڵەتێکی، وەك یەکێتی سۆڤییەت و یوگسلافیا، کە ئەوەش ئاشکرایە هەوڵەکان بۆ ڕێگرتن لە دابەشبونی یوگسلافیا بوونەهۆی سەرهەڵدانی خوێنڕێژی لەبەر ئەوەی کێشەکە بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سوود لە ئەزمونی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەرناگرێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئەوان نەیانتوانی ڕێگە لە دروستبوونی ئەو دەوڵەتانە بگرن، لەبەر ئەوە پیشوازیان لێکرد، بەڵام تیڕوانینیان لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە دەبێت سنورەکان وەك خۆیان بمێننەوە و پاراستنی یەکپارچەی ئەو وڵاتانە لەوە گرنگترە گروپە ئیتنیەکان ببنە خاوەنی دەوڵەت یاخود مافی بڕیاردانی چارەنوسیان هەبێت. هەروەها من پێم وایە هۆکاری ئەوەی گروپە ئیتنیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانن ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان ئەوەیە کە وەك پێویست بەهێز نین، یاخود بوێرنین بە چەشنی گروپە ئیتنیەکانی یوگسلافیا، هەروەها دەوڵەتانی ئەم ناوچەیەش لاوازن،

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە چەندین دەوڵەتی نوێ دروستبوون و وڵاتانی ئەوروپاش ئەمەیان قبوڵ کرد، بەڵام ئەوان پشتگیری ئەوە ناکەن گروپە ئیتنیەکانی ناوچەکانی دیکە ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان

بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەوەندە بەهێزن بتوانن ئەم گروپانە سەرکوت بکەن.

*** ئەوەی عێراقی کردۆتە کێشە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بە پیرۆز سەیرکردنی سنورەکانی ئەو وڵاتەیـــە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا و وڵاتانـــی ئەوروپییـــەوە، کە دەیانەوێت ئەم کێشەیە بەهۆی جێگیرکردن و چەسپاندنی سیستمی فیدراڵییەوە لە عێراقدا چارەسەر بکەن، بەڵام عەرەبەکانی عێراق کە زۆرینـــەن فیدراڵی بە مانای کۆتایی هێنان بە عێراق و دابەشکردن و پارچە پارچەکردنی ئەو وڵاتـــە لێکدەدەنەوە، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە سەردەکێشـــێت بۆ دروســـتکردنی ڕژێمێکی چەشـــنی ڕژێمی سەددام حوسێن یاخود ڕێگە دەدەن عێراقییەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن؟**

- ئەو کاتە کێشە دروست دەبێت کە سەرچاوەی بەرهەڵستی کردن و ڕەتکردنەوەی فیدراڵیزم لە ناوخۆی وڵاتەکەوە بێت، بۆ نموونە ئەگەر شیعە و سوننەکان ڕەتی بکەنەوە، دواتر من پێم وانییە لە حاڵی حازردا ئەگەری ئەوە هەبێت سەددامێکی دیکە سەرهەڵبدات، یەکەم لەبەر بوونی هەرێمی کوردســـتان کە بەردەوام پەرە بە هێز و دەســـەڵاتی خۆی دەدات و دووەم لەبەر ئەوەی ئەمە پێویســـتی بە سوپایەکی بەهێز و هێزی ئاسمانی و هێزی تانك دەبێت کە لە ئێســـتادا ئەمانە بوونیان نییە، بەڵام من پێم وایە لە کۆتاییدا هەر دەبێت شیعە و ســـوننەکان فیدراڵی قبوڵ بکەن، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی ئەوان پشتگیری لەم ڕێگاچارەیە دەکەن، بەڵکو لەبـــەر ئەوەی ناتوانن دووبارە هەرێمی کوردســـتان بە چەشنێك ئاوێتەی عێراق بکەنەوە کە ببێتەهۆی لەناوبردنی ئەو ئۆتۆنۆمییەی هەرێمی کوردستان هەیەتی. هەروەهـــا بـــە تیرِوانینی مـــن چیرۆکی عێراقێکـــی یەکگرتوو کۆتایـــی هاتووە بەو چەشنەی بۆ نموونە لە ساڵانی شەستەکاندا هەبوو، یان ئەوەی لە ســـەردەمی ســـەددام حوســـێندا لە ئارادابوو، واتـــە عەرەبەکانی عێراق پشـــتگیری لە فیدراڵیزم بکەن یان نا ئەوا لە ئارادایە و ئەوان ناتوانن بارودۆخەکە بگەڕێننەوە بۆســـەردەمی سەددام حوسێن، لەبـــەر ئەوەی ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە سوپایەکی بەهێز هەیە و حاڵی حازر کوردستانیش وەك دەوڵەت ڕەفتار دەکات و لە ڕاستیدا لە هەمو ڕویەکەوە دەوڵەتە بە ناو نەبێـــت، چونکە حکومەت و پەرلەمانی خۆی هەیە، بـــەڵام ڕەنگە کوردەکان بوێری پێویســـتیان نەبێت یاخود نەیانەوێت خۆیان دووچاری مەترســـی بکەنـــەوە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بە چەشـــنی یوگسلافیا ببەن لـــە عێراقدا، کە ئەمەش لـــە هەمان کاتدا خاڵی بەهێـــز و لاوازی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

*** ئـــەوە ئاشـــکرایە کە ئیـــدارەی ئۆباما خوازیاری کشـــاندنەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمەریکایە لە عێراقدا، ئەمە لە کاتێکدا کە عێراقیەکان نەگەیشتونەتە هیچ ڕێککەوتنێك بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکانیان و ئێمەش دەزانین هیچ کێشەیەکی ئیتنی لە جیهاندا بێ بوونی لایەنی ســـێیەم چارەسەرنەکراوە، لێرەدا دەپرســـین ئایا وڵاتـــە یەکگرتوەکانی ئەمەریـــکا بە چ شـــێوەیەك دەســـتێوەردان دەکات و یارمەتـــی عێراقییەکان دەدات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە کوردەکان لۆبیان هەیە لە ئەمەریکادا و خەڵکانێك هەن کە پشتگیری لـــە حکومەتی هەرێم دەکـــەن و لە بارەیەوە دەنووسن، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا هێزێك لە کوردســـتاندا جێگیر بکات دوای کشـــانەوەی هێزە چەکدارەکانی لە عێراقدا، واتـــە ئەمەریکا هیچ هێزێکی ســـەربازی جێناهێڵێت بۆ پاراســـتنی ئاشـــتی لە نێوان کورد و عەرەبەکان یان شـــیعە و سوننەکاندا، بەڵام هەمو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق چارەســـەر بـــکات، لەبـــەر ئەوەی ئەمەریـــکا خوازیاری ئـــەوە نییە لە کاتی کشـــاندنەوەی هێزەکانی شـــەڕی ناوخۆ لە عێراقدا دروستبێت.

*** ئێمـــە دەزانین وڵاتانـــی یەکێتی ئەوروپا دوای مێژویەکی خوێنـــاوی لە بەدیهێنانی دەوڵەتی نەتـــەوەی هەوڵدەدەن ببنە ئەندامی یەکێتیەکی گەورەتر، واتە بوونیان بە بەشێك لەم یەکێتییە بـــە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن، بە تایبەتـــی بەهۆی بارودۆخـــی ئابووری سەدەی بیســـت و یەکەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا هەوڵنادات هەمان ئەزمون لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە؟**

- ئەزمونـــی وڵاتانی ئەوروپـــا جیاوازە لە ئەزمونـــی وڵاتانی عەرەبـــی، لەبەر ئەوەی هەمـــوو هەوڵەکانی یەکخســـتنی وڵاتانی عەرەبی بە شکست کۆتای هاتووە، لە ڕاستیدا دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرهەڵســـتی و دژایەتی یەك دەکەن، بۆ نموونـــە پەیوەندی تورکیا و ســـوریا، یان تورکیا و عێـــراق لە پەیوەندی ســـوریا و عێراق باشـــترە، ئێمـــە ئەزمونی ئەنجومەنـــی هاریـــکاری کەنداومان هەیە، بەڵام ئەوەش ناکرێت پێی بوترێت یەکێتی، لە هەمان کاتدا دەوڵەتە عەرەبییەکان نەیانتوانیوە لەســـەر ئاســـتی ئابووریش هاوکاری یەکتر بکەن، بەو پێیە من باوەڕم وایە لە ڕابردوودا عەرەبـــەکان نەیانتوانیوە یەکێتی پێکبهێنن و لە داهاتوشدا ناتوانن و دەبێت ئەم مەسەلەیە لەبیرخۆمان ببەینەوە.

*** ئاشکرایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بە تایبەتی لە تورکیـــادا دەبێتە هۆی بەرەو پێشـــبردنی دیموکراســـی لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، پرســـیارەکە ئەوەیـــە بۆچی وڵاتـــە یەکگرتوەکانـــی ئەمەریکا هاوکاری چارەســـەرکردنی ئەم کێشـــەیە نـــەکات بۆ ئەوەی ببێتە مۆدیلێك بۆ ناوچەکە؟**

- ئێمـــە دەبێت بزانین کە کێشـــەی کورد لە عێراقدا جیاوازە لە کێشـــەی کوردی تورکیا، کـــە لە عێراقدا کـــوردەکان خاوەنی هەرێمی خۆیانن، هەروەها لـــە لایەکی دیکەوە وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا پەکەکـــە بە ڕێکخراوێکـــی تیرۆریســـتی دەزانێت و بە هەمان شێوەی کوردەکانی عێراق پشتگیری لـــە کوردەکانی تورکیا نـــاکات، چونکە پتر بایەخ بـــە هاوپەیمانێتیەکەی دەدات لەگەڵ ئەو وڵاتەدا (تورکیا).

*** بۆچـــی ئەمەریکا نایەوێت نەخشـــەی سیاســـی عێراق بگۆڕێت و چ نهێنییەك لە مانەوەی عێراقدا هەیە بە یەکگرتویی؟**

- ئێمە دەزانین ئەم سنورانە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دارێـــژران و جێگیربوون، هەروەها من پێم وایە لە ئێســـتادا ئەمەریکا خوازیاری ئـــەوە نییە ســـنورەکان بگۆڕێت بـــە تایبەتی ئەوەی پەیوەنـــدی بە تورکیا و عێراقەوە هەبێت، بۆ نموونە ئەوەی پەیوەست بێت بـــە تورکیاوە ئەمەریکا ئـــەو وڵاتە بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێـــت و خوازیار نییە هیچ کارێك بکات ببێتەهۆی نیگەران کردن و دروســـتکردنی گیروگرفت بۆ ئەو وڵاتە، ڕەنگە هێندە نیگەرانییەکانی سوریا و ئێران لەبەرچـــاو نەگرێت، بەڵام تورکیا حاڵەتێکی جیاوازە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من دو پەیامم هەیە، یەکەمیان بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە خراپترین دوژمنـــی ئێوەیـــە، دووەم یەکرێزی خۆتان بپارێزن. هەروەها پەرە بە دیموکراســـی بدەن لە هەرێمەکەتاندا بـــۆ ئەوەی ببنە مۆدێلێك بۆ بەشـــەکانی دیکەی عێراق کە لەو کاتەدا دەتوانن فیدراڵیزم لە وڵاتەکەدا بچەسپێنن کە ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن.

**ئەوەی پەیوەست بێت بە تورکیاوە ئەمەریکا ئەو وڵاتە بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت و خوازیار نییە هیچ کارێک بکات ببێتەهۆی نیگەران کردن و دروستکردنی گیروگرفت بۆ ئەو وڵاتە**

**بەرەنگاری گەندەڵی ببنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە خراپترین دوژمنی ئێوەیە، دووەم یەکرێزی خۆتان بپارێزن. هەروەها پەرە بە دیموکراسی بدەن لە هەرێمەکەتاندا بۆ ئەوەی ببنە مۆدێلێک بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق**

## ستیفن سیلڤایە بۆ گوڵان :

# بارودۆخی ئێستای عێراق لە باردۆخی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان دەچێت نەک کەندا و بەلجیکا، بۆیە چارەسەری کێشە ئیتنییەکان بە ئاشتی بە دوور دەزانم

**پرۆفیسۆر ستیفن سیلڤایە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئەمەریکا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئیتنییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و چۆنییەتی چارەسەرکردنی، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە شێوازی ئاشتیانە پرۆفیسۆر سیلڤایە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**تا ئێستا ئەمەریکا سیاسەتێکی ڕوونی دانەڕشتوە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقدا، دوای ئەوەی لەو وڵاتە پاشەکشە دەکات**

*** لە چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکانی جیهاندا لە ٢٠ ساڵی رابردوودا هەست دەکەین جیاوازییەکی گەورە هەیە لە ئەوروپا بەشێوەیەك و لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بە شێوەیەکی دیکە، ئایا پێت وایە کێشە نەتەوەیی و ئیتنییەکان لە عێراقدا بەشێوازی ئاشتیانەو دیالۆگ چارەسەر بکرێت؟**

- ئەنجامدانی ئەم کارە بەشێوەیەکی ئاشتیانە سەختە و لە ڕاستیدا ڕەنگە لەم پرۆسەیەدا ڕوبەڕووی چەندین گیروگرفت ببیتەوە، من تا ئێستا ستراتیجییەت و سیاسەتێکی ڕوون بەدی ناکەم کە ئەمەریکا گەڵاڵەی کردبێت بۆ دیاریکردنی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان لە عێراقدا لە دوای کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. واتە تا ئێستا ئەمەریکا سیاسەتێکی ڕوونی دانەڕشتوە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقدا دوای ئەوەی لەو وڵاتە پاشەکشە دەکات، ئەوەی ئەمەریکا خوازیاریەتی ئەوەیە پەرلەمانی عێراق بەهۆی ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووەوە، کە ئەزمونی چەند مانگی داهاتوش کەڵەکەدەکات، بتوانێت تێکڕای پێکهاتە و گروپە ئیتنییەکانی وڵاتەکە قەناعەت پێبکات کە دەبێت وەك وڵاتێکی یەکگرتوو ڕەفتار بکەن نەك هەوڵی دابەشبوون و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بدەن، لێرەدا دووبارە ئەوەش ڕوون نییە ئایا پەرلەمان دەتوانێت ئەم ئەرکە بە سەرکەوتوویی ئەدا بکات یان نا.

*** بەڵام بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێداگیری دەکات لەسەر مانەوەی عێراق بە شێوەیەکی یەکگرتوو؟**

- ئەمەریکا پێداگیری لەسەر مانەوەی عێراق دەکات وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو، هەروەها پێشتریش هەمان پێداگیری هەبوو لەسەر مانەوەی دەوڵەتانی ئەفریقیا لە چوارچێوەی سنورەکانی ئێستایاندا، سەرچاوە و هۆکاری ئەم پێداگیرییەش ترس و نیگەرانییە لەوەی ئەگەر هەوڵی دووبارە کێشانەوەی سنورەکان بدرێت ئەوا سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و کێشە، بۆ نموونە لە عێراقدا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی دێتەئاراوە، ئەمە جگە لە ئەگەر تێوەگلانی دەوڵەتانی دراوسێ.

*** لەئەوروپا دوای هەڵوەشانەوەی یوگسلافیای پێشوو ئاشتی هاتە ئاراوە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سوود لە ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەرناگرێت لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە کە وروژاندتان، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری و پێداگیری لە سەر مانەوەی یوگسلافیا دەکرد وەك قەوارەیەکی یەکگرتوو، بەڵام دواتر بەهۆی ڕوودانی پاکتاوی ئیتنی و شێوەکانی دیکەی توندوتیژییەوە، ئەمەریکا بە پێویستی زانی دەستێوەردان بکات و هەڵبستێت بە پاراستنی ئەو گروپانەی ڕووبەرووی ستەم و پاکتاوکردن دەبوونەوە، ئەویش بە دروستکردنی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بێت یان قەوارەیەکی سەربەخۆ، دیارترین نموونە لەم ڕەووە کۆسۆڤۆیە کە لە سەرەتادا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری کاردانەوەی سربیا هەڵسا بە پێکهێنانی قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ پاراستنی دانیشتوانی موسڵمانی ئەو ناوچەیە لە سەرکوتکاری و پاکتاوکردن. ئێستاش پرسیارەکە لە عێراقدا ئەوەیە لە کاتێکدا ئەمەریکا پشتیوانی لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکات ئایا هەڵوێستی چی دەبێت ئەگەری شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەدا هەڵگیرسا؟ کە ڕەنگە لەو کاتەدا ئەو دەنگانە لە ئەمەریکا بەرزببنەوە کە پێویستە پشتیوانی و پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان بکرێت بە تایبەتی ئەو

بەرەوپێشـــچونانەی لە نزیکەی ٢٠ساڵی ڕابـــردوودا بەدی هاتوون. ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا لە ژێر فشـــاردایە بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی نزیکەی ١٠ ســـاڵە ئەمەریـــکا لـــەو وڵاتەدایە و خوێن و داهاتێکـــی زۆری لەو وڵاتەدا بە خەرجداوە، واتە لە لایەك فشـــاری ئەوەی لەســـەردەبێت پارێزگاری لـــە مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشـــی کوردستان بکات و لە لایەکی دیکەشـــەوە فشاری ئەوەی لەسەر دەبێـــت هێزەکانی لەو وڵاتە بکشـــێنێتەوە، هەرچەندە ئەمە ســـیناریۆیەکە لەسەر ئەو ئەگـــەرە بنیاتنراوە کە شـــەڕی ناوخۆ لە عێراقدا دروســـتبێت و چیتـــر وڵاتەکە بە یەکگرتووی نەمێنێتەوە، کە ڕوون نییە لەم حاڵەتە هەڵوێستی ئەمەریکا چۆن دەبێت. مەســـەلەیەکی دیکە سەرهەڵدانی ناکۆکی ئیتنییە لە نێوان کـــورد و عەرەبەکاندا کە مەرج نییە هەڵکشـــێت بۆ ئاستی شەڕی ناوخۆی، دووبارە من پێم وایە هەڵوێســـتی ئەمەریکا ڕوون نییە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا دەکات ئەگەر هاتەئاراوە. لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕوون نییە ئایا ئەمەریکا چ هێزێك لە کوردستاندا جێگیردەکات یاخود لەبەشەکانی دیکەی عێراقدا، چونکە ئەوە ئاشکرایە ئەمەریکا بە جۆرێك لە جۆرەکان درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات لە عێراقدا، بەڵام من پێم وانییە لە شێوەی دابینکردنی ئاسایش بێت لە ڕێی هێزەکانی ئەمەریکاوە، بەڵکـــو ڕەنگە زیاتر چاودێری بارودۆخەکە بکات، نەك ســـەپاندنی جۆرێك لە ئاسایش و نیـــزام کە ئەمە بۆ عێراقیـــەکان خۆیان دەگەڕێتەوە.

*** بەڵام ئەوەی عێراقی کردۆتە کێشـــە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بە پیرۆز سەیرکردنی ســـنورەکانی ئەو وڵاتەیە لـــە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا و وڵاتانی ئەورووپییـــەوە، کە دەیانەوێت ئەم کێشـــەیە بەهۆی جێگیرکردن و چەسپاندنی سیستمی فیدراڵییـــەوە لە عێراقدا چارەســـەربکەن، بـــەڵام عەرەبەکانی عێراق کـــە زۆرینەن فیدراڵی بە مانای کۆتایی هێنان بە عێراق و دابەشـــکردن و پارچە پارچەکردنی ئەو وڵاتە لێکدەدەنەوە؟**

- من پێم وانییە کەسایەتێکی دیکەی وەك ســـەددام حوسێن جارێکی دیکە لە عێراقدا ســـەرهەڵبداتەوە، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر کەســـایەتییەکی بەهێزی ســـوننەی لەم چەشـــنە لە ئارادانییە، هەروەها ســـەددام لە ناوەندێکی ســـەربازیدا بوو، بەڵام ئێستا ئەو ســـوپا بەهێزە لە ئارادانییە کە بتوانێت کودەتای سەربازی ئەنجامبدات، لە هەمان کاتدا بەهۆی بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئێســـتادا ئەمە ڕونادات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا تـــەرازوی هێز چـــۆن دەگۆڕێت، ئایا ئەو ملیشـــیایانەی پێشتر گۆشـــەگیرکرابوون دووبارە ســـەرهەڵنادەنەوە، کە بەشـــێك لە ئامانجی سیاســـەتی زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا و دروستکردنی هێزەکانی سەحوە بۆ ئەوەبـــوو ئەم هێزانە ئاوێتەی پرۆســـە سیاســـییەکە بکرێن و جارێکی دیکە پەنا بـــۆ توندوتیژی نەبەنەوە، کەواتە هێشـــتا ڕون نییە ئایا دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا بارودۆخەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات.

*** کەواتـــە باپرســـین ئایـــا وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە چ شـــێوەیەك دەستێوەردان دەکات و یارمەتی عێراقییەکان دەدات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان؟**

- ئەمە پرســـیارێکی باشـــە، من پێم وایە ئەم کێشـــانە بە ئاسانی چارەسەرناکرێن بە تایبەتی ئەگەر بمانەوێت چارەســـەرێکی ئاشـــتیانە بـــن، ئێمە دەزانین لە شـــوێنە جیاوازەکانی جیهاندا ئەم کێشانە بە ڕێگە و شێوازی جیاواز چارەسەرکراون، هەروەها کاتێکی زۆر دوورودرێژیشی خایاندووە، بۆ نموونە لە کەنەدا، لە سویسرا و لە بەلجیکا و هتد، کێشەکە ئەوەیە لە عێراقدا ئەو کاتە زۆرەمان لەبەردەســـتدانییە. هەروەها ترس و نیگەرانییەکەی مـــن ئەوەیە بارودۆخی عێراق پتر لە بارودۆخی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەچێت نەك لە بارودۆخی ئەو وڵاتانەی پێشتر ئاماژەم پێکردن، ئەمە ئاماژەیەکـــی مژدەبەخش نییـــە، هەروەها ئەوەی عێراق لە یوگسلافیا جیادەکاتەوە، ئەوەیە یوگســـلافیا کەوتبووە ئەورووپاوە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا ئامادەبوون هێز ڕەوانەی ئەو وڵاتە بکەن کە تا ئێســـتاش هەندێ لەو هێزانەدا بوونیـــان هەیە لەو ناوچەیـــەدا، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی ئەمەریکا شـــەکەت بوونە لە مانەوە و درێژەدان بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا و وڵاتانی ئەورووپاش ئامادەنین هێز ڕەوانەی عێراق بکەن، لەبەر ئـــەوە لـــەم ڕووەوە عێراقیـــەکان دەبێت لە نێو خۆیاندا ئەم مەســـەلانە یەکلابکەنەوە، کە ڕەنگە ئـــەم بارودۆخـــەش ئەمەریکا ناچاربـــکات پێداچونەوەیـــەك بکات و دو شت لەبەرچاوبگرێت، یەکەمیان ئەوەیە بیر لەوەبکاتەوە ئەو دەســـتکەوتە ئیجابیانەی لە هەرێمی کوردســـتاندا بەدەستهاتوون لە ناونەچـــن، دووەم ڕێگەنەدرێت ناکۆکی و ڕووبەڕوبونـــەوە لە نێـــوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕوودات.

*** ئێمە دەزانیـــن وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا دوای مێژویـــەی خوێناوی لە بەدیهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی هەوڵدەدەن ببنە ئەندامی یەکێتییەکـــی گەورەتر، واتـــە بوونیان بە بەشـــێك لەم یەکێتیە بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانـــن، بە تایبەتی بەهـــۆی بارودۆخی ئابووری سەدەی بیست و یەکەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا هەوڵنادات هەمان ئەزمون لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت ئەزمونی یەکێتـــی ئەورووپا لە ئەزموون و بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە، لەبەر ئەوەی ئەم یەکێتیە لە ئەورووپادا زیاتر لە دوای ئەزموونی تاڵ و پڕ لە کارەساتی جەنگی جیهانـــی دووەمەوە جێگیربوو، بە تایبەتی دوای ئەو هەموو تاوانەی نازییەکان ئەنجامیاندا، خاڵی دووەم ئەوەیە ئەندامانی یەکێتی ئەورووپا وڵاتگەلێکی دیموکراسین و لە ڕاستیدا یەکێتی ئەورووپا زۆر بە حەزەرە لەگـــەڵ ئەو وڵاتانە خوازیارن ببنە ئەندام، بەڵام دەوڵەتێکی دیموکراسی نین، ئەمە لە کاتێکدا لە عێراقدا لە هەرێمی کوردستاندا جۆرێك لە دیموکراســـی هەیـــە، بەڵام لە وڵاتانی دوروبەری عێراقدا دەوڵەتگەلێکی دیموکراسی بەدی ناکەین. خاڵێکی دیکە ئەوەیە وڵاتانـــی یەکێتی ئەورووپا وڵاتانی بە پیشەســـازیبوون کە ئەمـــەش بوار بۆ ئـــاڵ و گۆڕی بازرگانی زیاتر دەکات لە نێوانیانـــدا، واتە گەشـــەکردنی ئابووریش هۆکارێکە بۆ ئـــەم ئاوێتەبوونە. ئەمە لە یەککاتدا ئەمەریکا خوازیاری پاراســـتن و پەرەپێدانـــی پەیوەندیەکانییەتی لەگەڵ تورکیا و گروپە جیاوازەکانی عێراقدا، کە دەبێت لەم ڕووەوە جۆرێك لە هاوســـەنگی بهێنێتەئـــاراوە، ئەویـــش لـــە لایـــەك بە هێورکردنەوەی تورکیا و لە لایەکی دیکەوە بە کارکردن بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکانی عێراق پشـــتگیری لە مانەوەی ئەمەریکا بکەن لە وڵاتەکەدا.

**لە عێراقدا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی دێتەئاراوە، ئەمە جگە لە ئەگەر تێوەگلانی دەوڵەتانی دراوسێ**

**لە کاتێکدا ئەمەریکا پشتیوانی لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکات ئایا هەڵوێستی چی دەبێت ئەگەری شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەدا هەڵگیرسا؟**